پەیامەکانی حەق و نوور

پەیامی حەوتەم

# فەتحی نوورانی

# لە مانگی ڕەمەزان و شەوە پیرۆزەکانی



شێخ عەباس فاضل حەسەنی

وەرگێڕانی

مەلا رضوان

چاپی یەکەم

ساڵی ٢٠١٧

## پێشەکی وەرگێڕ

الحمد لله رب العالمين حمدا يوافي نعمه ويكافئ مزيده، نحمد الله على آلاه التي لا تحصي، وكيف تحصي وكنز صاحبها لا يفني، ثم الصلاة والسلام على خير حبيبه الذي شرف الدنيا بجمال وجهه، وكمال روحه، وعلى آله وأصحابه ومن اتبعهم بإحسان إلى يوم الدين .

أما بعد: خۆشەویستانم وا مانگی پڕ خێرو بەرەکەت هاتەوە، دەرگای ڕەحمەتی ئاسمان کرایەوە، دەرگای شەیتانەکانیش بەسەر ئومەت داخرایەوە، مانگی هەژاران و لێقەمەوماوان، مانگی نوورو ڕووحی دڵەکان، مانگی پەرستش و بەخشینەکان، مانگی سەرکەوتنی ستەم دیدەو بێ نەوایان یا خوا بەخێربێت ڕووناکیت هێنا بۆ گشت مرۆڤایەتی .

بەڵێ به بۆنەی ئەم مانگە پیرۆزەوە وامان بە چاکزانی کەوا کتێبی حەزرەتی شێخ عەباس حەسەنی (من أحوال رمضان وليلته المباركة) وەرگێڕینە سەر زمانی شیرینی کوردی، بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستانی خۆمان لە زانست و فەهم و ڕووحی ئەوزاتە مەزنە بێ بەش نەبن، ئێمەش لە کوردیەکەی ناومان لەو کتێبە نا (فەتحی نوورانی لە مانگی ڕەمەزان و شەوە پیرۆزەکانی) .

"خۆشەویستەکەم" هەر کاتێك ئەمانەی خوارەوەت بینی ئەمەش مەبەستەکەیتیان، تاوەکوو لە کاتی خوێندەوە لە لات ڕۆشن بێت .

١ـ هەر کاتێك لە پەراوێزا ئەمەت بینی بۆ نموونە: (ب١/ل٥٤/ژ٥٤٢) ئەوە مەبەستمان بەرگی کتێبەکەو لاپەڕەی کتێبەکەو ژمارەی فەرموودەکەیە، وە ئەگەر ئەمەشت بەرچاو کەوت (و٧٥٨ھ) ئەوە مەبەستمان ساڵی وەفاتی ئەو کەسەیە بە ساڵی کۆچی .

٢ـ پەراوێزەکانی جەنابی شێخ عەباسمان لە خوارەوە وەکوو خۆی نوسیوە، وە لەبەرامبەریدا وشەی دانەرمان داناوە، وە پەراوێزی خۆیشمان لە زۆربەی شوێنەکانا نوسیوە، بۆیە لە بەرامبەریدا وشەی وەگێڕمان داناوە .

لێرەوە دەمەوێت بڵێم: زۆر سوپاسی خوای گەورە دەکەم لەسەر وەرگێڕانی ئەم کارە مەزنە، چونکە بەسۆزو میهرەبانی خۆی لوتفی لەگەڵ کردین بۆ خزمەتکردنی ئەم ئوممەتە، ئەگینا ئێمەیەکی کەم زانست نەمان ئەتوانی ئەم خزمەتە بکەین، وە سوپاسی خۆشەویستم پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەم لە پێگەیاندنی ئەم مرۆڤە دەستەوسان و بێ دەسەڵاتە کە هیچ سنورێك بۆ بێ دەسەڵاتیەکەی نیە، وە سوپاسی حەزرەتی شێخمان (شێخ عەباس فازڵ حەسەنی) دەکەم کە منێکی هیچی پێگەیاند بۆ ڕۆژێکی وەکوو ئیمڕۆ کە

هەوڵ بدەم خزمەتی ئیسام و موسڵمانان بکەم، وە سوپاسی مامۆستای بەڕێزو خۆشەویستم مامۆستا محمد عبد الله بەرزنجی دەکەم، کە بەڕاستی زۆر هاوکارم بوو زۆرم ماندوو کرد لەکاتی وەرگێڕانەکەمدا، خوای گەورە پاداشتی بداتەوە لەسەر ئەم ماندوو بوونە، وە زۆر سوپاسی دایك و باوکی خۆشەویستم دەکەم کە زۆر هاوکارم بوون، وە هەموو شتێکیان بۆ ڕەخساندم و خزمەتیان کردم تاوەکوو ئەم کتێبە وەرگێڕم، وە سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە هاوکارم بوون لەم کارە مەزنەدا، خوای گەورە لێیان ڕازیبێت .

خزمەتکاری دین و ئوممەت

مەلا رضوان


رمضان كريم
السلام عليكم و رحمة الله و بركاته
شهر رمضان الذى انزل فيه القرآن
www.peyrovan133blogfa.com

## پێشەکی دانەر

الحمد لله الحنان المنان، رب الأرض والسماء، الذي أكرمنا بشهر الصيام، ومن علينا بليلة القدر، ليلة القرآن، وأفاض على هذه الأمة المرحومة من سحائب الرحمة والمغفرة والإحسان، والصلاة والسلام على النبي محمد، الحبيب الشفيع الخاتم، أعظم من أكرم بمنازل الأمن والإيمان والحب والمعاينة والرضوان، وعلى آل النبي الأطهار الكرام، وأصحاب رسول الله الأتقياء الأبرار، وتابيعهم بإحسان إلى يوم التناد ـ فهم السادة القادة الكرام ـ عليهم سحائب الرحمة والرضوان. آمين آمين، يا رب العالمين .

أمَّا بعدُ: ڕۆژوو گرتن لە گەورەترین ڕوکنەکانی دینە، وە پتەو ترین یاساکانی شەڕعی پیرۆزە، چونکە بەهۆی ئەوەوە دەروونی فەرمانکەر بەخراپە ڕام دەکرێت، ئەوە پێك هاتووە لە کۆمەڵێك کرداری دڵ وە لە ڕێگری کردن لە خواردن و خواردنەوەو جووت بوون بە درێژایی ڕۆژەکەی، ئەمەش جوانترین ڕەفتارە، بەڵکوو گەورەترینی خواپەرستیەکانە، وە ناخۆشترین کاریشە لەسەر دەروون، حیکمەتی خوایی وا داخوازی کردووە کەوا لە ئاسانترین کاری فەرزو واجب دەست پێ بکات ئەویش شایەت هێنانە: لا إله الا الله محمد رسول الله، ئینجا دووەمیان بە

نوێژ کردن، وه سێ یه‌میان به زه‌کات دان، ئینجا بارگرانترین دێت ئه‌ویش ڕۆژوو گرتنه، پاشان کۆتایی به زۆرترین بارگرانی دێنێت ئه‌ویش حه‌ج کردنه وه‌کوو وه‌رزشێك بۆ که‌سی بالغ و پێگه‌شتوو، پاشان خشته‌و شێوازی خواپه‌رستیه‌کان له میهره‌بانی خوای گه‌وره‌یه له‌سه‌ر به‌نده‌کانی، بۆ به‌رده‌وامی له گه‌ڕانه‌وه بۆ لای ئه‌و و ئونس و بێزار نه‌بوون، خوای گه‌وره ده‌فه‌رموویت: ﴿سَيَهۡدِيهِمۡ وَيُصۡلِحُ بَالَهُمۡ ۝٥ وَيُدۡخِلُهُمُ ٱلۡجَنَّةَ عَرَّفَهَا لَهُمۡ ۝٦﴾[١] واته: (خوای گه‌وره هیدایه‌تی ئه‌و ئیماندارانه ئه‌دات بۆ ئه‌و شتانه‌ی که سوودی بۆیان هه‌یه له دونیاو دواڕۆژ، وه کاروباره‌کانیان بۆ چاك ئه‌کات و به‌ره‌و باشتریان ئه‌بات، وه له ڕۆژی دوایشدا ئه‌یانخاته ناو به‌هه‌شته‌وه ئه‌مانیش ئه‌یناسن چونکه هه‌ر له‌دونیا وه‌سفیان بۆ کراوه که سیفه‌تی ئه‌م به‌هه‌شتانه چۆنه) .

ڕۆژوو گرتن له ڕووی زمانه‌وانیه‌وه: خۆگرتنه‌وه‌یه له شتان، وه به‌جێ هێشتنی بۆ ئه‌و، وه لێره‌دا گوتراوه: به‌بێ ده‌نگ بوون: ڕۆژوو گرتنه، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی خۆی گرتووه‌ته‌وه له قسه‌کردن، هه‌ر وه‌کوو خوای گه‌وره گێڕایته‌وه له سه‌ر زاری دایکی حه‌زره‌تی عیسا ـ علیهما السلام: ﴿إِنِّي نَذَرۡتُ لِلرَّحۡمَٰنِ صَوۡمٗا فَلَنۡ أُكَلِّمَ

[١] سورة محمد . صلى الله عليه وسلم

ٱلۡيَوۡمَ إِنسِيّٗا ﴿٢٦﴾﴾[٢] واته: (من نەزرم کردووە بۆ خوای میهرەبان کەوا بەڕۆژوو بم، بۆیە من ئیمڕۆکە هەرگیز قسە لەگەڵ هیچ کەسێکدا ناکەم) وە هەروەها بە: (الإعتدال) ناوەندێتیش گوتراوە، دەگوترێت: (صام النهار) کاتێك ڕۆژ ناوەند دەبێت و نیوەڕۆ کاتی هاتنی دادێت .

شاعیری بەناوبانگ ئیمڕوئو لقەیس فەرموویەتی:

فَدَعْ ذَا وَسَلِّ الهمَّ عَنْكَ بِجَسْرَةٍ

ذَمُولٍ إذا صَامَ النَّهَارُ وَهَجّرَا[٣]

هەر بەوجۆرەش ڕۆژوو گرتن: بە واز هێنان لە خواردن دەگوترێت، خەلیل فەرموویەتی: (صَوْمْ) هەستانە بە بێ کردەوە، وە (صام الفرس صوماً) واتە: ئەسپەکە هەستاوە سەرپێ بێ ئەوەی بەسترابێتەوە لە ئالیك.

نابیغەش فەرموویەتی:

---

[٢] سورة مريم .

[٣] الجسرة: وشترێکی بەهێزە لە ڕۆیشتندا، وە ذمول: خێرایە. وە صام النهار: نیوەڕۆ داهات، وە هجّرا: قرچەی گەرمای نیوەڕۆیە کاتێك گەرمیەکەی زۆر بوو، سەیری (دیوان إمرؤ القيس شرح السندوبي) بکە . دانەر

خَيْلٌ صِيامٌ وَخَيْلٌ غَيْرُ صَائِمَةً

تَحْتَ العَجَاجُ وأُخْرى تَعْلِكُ اللُّجُمَا[4]

بەڵام لە شەرعدا: بە واتای خۆگرتن لە نان خواردن و خواردنەوەو جووت بوون و هەموو ئەوشتانەی کە ڕۆژوو دەشکێنن دێت هەر لەکاتی بەیانیەوە تاکاتی خۆر ئاوابوون، وە لەگەڵ هێنانی نیەتیش ـ لەپێناو خوای گەورە ـ عَزَّ وَجَلَّ .

وە ناو نراوە بە (رمضان): لەبەر ئەوەی گوناهەکان تیایدا ئەسووتێن و (ئەسڕێنەوە)، ئەمەش لەبەر فەرمایشتی پێغەمبەرمان کە

---

[4] (أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن)(ب٣/ل٤١٠): هی محمد ئەمینی کوڕی محمد موختاری کوڕی عبد القادری جەنکی شەنقەیتیە (و١٣٩٣ھ). وتەی: (خيل) چاودێری ئەسپەکان، وە لە گوتنەکەیدا تاکی بۆ نیە، وە گوتراوە: تاکەکەی (خائل)ە وە کۆکەشی(خیل)، هەر وەکوو دەگوترێت: سافر وسفر(هەر دووکیان یەك واتا دەگەیێنن واتە: سەفەری کرد)، وە وتەی: (صيام) سیفەتە بۆ ئەو، وە کۆکەشی (صائم)ە، واتاکەی: بەسترابینەوە لە ئالیك خواردن (وخيل غير صائمه) واتە: کۆمەڵێکی تری ئەسپن نەبەستراونەتەوە لێی بەڵکوو ئالیك پێدراوە (تحت العجاج) واتە: تۆزو خۆڵ لە کاتی بوونی لەجەنگدا، وە کۆمەڵێکی تری ئەسپەکان(تعلك) واتە: ئالیکەکە دەجوون، (اللجما)کۆی (لجام)ە ئەو ئەلیفەی کە لەکۆتاییەکەیە زیادەیە بۆ تێرکردنی فەتحەکەو ڕێککردنی قافیەی شیعرەکەیە، بێ گومان (علك يعلك)جووی دەجوێ لە سنووری خۆی چووە ناویەوە واتە: (لاك يلوك)، وە (العِلك) بەکەسرە ئەوەی کە دەجووێندرێت لەدەمدا، بە فەتحەش مەصدەرە، کە (اللوك)ە "لەشەرعیشدا": ئاماژەیە بە خۆگرتنەوە لە خواردن و خواردنەوەو جووت بوون لەگەڵ بوونی نیەت لە هەموو ڕۆژەکەدا . با سەیری (طلبة الطلبة في الإصطلاحات الفقهية)(ل٢١) بکرێت: هی نجم الدینی کوڕی حەفسی نەسەفیە(و٥٣٧ھ). دانەر

**دەفەرمووێت: ﴿إِنَّمَا سُمِّيَ رَمَضَانَ، لِأَنَّهُ يُرْمِضُ ذُنُوبَ عِبَادِ اللهِ﴾[٥] واتە: بۆیە ناو نراوە ڕەمەزان، چونکە تاوانی بەندەکانی خوای گەورە تیایدا ئەسووتێت و ڕەش ئەبێتەوە)، لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: ﴿إِنَّمَا سُمِّيَ رَمَضَانَ، لِأَنَّ رَمَضَانَ يُرْمِضُ الذُّنُوبَ﴾[٦] واتە: (بۆیە ناو نراوە ڕەمەزان، چونکە ڕەمەزان تاوانەکان ئەسووتێنێ) .**

**عبد الله کوڕی ئیمامی عومەر (رضي الله عنهما) دەفەرمووێت: (بۆیە ناو نراوە (رمضان)، چونکە تاوانەکان تیایدا ئەسووتێن، وە لەبەر ئەوەش ناو نراوە (شوّال)، چونکە گوناهەکان بەرز دەکاتەوە هەر وەکوو چۆن حوشتر کلکی خۆی بەرزدەکاتەوە[٧] ـ واتای (تُرْمَضُ): ئەسووتێنرێت، ئەگەر (مبنی**

---

[٥] سەیری (مفاتیح الغیب)(ب٥/ل٧١) بکە: هی ئیمامی فخر الدین محمدی کوڕی عومەر خەتیبی ڕازی (و٦٠٦ھ) . دانەر

[٦] ئیبن مەردەوەیهی و ئەسبەهانی ڕیوایەتیان کردووە: سەیری (الترغیب والترهیب) وە (الدر المنثور)(ب١/ل٤٤٤)بکە: هی عبد الرحمن کوڕی کەمالی جلال الدینی سویوتی (و٩١١ھ) . دانەر

[٧] عەلی کوڕی حەسەنی کوڕی هبة الله کوڕی عەساکری دیمەشقی ڕیوایەتی کردووە لە (تاریخەکەی)(و٥٧١ھ)، وە باسەیری (الدر المنثور)(ب١/ل٤٤٤) بکرێت، عەللامەی اسماعیل حەقی بۆرسەوی (و١١٣٧ھ) لە (روح البیان)(ب٥/ل٣٩) دەفەرمووێت: لە "شرح التقویم"دا فەرموویەتی: ئەوە لە (شَوْلَ)ەوە هاتووە کە نزمی پلەی گەرمیە لە کارکردن و خزمەتکردندا، بۆیەش نانراوە بەوە لەبەر دەرچوونی مرۆڤ لە پێچەوانەکردنی نەفسی فەرمانکەر بەخراپەو بنەبڕکردنی ئارەزووەکان، کە ئەم دووانە لە مرۆڤدا لەکاتی ڕەمەزان چێژەکان و ئارەزووەکانی ڕامکردووەو لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدایە، ئیتر لەم کاتەدا لەمانە دەرئەچێ و هەست بە حەسانەوەیەکی دەروونی دەکات . دانەر

لـلمجهول) بێت، واتای (يُشَوِّلُ الذُّنُوبَ) گوناهەکان بەرز دەکاتەوە، وە (تُشَوِّلُ ذَنَبَها) کلکی بەرز دەکاتەوە .

"بزانە خۆشەویستەکەم": کەوا بە ڕۆژوو بوون فەڕزو واجیبە لەسەر هەموو کەسێکی (مُكَلَّفْ) بەرپرسیار، واتە: عاقڵ و پێگەیشتوو لە ئافرەتان و پیاوان کە توانای هەبێت بۆ بەڕۆژوو بوون .

ئەوە فەڕزکراوە، بە بەڵگەی قورئان و سوننەت و یەکدەنگی ئوممەت، هەرچی قورئانە: خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٨٣﴾[٨] واتە: (فەڕزکراوە لەسەرتان کەوا بەڕۆژوو بن، هەر وەکوو چۆن فەڕزکرا بەسەر میللەتەکانی پێش ئێوە، ئەم ڕۆژوو گرتنەش بۆیە فەڕزکرا تاوەکوو تەقوای خوا بکەن و بەو کارە مەزنە لە خوای گەورە نزیك ببنەوە)، وە بەڵگەی سوننەتیش، ئەوە فەرموودە زۆرن، لەوانە وتەی پێغەمبەری خوا ﷺ (بُنِيَ الإِسْلامُ عَلَى خَمْسٍ، شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَهَ اِلاَّ اللهَ وَأَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللهِ، وَإِقَامَ

[٨] سورة البقرة .

**الصَّلَاةِ، وَإِيتَاءَ الزَّكَاةِ، وَصَوْمِ رَمَضَانَ، وَحَجِّ البَيْتِ)**[9] واته: (ئاینی ئیسلام لەسەر پێنچ پایە بنیات نراوە، شایەتوومان هێنان کە هیچ خودایەك نیە کەشایەنی پەرستن بێت تەنها الله نەبێت، وە محمدیش پێغەمبەری خودایە ﷺ، وە جێ بەجێ کردنی نوێژ، زەکات دان، بەڕۆژوو بوونی مانگی ڕەمەزان، حەج کردن ئەگەر توانای هەبێت)، وە لەوانە کە دەفەرمووێت: **(إِذَا رَأَيْتُمُ الهِلالَ فَصُومُوا، وَإِذَا رَأَيْتُمُوهُ فَأَفْطِرُوا، فَإِنْ غُمَّ عَلَيْكُمْ فَصُومُوا ثَلَاثِينَ يَوْماً)**[10] واتە: (هەر کاتێك مانگی یەکشەوەی سەرەتای ڕەمەزانتان بینی ئەوە بەڕۆژوو بن، وە کاتێکیش لە کۆتایی مانگی ڕەمەزان جارێکی تر مانگی یەکشەوەتان بینیەوە ئەوە ڕۆژووەکەتان بشکێنن بیکەنە جەژن، وە ئەگەر مانگیشتان لێ بزر بوو نەتان ئەزانی کە ئایە بەیانیەکەی ڕەمەزانە یاخود جەژنە ئەوە سی ڕۆژی مانگی ڕەمەزان

---

[9] ئەبو عبد الله محمدی کوڕی إسماعیلی بوخاری جوعفی (و٢٥٦ھ) لە (صحیح البخاری)(ژ٨): کتاب الإیمان ـ باب بني الإسلام علی خمس. وە ئەبو حەسەن موسلمی کوڕی حەججاجی قوشەیری (و٢٦١ھ) لە (صحیح المسلم)(ژ١١٣): کتاب الإیمان ـ باب بیان أرکان الإسلام ودعائمە العظام، ڕیوایەتیان کردووە . دانەر

[10] موسلم لە (صحیح المسلم)(ژ٢٥١٠): کتاب الصیام ـ باب وجوب صوم رمضان لرؤیة الهلال، والفطر لرؤیة الهلال. وە ئەحمدی کوڕی شوعەیب ئەبو عبد الرحمن نەسائی (و٣٠٣ھ) لە (سنن الکبری)(ژ٢٤٢٩): کتاب الصیام ـ ذکر الإختلاف علی الزهري في هذا الحدیث. وە ئەبو عبد الله محمدی کوڕی یەزیدی قەزوینی (و٢٧٥ھ) لە (سنن ابن ماجة)(ژ١٦٥٥): کتاب الصیام ـ باب ماجاء في صوموا لرؤیتە وافطروا لرؤیتە، ڕیوایەتیان کردووە . دانەر

تەواو کەن و بەڕۆژوو بن) وە دەفەرموویێت: (إِنَّ اللّهَ فَرَضَ صِيَامَ رَمَضَانَ عَلَيْكُمْ، وَسَنَنْتُ لَكُمْ قِيَامَهُ، فَمَنْ صَامَهُ وَقَامَهُ إِيمَاناً وَاحْتِسَاباً خَرَجَ مِنْ ذُنُوبِهِ كَيَوْمِ وَلَدَتْهُ أُمُّهُ)[١١] واتە: (خوای گەورە ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانی لەسەر ئێوە فەڕز کردووە، وە منیش شەوەکانی ڕەمەزانم وەکوو سوونەتێك بۆ ئێوە داناوە بۆ خواپەرستی کردن لە شەوەکانیدا، جا هەر کەسێك بەڕۆژوو بێت و شەوەکانیش خواپەرستی تیا بکات بە ئیمانەوەش ئەم کارانە بکات وە پاداشتەکەشی هەر لەسەر خوا حیساب و هەژمار بکات، ئەوە لە هەموو تاوانەکانی پاك دەبێتەوەو دەرئەچێت، هەر وەکوو ئەو ڕۆژەی کە لە دایکی دەبێت) .

وە سەبارەت بەیەکدەنگی ئوممەتیش: ئەوە زانراوە کەوا ئوممەتی ئیسلام لە پێشینەو پاشینە یەکدەنگن لەسەر فەڕز بوونی، وە هیچ یەکێکیش لە موسڵمانان پێچەوانەی نەجوولاوەتەوە، هەر وەکوو لە پێشدا باسکرا کە یەکێکە لە ڕوکنەکانی دین ـ جا هەر کەسێك نکۆڵی لەسەر فەڕز بوونی بکات ئەوە کوفری کردووە، مادەم

[١١] نەسائی لە (سنن النسائی)(ژ٢٢١٠): کتاب الصيام ـ باب ذكر اختلاف يحي بن أبي كثير والنضر بن شيبان فيه. وە ئیبن و ماجە لە (سنن ابن ماجه)(ژ١٣٢٨): كتاب إقامة الصلاة والسنة فيها . باب ما جاء في قيام شهر رمضان . وە ئەحمەدی کوڕی حەنبەلی شەیبانی (و٢٤١هـ) لە (مسند أحمد)(ب٢/ل٣٠٦/ژ١٦٦٠)، أحمد محمد شاكر دەفەرموویێت: سەنەدەکەی سەحیحە . دانەر

ئیسلامەتیەکەی تازە نەبوو بێت، یاخود لە دووری زانایان پێگەیشتبێت .

وە لەبارەی وتەی خوای گەورەشەوە ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٨٣﴾ ئەوە یەکێك لە واتا پیرۆزەکانی ئەوەیە: فەرمانی پەروەردگارە بۆ دۆستەکانی ـ جَلَّ وَعُلا، لەبەر ئەوەی ڕستەکە بە ﴿يَـٰٓ﴾: (ئەی) لە خۆگرتووە، ئەوەش پیتی بانگ کردنە، هەر وەکوو زانراوە لای زاناکانی زمانەوانی، وە ﴿أَيُّهَا﴾: (خەڵکینە) ئاگادار کردنەوەی بەندەیە لە لایەن خوای حەقەوە، پاشان ﴿ءَامَنُواْ﴾: (ئەوانەی بڕوایان هێناوە) ئەوەش شاهێدی پەروەردگارە ـ جَلَّ وَعُلا، بۆ دۆستەکانی ـ بۆ ئەهلی ڕەحمەتەکەی وە ئەهلی بەهەشتەکەی، جا بانگ کردن و ئاگادار کردنەوەو شاهێدی دان، "چاودێری گشتیە ئەمەش لە تایبەتمەندی میهرەبانیەکەیەتی"، بۆیە کاتێك بەندە ئەو فەرمانە جێ بەجێ دەکات:– خوای گەورەش ئەیخاتە نێو بەهەشتەوە بەبێ لێ پرسینەوە، وە لە چاکەو بەخششی خۆیشی بەسەریا زیاد ئەکات . خوایەگیان یارمەتیمان بدە بۆ ئەم کارە. ئامین .

ئیمام جەعفەری سادق (علیه السلام) دەفەرموویت: چێژ لە بانگکردنا ماندوویی و شەکەتی خواپەرستی لا ئەبات .

ـ ئاماژە بەوە دەکات کەوا کەسی خۆشەویست پەلە دەکات بۆ جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی خۆشەویستەکەی، هەتاوەکوو گەر فەرمانیشی پێ بکات بە خۆ خستنە نێو ئاگرەوە .

هەندێکیشیان وتوویانە: ﴿يَآ﴾، پیتی بانگ کردنە، ئەوە بانگ کردنی خۆشەویستە بۆ خۆشەویست، وە ﴿أَيُّهَا﴾، ئاگادار کردنەوەی خۆشەویستە بۆ خۆشەویست، وە ﴿ءَامَنُواْ﴾، شاهێدی خۆشەویستە بۆ خۆشەویست [12].

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ﴾، "بزانە ئەی خۆشەویستەکەم": یەکێك لە لێدەرەکانی زمانەوانی ئەوەیە: (باسی ئەو دەقە قورئانیە دەکرێت و مەبەستیش پێی گشت واتاکانیەتی): حەقیقەت و مەجاز و گومان پێ بردنی زمانەوانی، ئەمەش یەکێکە لە "سایەو سێبەری ماناکان"، یاخود "نهێنی ئاماژەکانی ڕەوانبێژییە" کە ئەمەش "نهێنی ئیعجازی قورئانی پیرۆزو پێش برکێ کەیەتی" خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَمَا يَعۡلَمُ

[12] (تفسیر روح البیان)(ب١/ل٢٨٩) . دانەر

تَأۡوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُۗ وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلّٞ مِّنۡ عِندِ رَبِّنَاۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ۝٧﴾[١٣] واته: (جگه له خوای گەورەو زانا ڕۆچووەکان له زانست نەبێت کەسێکی تر به مەبەست و واتای ڕاستەقینەی ئەم ئایەتانە نازانێت و پەی پیٚ نابات، وه زانا ڕۆچووەکان له زانست دەفەرموون: بڕوامان هەیه به هەموو ئەو ئایەتانەی که لای خوای پەروەردگارمانەوه دابەزێنراوه، وه هیچ کەسێکیش بیر ناکاتەوه تەنها ئەوانە نەبن که خاوەن عەقڵ و ژیرین)، عەللامەی ئیبن و کەسیر له "تەفسیرەکەیدا" دەفەرمووێت: وەرگێڕی قورئان عبد الله[١٤] کوڕی عەباس (رضي الله عنهما) دەفەرمووێت: "من لەو زانا ڕۆچووانەم که دەزانن مەبەست و واتای ئەو ئایەتانە چیه" وه موجاهدیش دەفەرمووێت: "ڕۆچووەکان له زانست ئەوانەن مەبەست و واتای ئەو ئایەتانە دەزانن، وه دەفەرموون: بڕوامان هەیه بەو ئایەتانە[١٥]، لەبەر وتەی خوای گەورە ﴿وَلَوۡ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنۡهُمۡ لَعَلِمَهُ

---

١٣ سورة آل عمران .

١٤ وەرگێڕی قورئان عبد الله: ئەو زیادەیه هی دانەره، هەر وەکوو له فەرموودەدا هاتووه: کەوا پێغەمبەری خوا دوعای بۆ ئیبن و عەباس کردووەو فەرموویەتی: خوایه شارەزای دینی بکه، وه فێری واتاو مەبەستیشی بکه . دانەر

١٥ (تفسير ابن كثير)(ب١/ل٣٤٧): هی ئەبو فیداء إسماعیلی کوڕی عومەری کوڕی کەسیره (و٧٧٤ه) . دانەر

ٱلَّذِينَ يَسۡتَنۢبِطُونَهُۥ مِنۡهُمۡۗ وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ لَٱتَّبَعۡتُمُ ٱلشَّيۡطَٰنَ إِلَّا قَلِيلٗا ﴿٨٣﴾[١٦] واته: (خۆ ئەگەر بێت و کاروبارو ئەو هەواڵ و باس و خواسانەیان بۆ لای پێغەمبەری خواو کاربەدەستانی خۆیان بگەڕێندرابایەوە، ئەوە ئەوان نهێنی ڕازو مەبەستەکانی ئەو کارو هەواڵانەیان لەزانستدا هەڵ ئەهێنجاو دەریان ئەهێنا، جا ئەگەر لەبەر بەخشش و چاکەو میهرەبانی خوای گەورە نەبایە کە بە ئێوەی بەخشیوە، ئەوە زۆربەتان بەدوای شەیتان دەکەوتن تەنها کەمێکتان نەبێت کە دوای نەدەکەوت)، واتای ﴿يَسۡتَنۢبِطُونَهُۥ﴾ ئەوەیە: کەوا دەری ئەهێنن لە کانەکانی خۆی، دەگوترێت: "إستنْبَطَ الرَجُل العَينَ" واتە: "پیاوەکە چاوی خۆی دەرهێنا" ئەگەر بیکۆڵێتەوەو دەری بهێنێ لە ناوەوە .

ـ جا کەواتە: دەقی ﴿كُتِبَ﴾ ئەوە لە نێوان فەرمان، و زانست، و نزیکیدایە .

چۆنیەتی فەرمانەکە یاخود واجیبەکە، لە وتەی خوای گەورەدایە: ﴿كُتِبَ﴾ واتە: "فەرز کرا" وەکوو وتەی خوای گەورە:

---

[١٦] سورة النساء .

﴿سُورَةٌ أَنزَلْنَاهَا وَفَرَضْنَاهَا ۝١﴾[١٧]، واته: (فەڕزمان کردووە کە کار بەو ئەحکامانە بکرێت کە لەم سوورەتەدا هەیە) .

لە عبد الله کوڕی عەباسەوە (رضي الله عنهما) ڕیوایەت کراوە کەوا کاتێك پێغەمبەری خوا موعازی کوڕی جەبەلی ڕەوانەی یەمەن کرد پێی فەرموو: (إِنَّكَ تَقْدَمُ عَلَى قَوْمٍ أَهْلِ كِتَابٍ، فَلْيَكُنْ أَوَّلَ مَاتَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ عِبَادَةُ اللهِ، فَإِذَا عَرَفُوا اللهَ فَأَخْبِرْهُمْ أَنَّ اللهَ قَدْ فَرَضَ عَلَيْهِم خَمْسَ صَلَوَاتٍ فِي يَوْمِهِمْ وَلَيْلَتِهِمْ، فَإِذَا فَعَلُوا فَأَخْبِرْهُمْ أَنَّ اللهَ فَرَضَ عَلَيْهِمْ زَكَاةً مِنْ أَمْوالِهِمْ وَتُرَدُّ عَلَى فُقَرائِهِمْ، فَإِذَا أَطَاعُوا بِهَا فَخُذْ مِنْهُمْ، وَتَوَقَّ كَرَائِمَ أَمْوالِ النَّاسِ)[١٨] واتە: (تۆ ئەچیتە لای گەلێکی خاوەن کتێب و پێیان ئەگەیت و بانگیان بکە بۆ خواپەرستی، جا ئەگەر خوایان ناسی ئەوە پێیان بڵێ: کەوا خوای گەورە پێنج نوێژی لەشەوو ڕۆژێکدا لەسەریان فەڕز کردووە، جا ئەگەر ئەوەیان کرد ئەوە پێیان بڵێ: کەوا خوای گەورە زەکاتدانی لەسەر فەڕز کردوون کە لە دەوڵەمەندەکانیان وەردەگیرێت و ئەدرێتەوە هەژارەکانیان، جا ئەگەر گوێڕاڵەیی

---

[١٧] سورة النور .

[١٨] بوخاری لە (صحیح البخاری)(ژ١٤٥٨، ١٣٩٥، ١٤٩٦، ٢٤٤٨، ٧٣٧١، ٧٣٧٢): کتاب الزکاة ـ باب لا تؤخذ کرائم أموال الناس في الصدقة. وە موسلم لە (صحیح المسلم)(ژ١٢١): کتاب الإیمان ـ باب الدعاء إلى شهادتین وشرائع الإسلام، ڕیوایەتیان کردووە. دانەر

ئەمەیان کرد ئەوە زەکاتەکانیان لیٚ وەرگرەو خۆشت بپاریٚزە لە وەرگرتنی ماڵە بەنرخ وگران بەهاکانیان) .

ـ پیٚغەمبەری خوا دەفەرموویٚت: (أَتَاكُمْ رَمَضَانُ شَهْرٌ مُبَارَكٌ، فَرَضَ اللهُ ـ عَزَّ وَجَلَّ، عَلَيْكُمْ صِيَامَهُ، تُفْتَحُ فِيهِ أَبْوابُ السَّمَاءِ، وَتُغْلَقُ فِيهِ أَبْوابُ الجَحِيمِ، وَتُغَلُّ فِيهِ مَرَدَةُ الشَّيَاطِينِ، لِلَّهِ فِيهِ لَيْلَةٌ خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ شَهْرٍ، مَنْ حُرِمَ خَيْرُهَا فَقَدْ حُرِمَ)[١٩] واتە: (ئەوە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزتان بۆ هات، خوای گەورە فەڕزی کردووە لەسەرتان کە ڕۆژەکەی تیایدا بەڕۆژوو بن، وە دەرگاکانی ئاسمانیش لەم مانگەدا ئەکریٚنەوەو دەرگاکانی دۆزەخیش دادەخریٚن، وە شەیتانەکانیش تیایدا کۆت و زنجیر دەکریٚن، شەویٚکی تیٚدایە پاداشتی خواپەرستی شەوەکە چاکترە لە پاداشتی خواپەرستی هەزار مانگی غەیری ئەم شەوە، جا هەر کەسیٚك لەم پاداشتە گەورەیە بیٚ بەش بیٚت ئەوە پاداشتیٚکی زۆری لە دەستداوە)

.

[١٩] نەسائی ڕیوایەتی کردووە لە (سنن الكبرى)(ژ٢٤١٦) وە لە (سنن النسائی)(ژ٢١٠٦): كتاب الصيام ـ ذكرالإختلاف على معمر فيه، أحمد محمد شاكر دەفەرموویٚت: سەنەدەکەی سەحیحە، با سەیری (مسند أحمد)(ب٧/ل٦،٧/ژ٧١٤٨) بکریٚت. دانەر

بەڵام سەبارەت بە دەستەواژەی زانست، لە وتەی خوای گەورە ﴿كُتِبَ﴾ ئەوە:- دەقێکی ئاشکرای کیتابە، کە ئەو "زانستەیە" لەو کتێبە وەردەگیرێ، هەر وەکوو خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿قَالَ ٱلَّذِى عِندَهُۥ عِلۡمٌ مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِ ﴿٤٠﴾﴾[20] واتە: (ئەو کەسەی کە بەشێك لە زانستێکی نهێنی کیتابی پێ بەخشرابوو کە ئاسەفی کوڕی بەرخیا بوو فەرمووی)، خۆشەویستیشمان دەفەرموویێت: (مَنْ صَامَ رَمَضَانَ وَعَرَفَ حُدُودَهُ، وَتَحَفَّظَ مِمَّا كَانَ يَنْبَغِي لَهُ أَنْ يَتَحَفَّظَ فِيهِ كَفَّرَ مَا قَبْلَهُ)[21] وتەی (مَنْ صَامَ رَمَضَانَ) مەبەست بەو ڕۆژوو گرتنەیە کە کارەکەی وایە بەنیەت پاکی ئەنجام دراوەو سەلامەتیشە لە ڕیاو شتە پیسەکان) وتەی (وَعَرَفَ حُدُودَهُ) ناسینی ئەم سنوورانە لە دینا هەموو ئەو دەقانە دەگرێتەوە کە لە کتێبەکەی خوای گەورەو سونەتی پێغەمبەرەکەیدا ﷺ هاتووە، ئینجا جارێ وا دەبێت ئەم ناسینە دەبێتە (فەرزو عەین)، وە جاری واش هەیە دەبێتە (فەرزو کیفایە)، بۆیە خوای گەورە سەرزەنشتی

---

[20] سورة النمل .

[21] ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب١٠/ل١٧٢/ژ١١٤٦٢): حەمزە ئەحمەد زەین دەفەرموویێت: سەنەدەکەی حەسەنە. وە ابن حبان لە (صحيح ابن حبان بترتيب ابن بلبان)(ب٨/ل٢١٩/ژ٣٤٣٣): هی ئەبو حاتەم محمدی کوڕی حیبانی کوڕی ئەحمدی تەمیمی بوستیە (و٣٥٤ھ). وە بەیهەقی لە (سنن الكبرى)(ب٤/ل٣٠٤/ژ٨٥٠٥) ڕیوایەتیان کردووە . دانەر

ئەو کەسانە دەکات کە ئەو سنوورانە ناناسن، ئەوەش بە وتەی خوای گەورە کە دەفەرموویت: ﴿ٱلۡأَعۡرَابُ أَشَدُّ كُفۡرٗا وَنِفَاقٗا وَأَجۡدَرُ أَلَّا يَعۡلَمُواْ حُدُودَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ٩٧﴾[22] وتەی ﴿ٱلۡأَعۡرَابُ أَشَدُّ كُفۡرٗا وَنِفَاقٗا﴾ واتە: (عەرەبە دەشتەکیەکان بیٚ باوەڕی و دووڕوویەکەیان توندترو بەهیٚزترە لە عەرەبە شارنشینەکان، ئەوەش بەهۆی وشکی و دڵ ڕەقیان، وە بەهۆی کەم بینین و تیٚکەڵاوی زاناکان و کەسانی باش و چاکە خواز، هەر وەکوو پیٚغەمبەرﷺ دەفەرموویت: (وَالجَفَاءُ وَغِلَظُ القُلُوبِ فِي الفَدَّادِينَ)[23] واتە: (وشکی و دڵ ڕەقی لە کەسە شوان و وشترەوانەکانە، بە هۆی دووربوونیانەوە لە دین) .

وتەی ﴿وَأَجۡدَرُ أَلَّا يَعۡلَمُواْ حُدُودَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦۗ﴾ واتە: (ئەوانە شایانترن کەوا ئەو سنوورانە نەزانن کە خوای گەورە دایبەزاندووە بۆ سەر پیٚغەمبەرﷺ لە ئەحکامەکان و شەریعەتەوە، ئەوەش فەرزەکانی خوای گەورەو فەرمان و قەدەغەکراوەکانیٚتی، ﴿وَٱللَّهُ

---

[22] سورة التوبة .

[23] ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ٤٠٣٦): كتاب المغازي ـ باب قدوم الأشعريين وأهل اليمن، وە بە دەقیٚکی ترلای بوخاری (ژ٤٨٩١): كتاب الطلاق ـ باب اللعان . وە ئیمامی موسلم لە (صحيح المسلم)(ژ٧٢): كتاب الإيمان ـ باب تفاضل أهل الإيمان فيه ورجحان أهل اليمن فيه (وَإِنَ القَسْوَةَ وَغِلَظُ القُلُوبِ فِي الفَدَّادِينَ)

﴿عَلِيمٌ﴾ وە خوای گەورە زانایە بە کاروباری بوونەوەرانی خۆی، ﴿حَكِيمٌ﴾ وە داناشە بەوەی کە بۆیان بڕیار ئەدات) .

وە دەستەواژەی نزیکیش: هەر وەکوو لە کتێبی بوخاری و موسلیم دا لە ئەبو هورەیرەوە گێردراوەتەوە کەوا پێغەمبەری خوا دەفەرمووێت: (قَالَ اللهُ: كُلُّ عَمَلِ ابْنِ آدَمَ لَهُ إِلاَّ الصِّيَامَ فَإِنَّهُ لِي وَأَنَا أَجْزِي بِهِ، وَالصِّيَامُ جُنَّةٌ، وَإِذَا كَانَ يَوْمُ صَوْمِ أَحَدِكُمْ فَلا يَرْفُثْ، وَلا يَصْخَبْ، فَإِنْ سَابَّهُ أَحَدٌ أَوْ قَاتَلَهُ فَلْيَقُلْ إِنِّي امْرُؤٌ صَائِمٌ، وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لَخَلُوفُ فَمِ الصَّائِمِ أَطْيَبُ عِنْدَ اللهِ مِنْ رِيحِ الْمِسْكِ، لِلصَّائِمِ فَرْحَتَانِ يَفْرَحُهُمَا إِذَا أَفْطَرَ فَرِحَ، وَإِذَا لَقِيَ رَبَّهُ فَرِحَ بِصَوْمِهِ)[٢٤] واتە: (خوای گەورە دەفەرمووێت: هەموو کردەوەکانی ئادەمیزاد بۆ خۆیەتی تەنها ڕۆژووگرتن نەبێت کە بۆ منە و هەر خۆشم پادەشتەکەی ئەدەم، وە ڕۆژووگرتن قەڵغانێکە، جا ئەگەر کەسێك لە ئێوەی بەڕۆژوو بوو با قسەی خراپ نەکات و جوێن نەدات، و دەنگی خۆشی بەرز نەکات، جا ئەگەر کەسێك جوێنی پێدا یاخود شەڕی لەگەڵ کرد با پێی بڵێت من بە ڕۆژووم، سوێند

[٢٤] ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ١٩٠٤): كتاب الصوم ـ باب هل يقول: صائم إذا شتم. وە ئیمامی موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ١١٥١): كتاب الصيام ـ باب ماجاء في فضل الصوم. وە محمدی کوڕی عیسای ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٧٦٤): كتاب الصوم ـ باب ما جاء في فضل الصوم. وە نەسائی لە (سنن النسائي)(ژ٢٢١٦): كتاب الصيام ـ ذكر الأختلاف على أبي صالح في هذا الحديث . ڕیوایەتیان کردووە . دانەر

بەو کەسەی کە گیانی منی بە دەستە بۆنە پیسەکەی دەمی ڕۆژووەوان لای خوای گەورە خۆشەویستر‌ە لە بۆنی میسك، وە بۆ کەسی ڕۆژووگریش دوو خۆشی هەیە یەکێکیان کاتی ئێوارەکە کە ڕۆژوو ئەشکێنێ و فتار ئەکاتەوە، ئەوەکەی تریش کاتێك بە خوای گەورە دەگات لە ڕۆژی دوایی ئەمیش دڵی خۆشە بە ڕۆژووەکەی)، وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَخَلُوفُ فَمِ الصَّائِمِ أَطْيَبُ عِنْدَ اللهِ مِنْ رِيحِ المِسْكِ، إِنَّمَا يَذَرُ شَهْوَتَهُ وَطَعَامَهُ وَشَرَابَهُ مِنْ أَجْلِي، فَالصِّيَامُ لِي، وَأَنَاْ أَجْزِي بِهِ، كُلُّ حَسَنَةٍ بِعَشْرِ أَمْثَالِهَا، إِلَى سَبْعِمِائَةَ ضِعْفٍ، إِلاَّ الصِّيَامَ فَهُوَ لِي، وَأَنَاْ أَجْزِي بِهِ)[٢٥] واتە: (سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بە دەستە بۆنە پیسەکەی دەمی ڕۆژووەوان لای خوای گەورە خۆشەویستر‌ە لە بۆنی میسك، چونکە لە کاتێك ئەو بەندەیەم واز لە ئارەزو خواردن و خواردنەوە دەهێنێت لەبەر من، بۆیە ڕۆژووگرتن بۆ منە، هەر خۆشم پاداشتەکەی ئەدەم، هەموو چاکەیەك بەرامبەر بە دە چاکەیە تا دەگاتە حەفسەد تەنها ڕۆژوو نەبێت ئەوە بۆ منەو هەر خۆشم پاداشتەکەی ئەدەم)، ئەبو خەیری تاڵقانی (رضي الله عنه) باسی

---

[٢٥] ئیمامی موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ١١٥١): كتاب الصيام ـ باب ماجاء في فضل الصوم. وە ئیمام ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ژ٩٧١٢). وە بەیهەقی لە (سنن الكبرى البيهقي)(ب٤/ل٢٧٣/ژ٨٣١٠) ڕیوایەتیان کردووە . دانەر

کردووه: کەوا ئەم فەرمایشتە پیرۆزە پەنجاو پێنچ وتەی لەسەر گوتراوە، جا لە هەموویان چاکتر دوو وتەیە: یەکێکیان کە بە ناوبانگە ئەوەیە: هەر چاکەیەك بەرامبەر بە دە چاکەیە تا دەگاتە حەفسەد تەنها ڕۆژوو نەبێت .

دووەم: ئەوە لە ڕۆژی دواییدا دوژمنەکانی پەیوەندی بە هەموو کردەوەکانی ئەکەن تەنها ڕۆژوو نەبێت کە هیچ ڕێگایەکیان بۆ نیە لەسەری چونکە ئەوە بۆ خوایە، جا ئەگەر هیچ کردەوەیەکی چاك نەما تەنها ڕۆژوو نەبێت ئەو کاتە خوای گەورە ئەو ستەمانەی کە ماوە خۆی بەرپرسیاریەتەکەی هەڵدەگرێ و ئەیخاتە نێو بەهەشتەوە بەهۆی ڕۆژوو گرتنەوە ـ ئەوە سوفیانی کوڕی عویەینە فەرموویەتی(رضي الله عنه)[26] .

عەلـلامەی دمیاتیش (رضي الله عنه) لە "الإعانه"دا دەفەرمووێت: (بۆیە ڕوژووگرتنی تایبەت کردووە بە خۆی (سبحانه وتعالی) لەبەر ئەوەی هیچ کەسێك لە تینوو برسیەتی نزیك نابێتەوە تەنها بۆ خوا نەبێت، وە لەبەر ئەوەی جێگای گومان بردنی ئیخلاس و نیەت پاکیە لەبەر شاراوەییەکەی جیا لە گشت

[26] (البدر المنیر)(ب١/ل٦٩٥): هی ئەبو حەفس سیڕاج الدین عومەری کوڕی عەلی کوڕی ئەحمەدی ئەنساڕی شافعیە کە بەناوبانگە بە ئیبن و مولەققەن (و٨٠٤هـ) . دانەر

پەرستشەکانی تر، لەبەر ئەوەی کردەوەکانی ئاشکران خەڵکان ئەیبینن، جا دەکرێ ڕیاکاری زۆرتر تێدا بێت .

منیش دەڵێم: ئەوە پلیکانەی ڕووحە بۆ جیهانی پیرۆزی سەرەوە، وە سەیرکردنی جەمالی جوانی مەزنە، خوای گەورە بە زاتی خۆی سەرپەرشتی "پاداشت دانەکە" ئەکات، چونکە بەڕاستی پاداشتەکەی یاسای ئەندازەو ژماردنی بەزاندووە، مانای پاداشتەکەی چاوپێکەوتنی من و ڕەزامەندی منە، واتە: بینینی من لە ڕۆژی دوایی، وە ناسینیشم لە دونیا، هەر وەکوو دەفەرمووێت: ﴿وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ جَنَّتَانِ ۝٤٦﴾[٢٧] واتە: (ئەو کەسەی کە ترسی خواو چاوپێکەوتنی بەردەم ئەوی هەیە دوو بەهەشتی بۆ هەیە، یەکێکیان بەهەشتی ناسین و ئونسی ئەوە لە دونیا، ئەوەکەی تریش بەهەشت و بینین و ڕەزامەندی ئەوە لە ڕۆژی دواییدا)، هەر وەکوو فەرموویەتی: ﴿فَرَوْحٌ وَرَيْحَانٌ وَجَنَّتُ نَعِيمٍ ۝٨٩﴾[٢٨] واتە: (ئەو کەسە بەهەشانێکی پڕ لە نازو نیعمەت، وە حەوانەوەو پشوودان و ڕۆزیەکی چاکی بۆ دەبێت و پێی دەبەخشرێت)، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَرِضْوَانٌ مِّنَ ٱللَّهِ أَكْبَرُ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ

---

[٢٧] سورة الرحمن .

[٢٨] سورة الواقعة .

﴾٧٢﴿[٢٩] واته: (ئەو ئیماندارانە لەگەڵ چوونە نێو بەهەشتیانەوە خوای گەورە ڕەزامەندی خۆی پێیان ئەبەخشێت کە هەر ئەمەش لە هەموو بەخششەکان گەورەترە، بە ڕاستی ئەمانەی کە باسکرا سەرکەوتنێکی زۆر مەزن و گەورەیە) .

جَنَّاتُ ذِكْرَكَ فِي الفُؤَادِ مَعَالِمٌ        وَمَعَانِي حُبِّكَ لِلجِنَانِ حَنَانُ

وَوِدَادُ حُبِّكَ لِلجِنَانِ مَحَاسِنٌ        تَبْقَى وَحُبِّكَ لِلنَّعِيمِ جِنَانُ

واتە: بەهەشتەکانی زیکری تۆ لە دڵ مەشخەڵێکن، وە ماناکانی خۆشەویستیت بۆ بەهەشتەکان سۆزێکن، ئەوینی خۆشەویستیت بۆ بە هەشتەکان چاکەیەکن، ئەمێنێتەوە لەگەڵ خۆشەویستیت لە بە هەشتە پڕنازوو نیعمەتەکان .

کەسە زانستخوازەکان دەفەرموون: هەموو پاداشتێك ئەندازەکەی دەکێشرێت و پێوانە دەکرێت تەنها ڕۆژوو نەبێت پاداشتەکەی بە مشتەکۆڵەو ناو دەست ئەیدرێت و بەسەریا ئەیرێژێ، هەر بۆیەش ئیمام مالك (رحمه الله) دەفەرمووێت: (ئەوە ئارام گرتنە لەسەر برسیەتیەکانی دونیاو غەم و پەژارەکانی، گومانی تێدا نیە کەوا هەموو کەسێك سەلامەت و بێوەیی بێت لەو

---

[٢٩] سورة التوبة .

بەلاَّیانەی کە تووشی ئەبێت، وە وازی لەوەش هێنا کە لێی قەدەکراوە ئەوە ئەندازە بۆ پاداشتەکەی نیە، وە ئاماژەی بە ڕۆژوو کردووە کەوا لەو دەرگایەیە ئەگەرچی با هەمووشی نەبێت)[٣٠] .

ئیمامی بەیهەقی لە عبد الله کوڕی باوکی ئەوفاوە ڕیوایەتی کردووە کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویێت: (نَوْمُ الصَّائِمِ عِبَادَةٌ، وَنَفَسُهُ تَسْبِيحٌ)، وَبِلَفْظٍ (وَصُمْتُهُ تَسْبِيحٌ)، وَدُعَاءُهُ مُسْتَجَابٌ، وَذَنْبُهُ مَغْفُورٌ، وَعَمَلُهُ مُضَاعَفٌ)[٣١] واتە: (ڕۆژووگر نوستنەکەی خواپەرستیە، وە هەناسەدانەکەشی تەسبیحاتە)، وە لە دەقێکی تردا ئەوە هاتووە کە (بێ دەنگ بوونەکەی تەسبیحاتە)، وە پاڕانەوەکەی وەلاَم دراوەیە، وە گوناهەکەشی لێبوردراوە، وە پاداشتی کارەکەشی زیادکراوە) . حەفسەی کچی ئیبن و سیرین (رحمهما الله) دەفەرموویێت کەوا باوکی عالیە فەرموویەتی: (ڕۆژووگر لە حاڵەتی خواپەرستیدایە مادەم غەیبەت نەکات، ئەگەرچی با نوستووش بێت لەسەر جێگاکەی خۆی، حەفسە دەیفەرموو: ئای

---

[٣٠] (أحكام القرآن)(ب٧/ل١٠٧): هی ئەبو بەکر محمدی کوڕی عبد الله ئەندەلوسیە کە بە ناوبانگە بە (ئیبن ولعەرەبی)(و٥٤٣هـ) . دانەر

[٣١] (الدر المنثور)(ب١/ل٤٣٧) . دانەر // منیش دەڵێم: ئەم فەرموودەیە ئیمامی بەیهەقی لە (شعب الإيمان)(ژ٣٦٥٢) وە ئەبو نوعەیم لە (الحلية الأولياء)(ب٥/ل٨٣) ڕیوایەتیان کردووە، ئەم فەرموودەیە بێ هێزە بەلاَم شاهێدی لەسەر هەیە . وەرگێڕ

چەندە چاکە خواپەرستی لەگەڵ هەندێ نوستووشم لەسەر جێگاکەم)[32] .

خوای گەورە دەفەرموویّت: ﴿إِلَّا كُتِبَ لَهُم بِهِۦ عَمَلٌ صَٰلِحٌۚ ١٢٠﴾[33]، خاوەنی کتێبی (التحریر) دەفەرموویّت: (ماناکەی وایە: کەوا ئەو کردەوە چاکەیان بۆ ئەنوسرێت بە هەر کردەوەیەك لە جۆرەکانی کردەوەکان کە ئەنجامی ئەدەن، واتە: خوای گەورە کردەوەیەکی چاکی داناوە لەگەڵ هەموو کردەوەیەك لەو کردەوانە، ئەگەرچی ئەو کەسەی ئەو کردەوە دەکات با مەبەستی نزیك کەوتنەوەش نەبێت لە خوا، لەبەر ئەوەی ئەو کردەوانە لە خاوەنەکانیان دەرئەچن و ئەوانە زۆربەی کات یاخود هەموو کات سەرسامن لە بارەی مەبەست لەو کردەوانە، وە نیەتی نزیك بوونەوەشیان نیە لە خوای گەورە، بەڵام خوای گەورە لە چاکەی خۆی ئەو کردەوانەی وەکوو نزیك خەرەوەیەك بۆ داناون بۆ پەندوەرگرتنی شەرەف و پایەی مەبەست بەو کردەوانە، هەر بۆیەش پاداشتێکی زۆری لەسەر داناون هەر وەکوو چۆن بۆ ئەو

---

[32] عبد الرزاق لە (مصنف عبد الرزاق)(ب٤/ل٣٠٧) ڕیوایەتی کردووە ، کە هی حافیزی ئەبو بەکر عبد الرزاق کوڕی هومامی سەنعانیە (و٢١١ه) . دانەر

[33] سورة التوبة .

کردەوانەشی داناوە کە مەبەست پێیان نزیك خەرەوەیە) هەر وەکوو لە فەرموودەدا هاتووە (أَنَّ نَوْمَ الصَّائِمِ عِبَادَةٌ)[٣٤] .

ئیمامی ڕازی (رحمه الله) لە تەفەسیرەکەی خۆیدا دەفەرمووێت: (واتە: ئەو کردەوانە بۆیان ئەبێتە نزیك خەرەوەیەك لە لای خوای گەورەوە، ئێمەش دەڵێین: ئەم ئایەتە بەڵگەیە بۆ ئەو کەسەی کەوا مەبەستی خواپەرستیە ئیتر ڕاوەستان و ڕۆیشتن و جوڵانەوەکانی گشتیان بۆی بە چاکە ئەنوسرێن لە لای خوای گەورە، وە ئەو وتەیەش کە لە چوارچێوەی سەرپێچی دایە، ئای چەندە مەزنە خێرو بەرەکەتی خواپەرستی، وە ئای چەندە مەزنە شووم و نەگبەتی سەرپێچی)[٣٥] . بیرکەرەوە

ئیمامی بوخاری و موسلیم لە ئەبو هورەیرەوە (رضي الله عنه) ڕیوایەتیان کردووە کەوا پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێت: (مَنْ صَامَ رَمَضَانَ إِيمَاناً وَاحْتِسَاباً غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ، وَمَنْ قَامَ لَيْلَةَ الْقَدْرِ إِيمَاناً وَاحْتِسَاباً غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ)[٣٦]، وتەی:

---

[٣٤] (تفسير التحرير والتنوير)(ب١٠/ل٢٢٥- ٢٢٦) کە بە ناوبانگە بە (تفسير ابن العاشور): هی عەللامەی شێخ محمد طاهری کوڕی محمدی کوڕی عبد القادری کوڕی محمدی کوڕی عاشوڕە (و١٢٨٤هـ) . دانەر

[٣٥] (التفسير الكبير)(ب١٦/ل١٦٨): هی ئیمامی فخر الدين الرازی . دانەر

[٣٦] (صحيح البخاري)(ژ١٨٧٥): كتاب صلاة التراويح ـ باب فضل ليلة القدر. وە (صحيح المسلم)(ژ١٢٦٨): كتاب صلاة المسافرين وقصرها ـ باب الترغيب في قيام رمضان . دانەر

(إِيمَاناً) واته: هەر کەسێك مانگی ڕەمەزان بە چوست وچالاکی و دڵ خۆشیەوە بە ڕۆژوو بێت، ئەگەرچی با ڕۆژەکەشی درێژو گەرم بێت، (وَاحْتِسَاباً) بەو ئومێدەش کەوا لای خوای گەورە وەرگیراو ئەبێت و پاداشت ئەدرێت، یاخود مەبەست بە ڕۆژیەکەی تەنها لەبەر خواو پاداشتەکەی بێت، یاخود (إِيمَاناً) کەوا فەرز کراوە لەسەری، وە (اِحْتِسَاباً) پاداشتەکەی هەر لای خوای گەورەیە، جا کەسێك بەو جۆرەی کە باسی لێوە کرا ڕۆژووەکەی بەڕۆژوو بێت و شەوی قەدری پیرۆزیشی بەو شێوەیە هەڵسێتەوە ئەوە خوای گەورە لە گوناهەکانی پێش و دوایی خۆش ئەبێت) .

ـ "لەبەر ئەوەی" کەسی ڕۆژووگر سیفەتدار بە سیفاتی صەمەدانیەتی خوای گەورە، "چونکە خوای گەورە پێویستی بە خواردن و خواردنەوەو جووت بوون نیە پاکی و بێگەردی بۆ ئەو"، "وە ڕۆژووگر ئەبێتە کەسێکی بە سۆزو نەرم نیان"، "وە بە هەمان شێوەش نەفس و شەیتان کە هەردووکیان هۆکاری سەرەکی مامەڵەکردنەکەن"، هەر دووکیان زەبوون و زنجیر کراون لەبەر دەستی خوای گەورە (سبحانه وتعالى) بۆیە زەبوون و زنجیر ئەکرێن بە میهرەبانی خوای گەورە لەبەر دەستی ڕۆژووگرا، ئەوەش لەبەر ئارام گرتن و تەقواکەی" لەبەر ئەوەی هەموو ئەمانە لە سیفات و

ڕەوشتی صەمەدانیەتی خوای گەورەن، چونکە خوای گەورە ڕۆزیدەرە ڕۆزی دراو نیە، لە هیچ شتێك نەبووەو هیچ شتێکیشی لیّ نابێت، وە ژن و ماڵ و منالّی بۆ خۆی نەگێڕاوەو (دوورە لە مانە)، وە یەکێك لە سیفاتە بەرزەکانی خوای گەورە (سبحانە وتعالی) کە (الحَلِیمَ) بە سۆزو نەرم و نیانە، جا ڕۆژووگر کاتێك شەڕی لەگەڵ دەکرێت و جوێنی پیّ ئەردرێت، با بلّیّ: من بە ڕۆژووم، ئەوەش سیفەتێکی "حەلیمە" وە خوای گەورە زاڵ و بە دەسەلاّتە بەسەر بەندەکانیەوە، "بۆیە ڕۆژووگر سیفەتداربوو بە سیفاتی خوای حەق لە ڕستەیەکدا"، "ئەگەرچی سیفاتی خوای گەورەش سیفاتی بەردەوامیە" .

ڕۆژووگرتن: کارێکی نهێنیە، وە مەبەستێکی دلّیە لەگەڵ وازهێنانی شکانەکانی شتە دیارەکان، وە فریشتەکانیش سەیری ئەو شتانە ناکەن کە کاری ئەوان نیە، ئەوە نهێنیەکە لە نێوان بەندەو پەروەردگاری بەو جۆرەی کەوا جگە لەو هیچ کەسێك سەیری ناکات، هەر وەکوو لە فەرموودەی قودسیدا هاتووە: خوای گەورە دەفەرمووێت: (فَأَنَا أَتَوَلَّى جَزَاءُهُ عَلَى مَا أُحِبُّ مِنَ التَّضْعِيفِ، وَلَيْسَ عَلَى كِتَابٍ كُتِبَ لَهُ)[٣٧] واتە: (من خۆم پاداشت دانەوەکەی

[٣٧] ئیمامی بەیهەقی لە (شعب الإيمان)(ب٣/ل٢٩٥/ژ٣٥٨٣) ڕیوایەتی کردووە . دانەر

له ئەستۆ دەگرم و لەوەی کە پێم خۆشە بۆی زیاد ئەکەم، نەك لەسەر کتابێك پاداشتەکەی بۆ بنوسرێتەوە)، پەروەردگارە داوای پاداشتەکەت لێ ئەکەین هەر وەکوو بەڵێنت پێداوە، بەو جۆرەی کە شایەنی خۆتە، یا الله ئامین .

"بەڵێ خۆشەویستان": بزانە کەوا بۆ کەسی ڕۆژووگر سێ پایە هەیە:- پایەی یەکەم: "فەرزبوونی بە فەرمان"، ئەمەش نزمترین پلەیە، ئەوە: خۆگرتنەوەیە لە هەر دوو ئارەزووەکان ـ زگ و دامێن لە کاتی خۆی نزیك خراوەش بێت بەو نیتەوە کە گرینگی خۆی هەیەو باسکراوە لە شوێنی خۆیدا، ئەوە: دروستی فەتوایە لە دیاردەو ڕووکەشی شەرعی دونیا: هەر وەکوو خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ٧﴾[38] واتە: (هەرچی ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانتان پێ دەکات ئێوە وەری بگرن وە گوێڕایەڵی بکەن و سەرپێچی مەکەن بە ڕەهایی، وە هەرچیەکیشتان لێ قەدەکات ئێوە مەیکەن و دەست هەڵگرن لە کردنی، چونکە خوای گەورە سزاکەی زۆر بە ئێش و ئازارە بۆ ئەو کەسانەی کە سەرپێچی ئەو دەکەن ﷺ .

---

[38] سورة الحشر .

پایەی دووەم: "گرتنەوەی ئەندامەکان لە سەرپێچی کردن، وە پابەند کردنیانە بە خواپەرستیەکان"، واتە: ڕێگری کردنی ئەندامەکان لە چاو گوێ و زمان و گشت ئەندامەکان و جولاًنەوەکان لە گشت سەرپێچیەکان، لەبەر وتەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرمووێت: (مَنْ لَمْ يَدَعْ قَوْلَ الزُّورِ وَالعَمَلِ بِهِ فَلَيْسَ لِلَّهِ حَاجَةً فِي أَنْ يَدَعَ طَعَامَهُ وَشَرَابَهُ)[٣٩] واتە: (هەر کەسێك واز لە وتەی باتاڵ و پوچ وەکوو: درۆو بوختان و غەیبەت و جوێندان و نەفرین و وێنەی ئەمانەش، وە کارکردن بەوانەش نەهێنێت، ئەوە خوای گەورە هیچ پێویستیەکی بەوە نیە ئەو کەسە واز لە خواردن و خواردنەوە بهێنێت)[٤٠]، وە لەبەر وتەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرمووێت: (إِذَا أَصْبَحَ أَحَدُكُمْ يَوْمَاً صَائِمَاً فَلا يَرْفُثْ وَلا يَجْهَلْ فَإِنْ امْرُؤٌ شَاتَمَهُ أَوْ قَاتَلَهُ فَلْيَقُلْ إِنِّي صَائِمٌ إِنِّي صَائِمٌ)[٤١] واتە: (ئەگەر کەسێك لە ئێوە ڕۆژێك بە ڕۆژوو

---

[٣٩] ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ١٧٧٠): كتاب الصوم ـ باب من لم يدع قول الزور والعمل به في الصوم، ڕیوایەتی کردووە . دانەر

[٤٠] بۆ ڕاڤەی ئەم فەرموودەیە بگەڕێوە بۆ کیتابی (مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح)(ب٤/ل٤٢٨/ژ١٩٩٩) هی عەللامە شێخ علی کوڕی سوڵتان محمدی قاریە، بەناوبانگە بە مەلا عەلی قاری (و١٠١٤ه) . وەرگێڕ

[٤١] ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ١٨٩٤): كتاب الصوم ـ باب فضل الصوم. وە ئیمامی موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ٢٧٠٠): كتاب الصيام ـ باب ماجاء في فضل الصيام. دانەر

بوو با قسەی ناشیرین و خراپ نەکات و خۆشی نەزان نەکات بۆ کردنی کردەوەی خراپ، جا ئەگەر کەسێکیش جوێنی پێدا یاخود شەڕی لەگەڵ کرد با بڵێ من بە ڕۆژووم من بە ڕۆژووم)، ئەوە "جێگای قەبوڵ بوونە"، وە دروستیش نیە، ئەوە: پایەی زانست و کردەوەیە، لەبەر وتەی خوای گەورە ﴿إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٢٧﴾﴾[٤٢] واتە: (بێگومان خوای گەورە تەنها کارو کردەوەی کەسە بە تەقواو لە خوا ترسەکان وەرئەگرێت و قەبووڵی دەکات) جا تەقواش: جێ بەجێ کردنی فەرزەکان، و دوورکەوتنەوەیە لە قەدەغە کراوەکان، وە یەکێك لەو فەرزانە: فێربوونی زانستە شەرعیە پێویستەکان .

پایەی سێەم: "گرتنەوەی دڵە جگە لە خوای گەورە"، ئەوەش: ترسانە لە بەسەر دادانەوەی و داوای وەرگرتنیشی بکرێت، ئەوە حاڵەتی ترسان و بەگەورە زانینە، ئەمەیان حاڵی کەسە گەورەکانە ـ لە پێغەمبەران و کەسە ڕەببانی و خواییەکان، هەر وەکوو خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرْتَضَىٰ وَهُم مِّنْ خَشْيَتِهِۦ مُشْفِقُونَ ﴿٢٨﴾﴾[٤٣] واتە:

---

[٤٢] سورة المائدة .

[٤٣] سورة الأنبياء .

(خوای گەورە ئاگادارە بە ئەحواڵ و کاروباری ئەو خەڵکە لە پێش و پاشیانەوە لەوەی کە ڕوویداوەو لەوەش کە لەمەودا ڕوو ئەدات، فریشتەکان ناتوانن شەفاعەت بۆ هیچ کەسێك بکەن مەگەر خوای گەورە خۆی ڕازی بێت، وە ئەو فریشتانە زۆر لە خوای گەورە ئەترسێن)، وە لەبەر وتەی خوای گەورە کە دەفەرموویت: ﴿ٱلَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَٰلَٰتِ ٱللَّهِ وَيَخۡشَوۡنَهُۥ وَلَا يَخۡشَوۡنَ أَحَدًا إِلَّا ٱللَّهَۗ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ حَسِيبٗا ٣٩﴾[٤٤] واتە: (ئەو کەسانەی کە دینی خواو پەیامەکانی خوای گەورە بە خەڵکی دەگەیێنن ئەوانە سیفەتێکیان هەیە کەوا لە هیچ کەسێك ناترسن تەنها لە خوای گەورە نەبێت (سبحانه وتعالی)، وە کافیە و بەسە خوای گەورە خۆی لێ پرسینەوە لەگەڵ بەندەکانی خۆی بکات و موحاسەبەیان بکات)، وە لەبەر وتەی پێغەمبەری ڕێزداریش ﷺ کە دەفەرموویت: (فَوَاللهِ إِنِّي لأَعْلَمُهُمْ بِاللهِ، وَأَشَدُّهُمْ لَهُ خَشْيَةً)[٤٥] واتە: (سوێند بە خوا من لە هەموویان زاناترم بە ناسینی خوای گەورە، وە لە هەمووشیان زیاتر ئەترسم لە خوای گەورە)، بۆیە بەردەوام ئەپاڕایەوەو دەیفەرموو: (اللَّهُمَّ اقْسِمْ لَنَا مِنْ خَشْيَتِكَ مَا يَحُولُ بَيْنَنَا

---

[٤٤] سورة الأحزاب .

[٤٥] ئیمامی بوخاری لە (صحیح البخاری)(ژ٥٦٣٦): کتاب الأدب ـ باب من لم يواجه الناس بالعتاب. وە ئیمامی موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ٤٣٤٦): کتاب الفضائل ـ باب علمه ﷺ، بالله تعالى وشدة خشيته، ڕیوایەتیان کردووە . دانەر

وَبَيْنَ مَعَاصِيكَ، وَمِنْ طَاعَتِكَ مَا تُبَلِّغُنَا بِهِ جَنَّتَكَ)[٤٦]، وه دهیفهرموو: (اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ خَشْيَتَكَ فِي الغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ)[٤٧]، واته: (پهروهردگارم داوای ترسانت لیٚ ئهکهم له حالّی نهیّنی و ئاشکرادا)، جا ههر کاتیّك ئیمان و یهقینی بهنده بههیّزبوو ئهوه ترسان و تکاکردنهکهی به ڕههایی بههیّز دهبیّت، خوای گهوره دهفهرموویّت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ هُم مِّنۡ خَشۡيَةِ رَبِّهِم مُّشۡفِقُونَ ۝٥٧ وَٱلَّذِينَ هُم بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمۡ يُؤۡمِنُونَ ۝٥٨ وَٱلَّذِينَ هُم بِرَبِّهِمۡ لَا يُشۡرِكُونَ ۝٥٩ وَٱلَّذِينَ يُؤۡتُونَ مَآ ءَاتَواْ وَّقُلُوبُهُمۡ وَجِلَةٌ أَنَّهُمۡ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ رَٰجِعُونَ ۝٦٠﴾[٤٨] واته: (بیّگومان ئهو کهسانهی که له پهروهردگاریان دهترسیّن، وه ئهوانهش که باوهڕیان به ئایهتهکانی خوای گهوره

---

[٤٦] ترمذی له (سنن الترمذي)(ژ٣٤٢٤): كتاب الدعوات ـ باب ما جاء في عقد التسبيح باليد، وه دهفهرموویّت: ئهو فهرموودهیه حهسهن و غهریبه. وه نهسائی له (سنن الكبرى للنسائى)(ب٦/ل١٠٦/ژ١٠٢٣٤) ڕیوایهتیان کردووه .

ـ وتهی: "اللَّهُمَّ اقْسِمْ لَنَا" واته: با بهشمان ههبیّت لهوشتهی که ئهبیّته هۆکار بۆ ئهوهی له تۆ بترسیّین، تاوهکوو ئهو شته ببیّته پهردهو ڕیّگر له نیّوانمانه بۆ نهکردنی سهرپیّچیهکان، لهبهر ئهوهی کاتیّك دلّ پڕ بوو له ترسی خوا ئهوه ئهندامهکان ئهپاریّزیّت له سهرپیّچی کردن، " وَمِنْ طَاعَتِكَ " واته: به پیّدانی توانا لهسهر گویّڕایهڵی کردن و یارمهتی دانی بۆی، "مَا تُبَلِّغُنَا" واته: بههۆی ئهو کردهوه تۆ ئهمان خهیته بهههشتهوه، لهگهڵ گشتمان به سۆزو میهرهبانی خۆت، چونکه گویّڕالّی به تهنیا گهیهنهر نیه (بۆ بهههشت) . دانهر

[٤٧] نهسائی له (سنن النسائى)( ژ١٣٠٥): كتاب السهو ـ نوع آخر. وه ابن حبان له (صحيح ابن حبان)(ب٥/ل٣٠٥/ژ١٩٧١) به سهندیّکی سهحیح ڕیوایهتیان کردووه .

[٤٨] سورة المؤمنون .

هەیە، وە ئەو کەسانەش کە هاو بەشی بۆ خوای گەورە بڕیار نادەن، وە ئەو کەسانەش کە لەماڵ و سامانەکانیان ئەبەخشن لەوەی کە پێیان بەخشراوە، وە دڵەکانیان ئەترسێن، بەڕاستی سەرەنجام و گەڕانەوەی هەموویان هەر بۆ لای پەروەردگارە)، هەروەها دەفەرمووێت: ﴿إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُا۟ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ ۝٢٨﴾[٤٩] واتە: (بێگومان هەر زاناکان بە ڕاستی لە خوا ئەترسن، وە خوای گەورەش زاتێکی زاڵ و لێبوردەیە)، جا هەر کاتێك بەندە ناسینی خوای گەورەی زیاد بوو ئەوە زیاتر لێی ئەترسێت. ئیبن و مەسعوود (رضي الله عنه) دەفەرمووێت: (زاست بەسە بۆ ترسان لە خوای گەورە) .

زانای گەورە ئیبن و لقەیم (رحمه الله) دەفەرمووێت: کەم ترسان لە خوا ئەوە نیشانەی کەمی ناسینی بەندەیە بەو، جا عاریفترین کەسێك لە خواترس ترینیانە هەر کەسێکیش خوای گەورە بناسێت شەرمی زۆر لێ دەکات و ترسی زۆر لێ ئەبێت و زۆریشی خۆش ئەوێت، جا هەر کاتێك ناسینەکەی زیادکرد ئەوە شەرم و ترس و خۆشەویستی زیاد دەبێت، بۆیە ترس لە گەورەترین پلەکانی ڕێگایە، وە ترسی کەسێکی تایبەت مەزنترە لە ترسی

[٤٩] سورة فاطر .

كەسێكی ئاسایی، ئەوانە پێویستیان پێی هەیە، وە پەیوەستیشیان ئەكات، لەبەر ئەوە: جێگیربووە لە پێغەمبەری خواوە كەوا زۆرترین سوێند خواردنی (لا، وَمُقَلِّبَ الْقُلُوبِ . لا وَمُقَلِّبَ الْقُلُوبِ)[٥٠] واتە: (نەخێر، سوێند بەو كەسەی كە وەرگێڕی دڵەكانە . نەخێر، سوێند بەو كەسەی كە وەرگێڕی دڵەكانە) . وە وتەی خوای گەورە بۆ ئەوە بەسە كە دەفەرمووێت: ﴿وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَحُولُ بَيۡنَ ٱلۡمَرۡءِ وَقَلۡبِهِۦ ﴿٢٤﴾﴾[٥١] واتە: (چاك بزانن بێگومان خوای گەورە زاڵ و بە دەسەڵاتە لەوەی كە لە نێوان مرۆڤ و دڵەكەیدایە بۆیە چۆنی بوویت ئەو دڵە ئەگۆڕێت)،كۆتایی هات[٥٢] .

ـ وە یەكێكی تر لەوانە، هەر وەكوو ئیمامی شاتیبی (رحمه الله) باسی كردووە كە دەفەرمووێت: (لە ئیمامی ئەبو بەكرەوە ڕیوایەت كراوە كەوا لە كاتی وەسیەت كردنی سەرەمەرگیدا بە ئیمامی عومەری فەرموو (رضي الله عنهما): ئەی عومەر ئایا نابینیت ئایەتی خۆشی دابەزیوە لەگەڵ ئایەتی ناخۆشیا، وە ئایەتی ناخۆشیش لەگەڵ

---

[٥٠] ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاری)(ژ٦٦٢٨): كتاب التوحيد ـ باب كيف كانت يمين النبي ﷺ . دانەر

[٥١] سورة الأنفال .

[٥٢] با سەیری (طريق الهجرتين وباب السعادتين)(ل٤٢٤) بكرێت: هی ئەبو عبد الله محمدی كوڕی ئەبوبەكری كوڕی ئەیوبی كوڕی سەعیدی زوڕعیە، كە بە ناوبانگە بە ئیبن و لقەیم (و٧٥١ھ) . دانەر

ئایەتی خۆشیا، تاوەکوو ئیماندار ویست و ترسی هەبێت، جا شتێکی ناوێت و هیوای بۆ بخوازێت لە خوای گەورە کە ئەو شتەی بۆ نابێت، وە ترسانێکیش ناترسێت خۆی بخاتە نێو لە ناو چوونەوە، ئایا نابینیت ئەی عومەر خوای گەورە باسی دۆزەخیان دەکات بە هۆی کردەوە خراپەکانیان، لەبەر ئەوەی وەلامی داونەتەوە لەوەی کە چاکە، جا کاتێك بیریان بکەممەوە دەڵێم: من ئەترسم کەوا کەسێك بم لەوان، وە باسی بەهەشتیان ئەکات بە هۆی چاکترینی کردەوە چاکەکانیان، لەبەر ئەوەی لەو گوناهانەی کە هەیان بووە لێیان بووردراوە، جا کاتێك بیریان لیَ دەکەممەوە دەڵێم: من کەم تەرخەمم، کردەوەی من لە کوێی کردەوەی ئەوانەیە)[٥٣]، هەر وەکوو خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿إِنَّهُمْ كَانُواْ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلْخَيْرَٰتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًاۖ وَكَانُواْ لَنَا خَٰشِعِينَ ۝٩٠﴾[٥٤] واتە: (چونکە ئەوانە لەکردنی کردەوە چاکەکاندا پەلەیان ئەکرد، ﴿رَغَبًا﴾ واتە: ئارەزووی میهرەبانی کردنی خوداو سۆزو جوانیەکەی ﴿وَرَهَبًاۖ﴾ واتە: ترسان لە گەورەیی و زاڵێتی خوای گەورە، وە ترسان جگە لەو (بەتەنیا) هەر وەکوو خوای گەورە

---

[٥٣] با سەیری (الموافقات)(ب٣/ل١٤٠)بکرێت: هی ئیبراهمی کوڕی موسای غرناتی مالیکیە (و٧٩٠ه) . دانەر

[٥٤] سورة الأنبياء .

دەفەرمووێت: ﴿يَحۡذَرُ ٱلۡأٓخِرَةَ وَيَرۡجُواْ رَحۡمَةَ رَبِّهِۦۗ ⁽٩⁾﴾[٥٥] واتە: خۆیان لە سزای ڕۆژی دوایی دەپارێزن و داوای میهرەبانی پەروەردگاریش دەکەن. ﴿وَكَانُواْ لَنَا خَٰشِعِينَ﴾ واتە: ملکەچن لە خۆبەکەم زانین و پاڕانەوەدا، وە ملکەچیش: ئەوە ترسێکی بەردەوامە لە دڵەوە، جا کەسی ترساو ملکەچبوو خۆی ئەپارێزێ لە ڕۆچوون لە کاروبارەکانا نەوەکا بکەوێتە نێو گوناهەوە .

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ، إِنَّ لَكُمْ عِلْماً فَانْتَهُوا إِلَى عِلْمِكُمْ، وَ إِنَّ لَكُمْ نِهَايَةٌ فَانْتَهُوا إِلَى نِهَايَتِكُمْ، فَإِنَّ الْمُؤْمِنَ بَيْنَ مَخَافَتَيْنِ بَيْنَ أَجَلٍ قَدْ مَضَى لا يَدْرِي كَيْفَ صَنَعَ اللهُ فِيهِ، وَبَيْنَ أَجَلٍ قَدْ بَقِيَ لا يَدْرِي كَيْفَ اللهُ بِصَانِعٍ فِيهِ، فَلْيَتَزَوَّدِ الْمَرْءُ لِنَفْسِهِ، وَمِنْ دُنْيَاهُ لِآخِرَتِهِ، وَمِنَ الشَّبَابِ قَبْلَ الهَرَمِ، وَمِنَ الصِّحَّةِ قَبْلَ السَّقَمِ، فَإِنَّكُمْ خُلِقْتُمْ لِلآخِرَةِ، وَالدُّنْيَا خُلِقَتْ لَكُمْ، وَالذِّي نَفْسِي بِيَدِهِ مَا بَعْدَ المَوْتِ مِنْ مُسْتَعْتَبٍ، وَمَا بَعْدَ الدُّنْيَا دَارٌ إِلاَّ الجَنَّةُ وَالنَّارُ، وَأَسْتَغْفِرُ اللهَ لِي وَلَكُمْ)[٥٦] واتە: (ئەی خەڵکینە، بێگومان زانستێکتان هەیە بۆیە کۆتایی بهێنن بۆ لای زانستەکەتان، وە بێگومان کۆتاییتان هەیە بۆیە کۆتایی بهێنن بۆ لای کۆتاییەکەتان، لەبەر ئەوەی ئیماندار لە نێوان دوو ترسدایە لە نێوان وادەیەك کە

---

[٥٥] سورة الزمر .

[٥٦] بەیهەقی لە (شعب الإيمان)(ب٧/ل٣٦٠/ژ١٠٥٨١) ڕیوایەتی کردووە . دانەر

که ڕۆیشتووەو نازانێت خوای گەورە چی لە بارەیەوە ئەکات، وە لە نێوان وادەیەکیشدا کە ماوەو نازانێت خوای گەورە چۆنی بۆ ئەکات، با مرۆڤ کاروکردەوەی بۆ خۆی زیاد بکات هەتاوەکوو لە دونیادایەو با بۆ دوارۆژ کاربکات، وە کاروکردەوەی گەنجێتیشی بازیاد بکات پێش ئەوەی پیر ببێت، وە لەش ساغیشی بەهەڵ بزانێ بۆ زیاتر کردەوەی چاکردن پێش ئەوەی نەخۆش کەوێت، لەبەر ئەوەی ئێوە دروستکراون بۆ دوارۆژ، وە دونیاش دروستکراوە بۆ ئێوە، سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە دوای مردن هیچ کەسێك داوای لێ ناکرێت کەوا گلەییەکانی خۆی بخاتە ڕوو تاوەکوو گلەیی لێ بکرێت، وە لە دوای ئەم دونیایەوە خانووێك نیە مەگەر بەهەشت یاخود دۆزەخ نەبێت، وە داوای لێ خۆشبوون لە خوای گەورە ئەکەم بۆ خۆم و بۆ ئێوە) .

خوایەگیان لە بەخشش و میهرەبانی خۆت پلەی ترسان لە تۆو ملکەچی بۆ گەورەیی زاتی خۆتمان پێ ببەخشە . ئامین ئامین .

"خۆشەویستانم": ئەلێرەدا پەیوەندیەك هەیە لە نێوان کەسی خواپەرست و دونیا نەویست لە هەموو ڕۆژەکانی ساڵدا، وە لە نێوان کەسی ڕۆژووگرو ڕووتێکەر بۆ لای خوای گەورە لە مانگی ڕەمەزاندا، ڕۆژووگر خواپەرستە ئەگەرچی بشخەوێ، زیکرکەرە

ئەگەرچی بێ دەنگیش بێت، نەرم و نیانە ئەگەر شەڕیشی لەگەڵدا بکرێت، زاڵە بەسەر دەروونی خۆی و شەیتانەکەی بە ویستی پەروەردگاری ـ عَزَّ وَجَلَّ، کەسی خواناس نوستووە لەسەر زیکرکردن، بیری پەیوەستە بە پەروەردگارییەوە، دڵیشی زیکر ئەکات بە نهێنی، خۆگرە لە بانگەوازەکەی، هۆشیارو تێکۆشەرە بۆ دەروونی و شەیتانەکەی، هەر وەکوو موفتی حەنبەلیەکان شێخ عبد القادر گەیلانی (قَدَّسَ اللّٰهُ رُوحَهُ) لە "فتح الربانی"[57]دا دەفەرموویێت: (ئەگەر دڵ بەردەوام بێت لەسەر زیکرکردنی خوای حەق ئەوە مەعریفەت و زانست و یەکتاپەرستی و پشت بەستن و پشتکردنە جگە لەوی لەیەك ڕستەدا بۆ دێت، بەردەوامی زیکرکردن هۆکارە بۆ بەردەوامی چاکە لە دونیاو دوارۆژ، ئەگەر دڵ ڕاست و تەواو بێت: ئەوە بەردەوام زیکری تیا دەبێت، لە لاکانی ئەنوسرێت، وە بەگشتی چاوەکانی ئەخەوێت و دڵیشی زیکری پەروەردگاری ئەکات ـ ئەوە بە میرات لە پێغەمبەرەکەی وەردەگرێت، کە بە عائیشەی فەرموو: (یَا عَائِشَةُ، إِنَّ عَيْنَيَّ

---

[57] (الفتح الرباني)(ل٢٠٦): هی شێخ عبد القادر گەیلانی (قَدَّسَ اللّٰهُ رُوحَهُ) (و٥٦١هـ) . دانەر

تَنَامَانِ وَلا يَنَامُ قَلْبِي)[٥٨] واته: ئەی عائیشە چاوەکانم ئەخەون بەلاّم دلّم ناخەویّ و بەئاگایە .

ئیمام مەنناوی (رحمه الله) دەفەرموویّت: (لەبەر ئەوەی دەروونە کاملّ و پیرۆزەکان پەی پیّ بردنەکەیان بیّ هیّز نابیّت بەهۆی خەوتنی چاوو حەوانەوەی لاشە، وە گشت پیّغەمبەرەکانیش لیّرەدا هەمان شتە لەبەر پەیوەستبوونی ڕووحەکانیان بە زاتی خوای بەرزو توانا)[٥٩] .

بۆیە نوستنی کەسی خواناس بووبە خواپەرستی، وە نوستنی ڕۆژووەوانیش خواپەرستیە، وە بیّ دەنگی خواناس ئامادەیی بیرو هۆشە بە خوای گەورەو زیکرو هەژاری نواندنە، وە بیّ دەنگی ڕۆژووەوان تەسبیحات و ئارامگرتن و خۆشکاندنە، وە ئەگەر کەسی ڕۆژووەوان خۆی ڕاهیّنا لەسەر ئەوەی کە باسکرا وە

---

[٥٨] ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاری)(ژ١١٤٧): كتاب التهجد ـ باب قيام النبيﷺ، بالليل في رمضان وغيره، وة لة كتاب صلاة التراويح ـ باب فضل من قام رمضان (ژ٢٠١٣)، وە لە كتاب المناقب ـ باب كان النبي ﷺ تنام عيناه ولا ينام قلبه (ژ٣٥٦٩). وە ئیمامی موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ١٧٢٠): كتاب صلاة المسافرين وقصرها ـ باب صلاة الليل وعدد ركعات النبيﷺ، في الليل وأن الوتر ركعة وأن الركعة صلاة صحيحة، ڕیوایەتیان کردووە . دانەر

[٥٩] (فيض القدير)(ب٣/ل٢٦٩): هی عبد الرؤوف محمد عەلی کوڕی زەین و العابدینی حەددادی مەنناویە (و١٠٣١ھ) . دانەر

بەردەوامیش بوو لەسەری، وە ئەندامەکانیشی کەوتنە کار، وە بیرو هۆش و دڵیشی لەگەڵ خوای گەورە بێت هەر وەکوو چۆن لە ڕەمەزانە وابوو، ئەو کاتە حاڵی دەگۆڕێت بۆ کردەوەیەك لە کردەوەکانی خواناسەکان .

خوایەگیان ئەوەمان بۆ فەراهەم بێنە بەوەی کە شایەنی خۆتە ـ یا لطیف یا واسع یا علیم یا الله، ئامین .

ـ خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ۝١٨٣﴾[60] واتە: هەر وەکوو فەرزکرا لەسەر گەلاکانی پێش ئێوە لە گەلەکانی پێغەمبەران و تا گەلەکانی سەردەمی ئادەم (علیهم السلام) ـ وە دڵنیایی تیایە بۆ حوکم و ئارەزوو هەبوون لێی، وە دڵخۆشی تیایە بۆ دەروونە گوفتار لەگەڵ کراوەکان، لەبەر ئەوەی بەڕۆژوو بوون خواپەرستیەکی ماندووکەرە، جا شتی ماندووکەر ئەگەر بێت و گشتی بوو ئەوە هەڵگرتنەکەی ئاسان دەبێت و هەموو کەسێك ئارەزووی دەبێت بۆ جێ بەجێ کردنی، "ئەوەی دیارە کەوا پێکچوواندنەکە بۆ هێنانەجێی ڕۆژوو گرتنەکەیە، نەك بۆ ئەندازەی ڕۆژووگرتنی فەرزکراو ڕوونکردنەوەی کاتەکەی" بۆیە داخوازی یەکسانی

[60] سورة البقرة .

هەموو ڕوویەك ناكات، جا ئەم پێكچوواندنە ناونراوە بە "مرسلا مجملا"، هەر وەكوو لە پاڕانەوەدا دەگوترێت: اللهم صل على محمد وعلى آل محمد كما صليت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم، وە هەر وەكوو كاملترینی هەموو پێغەمبەران دەفەرموویێت: (إِنَّكُمْ سَتَرَوْنَ رَبَّكُمْ كَمَا تَرَوْنَ هَذا القَمَرَ لا تُضَامُّونَ فِي رُؤْيَتِهِ)[٦١] واتە: (ئێوە لە ڕۆژی دوایی دا پەروەردگارتان ئەبینن هەر وەكوو چۆن ئەم مانگە ئەبینن و لە بینینەكەیدا هیچ زەحمەتی و ناكۆكیەكتان نیە)، لەبەر ئەوەی ئەمە پێكچوواندنی بینینە بە بینین، نەك پێكچوواندنی بینراو بە بینراو[٦٢].

منیش دەڵێم: خەڵاتەكانی خوای حەق و دەركەوتنەكانی ـ جَلَّ جَلالُهُ، وَعَمَّ فَضْلُهُ وَنَوالُهُ ـ لە كاتی مانگەكەدایە، وە ڕێزی ڕۆژووەوان بۆ ئەم ئوممەتە ڕەحم پێككراوە تایبەتیەو بۆ هیچ ئوممەتێكی تر لەمەو پێش كەوا ڕۆژوویان لەسەر فەڕز كرابێت نەبووە، هەر وەكوو خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ خَيۡرٞ

[٦١] [٦١] ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاری)(ژ٥٥٤): كتاب مواقيت الصلاة ـ باب فضل صلاة العصر، وە باب فضل صلاة الفجر (ژ٥٧٣). وە ئیمامی موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ١٤٣٢): كتاب المساجد ومواضع الصلاة ـ باب فضل صلاتي الصبح والعصر والمحافظة عليهما . دانەر

[٦٢] (روح البيان)(ب١/ل٢٨٩) وە جگە لەویش . دانەر

﴿مِّنۡ أَلۡفِ شَهۡرٍ ۝٣﴾[٦٣] واته: پاداشتی خواپەرستی شەوی قەدر باشترە لە پاداشتی خواپەرستی هەزار مانگ .

ـ خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ۝١٨٣﴾، لەبەر ئەوەی ڕۆژووگرتن لە گەورەترین هۆکارەکانی تەقواو خۆپاریزییە، چونکە جێ بەجێ کردنی فەرمانی خوایە، وە خۆ دوورخستنەوەی قەدەغەکردنەکەیەتی، جا مەبەست لە ڕۆژوو حیکمەتەکەی بریتیە لە "تەقوا": "ئەمەش سەرچاوەی داواکراوە (التَّكْلِيفْ)"، وەکوو شکاندنی ئارەزوو و ئەو شتانەی کە لە خوای گەورە دوور ئەخاتەوە، وە گوتراویشە: کەوا خۆ ڕاهێنانی ڕۆژووگرە لەسەر ئارام گرتن و دڵنەوایی هەژاران، وە بیر هێنانەوەی تینوێتی مەیدانی مەحشەر و برسێتی ئاگری دۆزەخ، وە ئاسانی بەردەوام بوون لەسەر خواپەرستی لەبەر سووك بوونی لاشە، وە جگە لەمانەش لە ڕەوشتەکان و پاککەرەوەکان لەوانەی کە نزیکخەرەوەیە بۆ لای خوای گەورە .

محمدی کوڕی تاهر کە بە ناو بانگە بە "ئیبن و عاشووڕ" لە ڕاڤەکردنی ئەو وتەیەی خوای گەورەدا ﴿لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ﴾ دەفەرموێت: (ئەوە ڕوونکردنەوەیە بۆ حیکمەتی ڕۆژوو گرتن، وە

[٦٣] سورة القدر .

هەر لەبەر هەندێش کراوەتە حوکم و (تەشریع کراوە)، چونکە لە هێزی (مَفْعولٌ لأجلهِ لكُتِبَ) دایە. وە (لَعَلَّ) یان (مُسْتَعَارَةٌ) خواستراوە بۆ مانای (كَيْ) بۆ ئەوەی کە (اِسْتِعَارَةٌ تَبَعِيَّةٌ) خواستراوێکی پاشکەوتەیە، وە یاخود (اِسْتِعَارَةٌ تَمْثِيلِيَّةٌ) خواستراوێکی نواندنە بۆ لێکچواندنی پایەی خوای گەورە لە مەبەستی فەڕزکردنی ڕۆژوو گرتنا ئەویش تەقوایە بە حاڵی ئەو کەسەی کە ئومێدی بە کارێك هەیە جگە لەو، جا تەقوای شەڕعیش ئەوە خۆ پاراستنە لە سەرپێچیەکان، وە بێگومان ڕۆژوو گرتن پێویست دەکات بۆ خۆ پاراستن لە سەرپێچیەکان، لەبەر ئەوەی سەرپێچیەکان دوو بەشن: بەشێکیان سوودی دەبێت بە وازهێنانی بیرکردنەوەی لێی وەکوو عارەق و قومار و دزی و تووڕەیی، جا وازلێهینانی دەبێتە هۆکاری بەدەستهێنانی موژدەکانی خوای گەورەو ئەنجامدانیشی بەدەستهێنانی سزاکانی خوای گەورەیە کە بەڵێنیانی پێداوە، وە پەندو ئامۆژگاری وەرگرتنیشە لە ئەحواڵی کەسی ترەوە، وە بەشێکیان دروست ئەبێت لە ئەنجامی هاندەرە سروشتیەکان وەکوو ئەو کاروبارانەی کە لە تووڕەیی و ئارەزووە سروشتیەکان پەیدا ئەبن ئەوەش بە تەنها بیرکردنەوە وازهێنانی گران و ئاستەم دەبێت، جا بۆیە ڕۆژووگرتن بووەتە هۆکارێك بۆ خۆ پاراستن لەو سەرپێچیانە، لەبەر ئەوەی هێزی سروشتی ڕێك

ئەخات کە هاندەرە بۆ ئەو سەرپێچیانە، تاوەکوو موسڵمان لە ناو نزمیدا بەرز بێتەوە بۆ بەرزترین پلەی جیهانی ڕووحانی، چونکە هۆکارێکە بۆ خۆ چواندن بە سیفاتی فریشتەیی و دەرچوون لە تۆزە لیڵەکانی ئاژەڵێتی، وە لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە: (الصَّوْمُ جُنَّةٌ) واتە: ڕۆژوو گرتن قەڵغانێکەو خۆ پاراستنە، لە کاتێکدا باسی ئەوشتەی کە پەیوەستە بە قەڵغان وازلێهێنراوەو هەڵگرتنەکەی دیاریکراوە لەسەر ئەوشتەی کە دەست ئەدات بۆی لە بەشەکانی خۆپاراستنی ڕەغبەتدارو ویستراودا، جا لە ڕۆژوو گرتندا خۆپاراستنە لە کەوتنە نێو سزای دوارۆژ، وە خۆپاراستنە لە نەخۆشی و ئەو دەرمانانەی کە پەیدا ئەبن لەبەر تێ پەڕاندن و ڕۆچوون لە خواردن و چێژ وەرگتنەکاندا. کۆتایی پێ هات[٦٤] .

"بەڵێ خۆشەویستەکەم" بزانە کەوا تەقوا سێ پایەی هەیە: پایەی یەکەم: "تەقوای فەرمانەکانە"، لەوانە: زاستە شەرعیە پێویستەکان، هەر وەکوو خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُوا۟ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ۝٧﴾ واتە: هەرچی ئەوەی کە پێغەمبەرﷺ فەرمانتان پێ دەکات ئێوە وەریبگرن و گوێڕایەڵی بکەن، وە هەر

---

٦٤ (التحرير والتنوير)(ب٢/ل١٥٦) . دانەر

شتێکیشتان لیٚ قەدەغە دەکات ئێوە خۆتانی لیٚ بە دوور بگرن و خۆتانی لیٚ بپارێزن، ﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ﴾ وە تەقوای خواشتان هەبێت و لێی بترسێن و پێچەوانەی پێغەمبەری خوا مەکەنﷺ، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ﴾ بێگومان خوای گەورە سزاکەی زۆر بە ئازارو ناسۆرە بۆ ئەو کەسانەی کە پێچەوانەی ئەو دەکەن، جا ئەمە گشتیە بۆ بنەماکانی دین و لقەکانی، وە دیارو پەنهانەکانی دین، وە بێگومان ئەوەی کە پێغەمبەری خوا پێی هاتووە لەسەر بەندەکان دیاری ئەکات کەوا لێی وەربگرن و شوێنی بکەون و پێچەوانەی نەکەن، "وە بێگومان دەقێکی پێغەمبەری خوا لەسەر حوکم و بڕیارێکی شتێك وەکوو دەقی خوای گەورە وایە هیچ مۆڵەتێکی تێدا نیە بۆ هیچ کەسێك، وە لە وازهێنانیدا هیچ عوزرو پۆزشێکی بۆ نیە"، وە دروستیش نیە وتەی کەسێك پێش وتەو قسەی پێغەمبەری خواﷺ بخرێت، ئینجا فەرمانی بە تەقوا کردن کردووە لێی، کە ئاوەدانی دڵەکان و ڕووحەکان و دونیاو دوارِۆژە، وە بەهۆی ئەوەشەوە خۆشبەختی بەردەوامی و سەرکەوتنی مەزن بە دەست دێت، وە بە لە دەست دان و بەزایەدانی هۆکاری بەدبەختی هەتایی و سزای خوای سەرمەدییە، دەفەرمووێت: ﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ﴾ سزاکەی زۆر بە ئازارە لەسەر کەسێك کە

وازی لە تەقواو خۆپارێزی هێناوەو شوێنکەوتنی هەواو ئارەزووی هەڵبژاردووە[٦٥] .

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِۗ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مُتَقَلَّبَكُمۡ وَمَثۡوَىٰكُمۡ ١٩﴾[٦٦] واتە: (بزانە کەوا هیچ پەرستراوێك بە حەق نیە تەنها الله نەبێت کە شایستەی پەرستنە، وە داوای لێ خۆشبوون بۆ خۆت و گوناهی ئیماندارە پیاوەکان و ئافرەتەکانی ئوممەتەکەت بکە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ وە خوای گەورە ئاگادارە و ئەزانێت ئێوە لەشەو و ڕۆژدا چی ئەکەن و چۆن هەڵئەسووڕێن و ئیسراحەت ئەکەن، بۆیە هیچ شتێکی ئێوە لای ئەو شاراوە نیە)، پرسیار لە سوفیانی کوڕی عویەینە کرا (**رحمه الله**) دەربارەی گەورەیی زانست، ئەویش فەرمووی: ئایا گوێتان لە وتەی خوای گەورە نەبووە کاتێك بەوە دەست پێ ئەکات ﴿فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ﴾، جا فەرمانی بە کردەوە کردووە دوای زانست، وە پێغەمبەری خواش دەفەرموێت: (**طَلَبُ الْعِلْمِ فَرِيضَةٌ على كل**

---

[٦٥] (التفسير السعدی)(ل٨٥٠): هی شێخ عبد الرحمن کوڕی ناسرِ سەعدیە . دانەر
[٦٦] سورة محمد .

مُسْلِمٍ)[٦٧] واته: داواکردی زانسته گشتگیریه پێویستیەکانی دین فەڕزە بۆ ناسینی خوای گەورە، وە ناسینی پێغەمبەران و غەیری ئەمانەش لە زانستە پێویستیەکانی بیروباوەڕن، وە هەروەها بەگشتی ناسینی ئەحکامە فەڕزەکانی دین لە زانستە پێویستیەکانە ـ هەر لە مەرجەکان و ڕوکنەکان و بەتاڵکەرەوەکانی، چونکە ئەمە زانستێکە کەسی داواکراو (مُكَلَّف) ناتوانێت خۆی لێ نەزان بکات، وەکوو ناسینی دروستکارو ئەوەی پێویستە بۆ ئەو، وە ئەوەی ناگونجێت و مەحاڵە لەسەری، وە ناسینی پێغەمبەرەکانی، وە چۆنیەتی فەڕزە عەینیەکان .

بەڵام هەبوونی زانست بە خوای گەورە: ئەوە سیفەتەکەی پەیدا ئەبێت لە ناسینە دڵیەکان، ئەمەش بەدەست نایێت لە زانستی

[٦٧] ئیبن و ماجە لە (سنن ابن ماجة)(ذ٢٢٤): كتاب المقدمة ـ باب فضل العلماء، والحث على طلب العلم، ڕیوایەتی کردووە، پرسیار لە ئیمامی نەوەوی کرا دەربارەی ئەو فەرموودەیە، ئەویش فەرمووی: فەرموودەیەکی بێ هێزە، ئەگەر چی سەحیحیشە، وە قوتابیەکەی حافیزی جمال الدین میزی دەفەرموێت: ئەو فەرموودەیە لە چەندین ڕێگاوە ڕیوایەتکراوەو دەگاتە پلەی حەسەن، ئەلبانیش دەفەرموێت: سەحیحە بێ لە وتەی: "وواضع العلم عند غير أهله ..." با سەیری (شروح ابن ماجة)(ب١/ل١٤٥) بکرێت . دانەر

کەلاما بەڵکوو نزیکە ببێتە پەردەو ڕێگریش، بێگومان بەهۆی تێکۆشان پێی ئەگات[٦٨] .

پایەی دووەم: "تەقوای دڵەکانە"، ئەوە بەگەورە زانینی دروشمەکانی خوای گەورەیە، لەوانە: بەگەورە زانینی خوای حەق و دۆستانی ـ لە پشتیوانی کردن و دەرخستنیان، وە پاراستنی قەدەغەکراوەکانی خوای گەورە ـ لە شوینەکان و کاتەکان و هەناسەکاندا، لەبەر وتەی خوای گەورە: ﴿ذَٰلِكَۖ وَمَن يُعَظِّمۡ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقۡوَى ٱلۡقُلُوبِ ٣٢﴾[٦٩] واتە: (ئا بەو شێوەیە هەر کەسێك دروشمەکانی خوای گەورە بە مەزن و گەورەیان بزانێ ئەوە نیشانەی هەبوونی تەقوای دڵەکانە)، ﴿تَقۡوَى ٱلۡقُلُوبِ﴾ واتە: نیەت پاکترینیان و وەرگیراویان لای پەروەردگار ـ عَزَّ وَجَلَّ، "لە زیادەی ئیمان و هێزی یەقینا" .

وە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَٱلۡبُدۡنَ جَعَلۡنَٰهَا لَكُم مِّن شَعَٰٓئِرِ ٱللَّهِ ٣٦﴾[٧٠] واتە: (بێگومان سەر بڕینی ئاژەڵە دابەستیەکان بۆ قوربانی کردن بۆ ئێوەمان کردە نیشانەو دروشمی خوای

---

[٦٨] (فیض القدیر)(ب٤/ل٢٦٧) . دانەر

[٦٩] سورة الحج .

[٧٠] سورة الحج .

گەورە)، لەبەر ئەوەی بە گەورە زانینی یەکێکە لە تەقوای دڵەکان، کە دڵی کەسە بە تەقواو پیاو چاکەکانی پێ وەسف دەکرێت، وە بێگومان یەکێك لە جۆرەکانی ڕوونکردنەوە کە لەخۆی بگرێت: کەوا باسی لەفزێکی گشتی بکرێت پاشان لە هەندێك شوێن ڕوونی دەکاتەوە بە هاتنە ژوورەوەی هەندێك لە کەسە تاکەکانی ئەو گشتیە، جا ئەو تاکە دەبێتە هاتنە ژوورەوەی یەکجارەکی ناکرێت دەربکرێت بە شتێکی تایبەت"، جا مەبەستی ئێمە بەوە ئەو ئایەتە پیرۆزەیە، لەبەر ئەوەی وتەی خوای گەورە ﴿ذَٰلِكَۖ وَمَن يُعَظِّمۡ شَعَـٰٓئِرَ ٱللَّهِ﴾ گشتیە لە هەموو دروشمەکانی خوای گەورە، جا خوای گەورە دەقی وتەکەی لەسەر ئەوەیە کەوا قوربانی کردنی (البدن) تاکێکە لە تاکەکانی ئەو گشتیەو لە ناویدایە بە یەکجارەکی، هەر وەکوو لە وتەی خوای گەورە ﴿وَٱلۡبُدۡنَ جَعَلۡنَـٰهَا لَكُم مِّن شَعَـٰٓئِرِ ٱللَّهِ ٣٦﴾ جا بە گەورە زانینی (البدن) قوربانی کردنی ئەو جۆرە ئاژەڵانەو قەڵەو کردنیان و بەچاك زانینیان ئەچێتە نێو ئەم ئایەتەوە، هەر وەکوو ئیمامی بوخاری باسی کردووە کەوا ئەوان بۆ قوربانی کردن ئاژەڵە کانیان قەڵەو دەکردو وایان

سەیر دەکرد کەوا ئەم کارە بە گەورە زانینی دروشمەکانی خوای گەورەیە[٧١] .

ـ خوای گەورە دەفەرموویّت: ﴿ذَٰلِكَۖ وَمَن يُعَظِّمۡ حُرُمَٰتِ ٱللَّهِ فَهُوَ خَيۡرٞ لَّهُۥ عِندَ رَبِّهِۦۗ ۝٣٠﴾[٧٢]، ﴿وَمَن يُعَظِّمۡ حُرُمَٰتِ ٱللَّهِ﴾ واتە: هەر کەسێك ڕێز لە فەرمانەکانی خوای گەورە بگرێت و فەڕزەکانی بە گەورە بزانیّ، وە خۆشی لەو شتانە بپارێزیّ کە دروست نیە دەستی بۆ ببردرێت و ئەنجام بدرێت، ﴿فَهُوَ﴾ جا ئەم بە گەورە زانینە، ﴿خَيۡرٞ لَّهُۥ﴾ چاکەیەکە بۆ کەسی بە گەورەزان، ﴿عِندَ رَبِّهِۦۗ﴾ لای پەروەردگاری لە ڕووی پاداشت و نزیکیەوە، "لەبەر ئەوەی بە گەورە زانینی خوایە"، جا هەر کەسێکیش خوا بە گەورە بگرێت، ئەوە نزیکی ئەکاتەوەو ڕێزی لیّ دەگرێت، بۆیە ئاگاداربە.

ئیبن و لقەیم لە کتێبی "المدارج" دا دەفەرموویّت: (بێگومان قەدەغەکراوەکان هەموو ئەوە ئەگرێتەوە، ئەوەش کۆی (حرمة) قەدەغەیە لەوەی کە پێویستە ڕێزی لیّ بگیرێت و بپارێزرێت لە

[٧١] بوخاری باسی کردووە لە (کتاب الأضاحي ـ بَاب في أُضْحِيَّةِ النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ بِكَبْشَيْنِ أَقْرَنَيْنِ وَيُذْكَرُ سَمِينَيْنِ، وقال يحيى بن سَعِيدٍ: سمعت أَبَا أُمَامَةَ بن سَهْلٍ قال: كنا نُسَمِّنُ الْأُضْحِيَّةَ بِالْمَدِينَةِ، وكان الْمُسْلِمُونَ يُسَمِّنُونَ) . دانەر

[٧٢] سورة الحج .

مافەکان و کەسەکان و کاتەکان و شوێنەکان، جا بە گەورە زانینی ئەوە پێدانی حەق و پاراستنیەتی لە بەزایەدان[٧٣] .

پایەی سێەم: "تاقی کردنەوەی تەقوای دڵەکان"، لەوانە: ئەدەب، هاوەڵایەتی کردن، خزمەت کردن لە پێناو خوای گەورە، هەر وەکوو خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَغُضُّونَ أَصۡوَٰتَهُمۡ عِندَ رَسُولِ ٱللَّهِ أُوْلَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱمۡتَحَنَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمۡ لِلتَّقۡوَىٰۚ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَأَجۡرٌ عَظِيمٌ ٣﴾[٧٤] واتە: (ئەو کەسانەی کە دەنگی خۆیان نزم دەکەنەوە لای پێغەمبەری خوا ﷺ ئا ئەوانە خوای گەورە دڵەکانیان تاقی دەکاتەوە تا پلەو ئاستی تەقوا لە دڵەکانیان دەرکەویت، وە هەر بۆ ئەمانەش لێخۆشبوون و پاداشتێکی گەورە هەیەو بۆیان ئامادەکراوە)، جا ئەمە ئەدەبە لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ لە کاتی قسەکردن لەگەڵی، واتە: کەسی قسەکەر دەنگی خۆی بەسەر دەنگی ئەوا بەرز ناکاتەوە، بەڵکوو دەنگی نزم ئەکاتەوەو بە ئەدەب و نەرمی و بە گەورە زانین و ڕێزو پایەدانانەوە قسەی لەگەڵ دەکات، پێغەمبەری خوا ﷺ وەکوو هیچ کەسێکیان نیە بەڵکوو جیای ئەکەنەوە لە کاتی قسەکردنیان هەر وەکوو چۆن

[٧٣] (مدارج السالكين)(ب٢/ل٧٤) . دانەر
[٧٤] سورة الحجرات .

جیای ئەکەنەوە لە غەیری ئەو لەبەر فەرزیەتی مافەکەی بەسەر ئوممەتدا، وە پێویستە ئیمانی پێ بهێنرێت، وە ئەو خۆش ویستنەش بەدەست بهێنرێت کە بەهۆی ئەوەوە نەبێت ئیمان تەواو نابێت، جا هەڵنەسان بە جێ بەجێ کردنی ئەوانە ئاگادارکراوەیەو ترسی ئەوە هەیە کەوا کاروکردەوەی بەندە بەتاڵ ببێتەوە بێ ئەوەش هەستی پێ بکات، هەر وەکوو چۆنیش بە ئەدەب بوون لەگەڵیا لە هۆکارەکانی بەدەست هێنانی پاداشت و وەرگیراوی کردەوەکانە، ئینجا مەدح و ستایشی ئەو کەسە دەکات کە دەنگی خۆی لای پێغەمبەری خوا ﷺ نزم دەکاتەوە، بەوەی کەوا خوای گەورە دڵەکانیان تاقی ئەکاتەوە لە ڕووی تەقواکارییەوە، واتە: تاقی کردنەوەو هەڵی سەنگاندن جا لە سەرەنجامی ئەوەوە دڵەکانیان بۆ تەقواکاری دەستی داو تەقوایان بەدەست هێنا، پاشان بەڵێنی پێداون بە لێخۆشبوونی گوناهەکانیان کە زامن کراوە بۆ لادان و لابردنی خراپەو ناخۆشی، وە بە دەستهێنانی پاداشتێکی مەزن کەوا هیچ کەسێك وەسفی ئەو پاداشتە نازانێت تەنها خوای گەورە نەبێت، وە بە دەستهێنانی هەموو خۆشویستراوێکی تێدایە، جا لەوەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا خوای گەورە دڵەکان تاقی دەکاتەوە بە فەرمان کردن و قەدەغە کردن و ناخۆشی، جا هەر کەسێك پەیوەست بێت بە فەرمانی خواو جێ بەجێیان بکات و شوێن ڕەزامەندی ئەو

بکەوێت، وە پەلەش بکات بۆ لای ئەوە، وە پێ کانیشی لەسەر هەواو ئارەزووەکەی بێت و پاك و پوختی بکاتەوە بۆ تەقوا، ئەو کاتە دڵەکەی چاك بووە، جا هەر کەسێك زانستی بەوە نەبێت ئەوە دەست نادات بۆ تەقواکاری .

حەزرەتی حوسەین دەفەرموێت: (هەرکەسێك خوای گەورە دڵەکەی ئەوی بۆ تەقوا تاقی بکاتەوە، ئەوە دروشمەکەی قورئان دەبێت، وە داپۆشەرەکەشی ئیمان دەبێت، وە چراکەی بیرکردنەوە دەبێت، وە بۆنەکەی تەقوا دەبێت، وە دەست نوێژەکەی تەوبە دەبێت، وە پاك و خاوێنیەکەی حەلاڵ دەبێت، وە جوانیەکەی وەڕع دەبێت،[٧٥] وە زانستەکەی زانستی دوارۆژ دەبێت، وە سەرقاڵیەکەی بەخوا دەبێت، وە مەقامەکەشی لەگەڵ خوا دەبێت، وە ڕۆژووەکەشی تا مردن دەبێت، فتار کردنەوەکەی لە بەهەشت دەبێت، وە کۆکردنەوەکەی چاکەکان دەبێت، وە گەنجینەکەی نیەت پاکی دەبێت، وە بێ دەنگیەکەی چاودێریکردن دەبێت، وە تەماشا کردنەکەشی بینینی شتان دەبێت)[٧٦] .

---

[٧٥] وەڕع: بەمانای تەقواو خۆ بەدوور گرتن لە گوناهو تاوان و شوبوهات دێت . وەرگێڕ

[٧٦] (روح البیان)(ب٩/ل٦٦– ٦٧) هی إسماعیل حەقی کوڕی مصطفی ئیستەنبوولیە، واتە: خوای گەورە جاری وا دەبێت شتێکی جیهانی ئەو دیوی بۆ نیشان دەدات لە ڕێگای دڵ و چاوەوە . وەرگێڕ

منیش دەڵێم: ئەوە پشتگیری کراوە بە وتەی خوای گەورە ﴿لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَأَجۡرٌ عَظِيمٌ ٣﴾ واتە: (ئەوانە لێخۆشبوونی خواو پاداشتێکی مەزنیان بۆ هەیە) خوای گەورە ڕوونی کردووەتەوە بە وتەی ﴿وَفَضَّلَ ٱللَّهُ ٱلۡمُجَٰهِدِينَ عَلَى ٱلۡقَٰعِدِينَ أَجۡرًا عَظِيمٗا ٩٥ دَرَجَٰتٖ مِّنۡهُ وَمَغۡفِرَةٗ وَرَحۡمَةٗۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمًا ٩٦﴾[٧٧] واتە: (خوای گەورە پاداشت و ڕێزێکی مەزنی داوەتە ئەو تێکۆشەرانە لە چاو ئەوانەی کە دانیشتوون و تێکۆشان ناکەن، چەندین پلەی مەزن و لێخۆشبوون و میهرەبانیەکەی خۆی پێیان ئەبەخشێت، بە ڕاستی خوای گەورە بەردەوام لێخۆشبوو میهرەبانە)، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: (کۆ کەرەوەی تەقوا لەو وتەی خوای گەورەیە: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ وَإِيتَآيِٕ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَيَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِ وَٱلۡبَغۡيِۚ يَعِظُكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ٩٠﴾[٧٨] واتە: (بێگومان خوای گەورە فەرمانتان پێ دەکات کەوا دادپەروەرو چاکەکار بن لەگەڵ تێکڕای دروستکراوانیدا، وە فەرمانتان پێ دەکات کەوا سیلەی ڕەحم بەجێ بگەیێنن لەگەڵ خزمەکانتان و چاکەو پیاوەتیان لەگەڵ بکەن، وە قەدەغەشتان ئەکات لە هەموو کارێکی خراپ و نابەجێ و لە سنوور دەرچوو،

---

[٧٧] سورة الحجرات .

[٧٨] سورة النحل .

خوای گەورە ئامۆژگاریتان دەكات و بۆیە ئەمانەشی بۆ باسكردن تاوەكوو بیربكەنەوە لە سەرەنجامی چاكەكردن و خراپە كردندا) .

بزانە ئەی براو خوشكی بەڕێزم: كەسێك زانستی شەرعی پیٚ ببەخشرێت، ئەوە بەڕاستی خوای گەورە دەرگای هیدایەت و تەوبەو گەڕانەوەی بەسەرا كردووەتەوە، وە كەسێكیش زانستی ناسینی پەروەردگاریێتی پیٚ ببەخشرێت، ئەوە بە ڕاستی خوای گەورە دەرگای خۆشەویستی و نزیك بوونەوەی بەسەرا كردووەتەوە، وە كەسێك كردەوەی ناسینی خوای پیٚ ببەخشرێت، ئەوە بە ڕاستی چووەتە سەر پلیكانەی نزیك بوونەوەو شت بینینا، وە كەسێكیش ڕێزی لیٚ بگیرێت بە هاوەڵایەتی كردنی ئەهلی مەعریفەتی خوایی، ئەوە بە ڕاستی خوای گەورە بە هۆی حاڵی ئەوانەوە ڕێزی لێناوە ـ كە ئەوەش جێگای ڕێزو چاكەیە لە خواوە سبحانە وتعالی، هەر وەكوو خوای گەورە دەفەرموویٚت: ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقٗا ۝٦٩ ذَٰلِكَ ٱلۡفَضۡلُ مِنَ ٱللَّهِۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ عَلِيمٗا ۝٧٠﴾[٧٩] واتە: (هەر كەسێك گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەكەی بكات ئەوە لە ڕۆژی دوایی لەگەڵ ئەو كەسانە

[٧٩] سورة النساء .

دەبێت کە خوای گەورە نیعمەت و چاکەی خۆی بەسەرا ڕێشتوون و پێیانیانی بەخشیوە لە پێغەمبەرەکان و ڕاستگۆیەکان و شەهیدەکان و چاکەکارەکاندا، جا ئەمانە چاکترین و باشترین هاوەڵن کە مرۆڤەکان لەگەڵیان بن، ئەوەش چاکەو میهرەبانی خوایە، وە بەسە خوای گەورە خۆی زاناو ئاگادارە بە ئەحواڵی گشت بوونەوەرانیدا)، حافیزی سیوتی (رحمه الله) لە "تەفسیرەکەیدا" دەفەرموویت: ﴿وَٱلصِّدِّيقِينَ﴾ هاوەڵە بەرێزەکانی پێغەمبەرەکانن (علیهم السلام) لەبەر زیادەییان لە "ڕاستگۆیی و بە ڕاست زانیندا". ﴿وَٱلشُّهَدَآءِ﴾ کوژراوەکان لە پێناو خوا. ﴿وَٱلصَّٰلِحِينَ﴾ ئەوانەی کە هەڵئەستن بە جێ بەجێ کردنی مافەکانی خوای گەورەو مافەکانی بەندەکانی. ﴿وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقًا﴾ هاوەڵانێك لە بەهەشتدا کەوا چێژ وەربگیرێت بەهۆی بینینیان و سەردانی کردنیان و ئامادەبوون لەگەڵیان هەر چەندەش شوێنەکانیان لە پلە بەرزەکانە لە چاو غەیری ئەوان . عەللامەی صاوی (رحمه الله) دەفەرموویت: ماناکەی وایە: ئەو کەسەی کە گوێڕایەڵی خوای گەورە دەکات بووەتە هاوەڵی ئەو کەسە کە باسی کراوە، جا ئەوەش بەهۆی سەفەر کردن و ماندوو بوون نیە بەڵکوو ئەو کەسەی کە باسی کراوە بۆی دەرئەخات و قسەی

لەگەڵ ئەکات، لەگەڵ هەندێش هەر یەکێکیان لە پلەیەکی خۆیدایە، نە ئەوە بەرز ئەبێتەوە بۆ ئەوە وە نەئەوەش نزم ئەبێتەوە بۆ ئەوە، خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿إِخۡوَٰنًا عَلَىٰ سُرُرٖ مُّتَقَٰبِلِينَ ٤٧﴾[٨٠] واتە: (ئەهلی بەهەشت گشتیان وەکوو برا لەسەر کورسی و قەنەفەو وێنەی ئەوانە بەرامبەر یەکتری دائەنیشن و هیچ بوغزو ڕق و کینەیەکیان لەدڵدا نیە)، جا ئەگەر کەسێك ئارەزووی قسەکردن و بینینی پێغەمبەری کرد ئەوە بۆی فەراهەم دێت بێ ماندوو بوون و گواستنەوە[٨١] . هەر وەکوو ئیمامی ئەحمەدو ئەبو داودو ترمذی لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە ئەویش لە پێغەمبەرەوە ﷺ کە دەفەرموویێت: (الْمَرْءُ على دِينِ خَلِيلِهِ" فَلْيَنْظُرْ أحدكم من يُخَالِلُ)[٨٢] واتە: (مرۆڤ لەسەر دینی دۆستەکەی خۆیەتی،

---

[٨٠] سورة الحجر .

[٨١] (حاشية العلامة الصاوي)(ب١/ل٢٢٨): هی شێخ ئەحمەدی کوڕی محمد خەلوتیە کە بە ناوبانگە بە صاوی (و١٢٤١هـ) . دانەر

[٨٢] ئیمامی ئەحمەد لە (مسند احمد)(ب٨/ل٣٠٧/ژ٨٣٩٨)، وە ئەبو داود لە(سنن أبی داود)(ژ٤٨٣٣): هی سلێمانی کوڕی ئەشعەسی سیجیستانی ئەزدیە (و٢٧٥هـ)، کتاب الأدب ـ باب ما يؤمر أن يجالس، وە ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٢٣٧٨): كتاب الزهد ـ باب ما جاء في أخذ المال في حقه، وە بەیهەقی لە (شعب الإيمان) (ب٧/ل٥٥/ژ)، محمدی کوڕی عبد الله خەتیبی تەبرێزی (و٧٣٧هـ)، لە کتێبی (مشكاة المصابيح)(ب٣/ل١٣٩٧)دا دەفەرموویێت: ئەحمەدو ترمذی و ئەبو داود وە بەیهەقی لە (شعب الإيمان) ڕیوایەتیان کردووە، نەوەویش دەفەرموویێت: سەنەدەکەی سەحیحە. دانەر

جا با هەر یەکێك لە ئێوە تەماشا بکات با بزانێت دۆستایەتی کێ ئەکات) .

ئیمامی غەزالی دەفەرمووێت: دانیشتن لەگەڵ کەسی بایەخ پێدەر بەشتان و تێکەڵاوی کردن لەگەڵی گرینگی و بایەخ پێدان ئەجووڵێنێ، وە تێکەڵاوی و دانیشتن لەگەڵ کەسی زاهیدو دونیا نەویست زوهدو دونیا نەویستی بەرهەم دێت، لەبەر ئەوەی سروشتی مرۆڤ خووی بەوەوە گرتووە لە پێکچواندن و شوێنکەوتندا، بەڵکوو سروشتی مرۆڤ لەسروشتی مرۆڤێکی ترەوە شت ئەدزێ لەو ڕووەوە کە ناشی زانێت[٨٣] .

هەر بۆیەش گوتراوە: "من جالس جانس" واتە: کەسێك دابنیشێ لەگەڵ کەسێکی ترا وەکوو یەك ئەبن و پێك ئەچن، وە فوزەیلی کوڕی عیاز دەفەرمووێت: "کەسێك لەگەڵ کەسێکی بیدعەتکارا دابنیشێ ئەوە حیکمەتی پێ نادات"[٨٤] .

---

[٨٣] (تحفة الأحوذي)(ب٧/ل٤٢): هی ئەبو لعەلا محمد عبد الرحمن کوڕی عبد الرحیم موبارەکفۆریە:- (و١٣٥٣هـ)، (مرقاة المفاتیح)(ب٩/ل٢٢٤): هی عەلی کوڕی سوڵتان محمدی قاریە (و١٠١٤هـ) . دانەر

[٨٤] بەیهەقی لە (شعب الإیمان)(ب٧/ل٦٤/ژ٩٤٨٢)، وە لە (تاریخ مدینە دمشق)(ب٤٨/ل٣٩٨) ڕیوایەتی کردووە . دانەر

وه گێڕدراوەتەوه: کەسێك لەگەڵ هەشت چینا دابنیشێ ئەوه خوای گەوره هەشت شتی بۆ زیاد ئەکات: کەسێك لەگەڵ سەرکردەکانا دابنیشێ: خوای گەوره گەورەیی و دڵ ڕەقی بۆ زیاد ئەکات. وه کەسێك لەگەڵ دەوڵەمەندەکانا دابنیشێ: خوای گەوره پێداگری کردنی بۆ به دەستهێنانی دونیاو ئەوەی لە ناویدایه بۆ زیاد ئەکات. وه کەسێك لەگەڵ هەژارەکان دابنیشێ: خوای گەوره ڕازیبوون به بەشی خۆی بۆ زیاد ئەکات. وه کەسێك لەگەڵ منداڵان دابنیشێ: خوای گەوره یاری و ڕابواردنی بۆ زیاد ئەکات. وه کەسێك لەگەڵ ئافرەتان دابنیشێ: خوای گەوره نەزانی و ئارەزووبازی زیاد ئەکات. وه کەسێك لەگەڵ چاکەکارەکان دابنیشێ: خوای گەوره ئارەزووی لە خواپەرستیا بۆ زیاد ئەکات. وه کەسێك لەگەڵ زاناکان دابنیشێ: خوای گەوره زانست و خۆپارێزی زیاد ئەکات. وه کەسێك لەگەڵ گوناهباران دابنیشێ: خوای گەوره گوناهو دواخستنی تەوبەی بۆ زیاد ئەکات.[٨٥]

[٨٥] (البرهان المؤيد)(ل١٠٩): هی ئیمامی ڕەببانی سەید ئەحمدی ڕیفاعی ـ قدس الله روحه: (و٥٧٨هـ) . دانەر

هەر وەکوو پێغەمبەری خواش کە دەفەرموویت: (خِيَارُكُمُ الَّذِينَ إِذَا رُؤُوا، ذُكِرَ اللّٰهُ بِهِمْ)[٨٦] واتە: (چاکترینتان ئەو کەسانەن کە کاتێك ئەبینرێن، یادی خوای گەورە دەکرێت بەهۆی ئەوانەوە)، وە لە ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە کەوا دەفەرموویت: وتیان ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ کامە لە ئێمە چاکترە تاوەکوو دابنیشین لەگەڵیاو بیکەینە مامۆستا؟ ئەویش فەرمووی: (الَّذِي إِذَا رُئِيَ ذُكِرَ اللّٰهُ لِرُؤْيَتِهِ)[٨٧] واتە: (ئەو کەسەیە کە کاتێك بینرا یادی خوای گەورە دەکرێت لەبەر بینینەکەی)، وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویت: (أولياء الله الذين إذا رؤوا ذكر الله لرؤيتهم)[٨٨] واتە: (ئەولیاکانی خوای گەورە ئەو کەسانەن کە کاتێك بینران یادو زیکری خوای گەورە دەکرێت لەبەر بینینەکەیان)، وە پێغەمبەر ﷺ پرسیاری لێ کرا: کامە مەجلیس و دانیشتنەکانمان چاکە؟ ئەویش فەرمووی: (من ذكركم الله رؤيته، وزاد في علمكم منطقه، وذكركم في الآخرة

---

[٨٦] حەکیمی ترمذی لە ئەنەسەوە ڕیوایەتی کردووە، سەیری (کنز العمال) بکە: هی عەلی کوڕی حسام الدین موتتەقی هیندی (و٩٧٥هـ)، (ب١/ل٢١٤) . دانەر

[٨٧] حەکیمی ترمذی لە ئەنەسەوە ڕیوایەتی کردووە، سەیری (الدر المنثور) بکە: (ب٤/ل٢٧٢). دانەر

[٨٨] نور الدین عەلی کوڕی ئەبو بەکری کوڕی کوڕی سلێمانی هەیثەمي (و٨٠٧هـ) لە (مجمع الزوائد) (ب١٠/ل٨٠) دا دەفەرموویت: بەززار لە شەیخی خۆی عەلی کوڕی حەربەوە ڕیوایەتی کردووە، من ئەو پیاوە نایناسم، بەڵام باقی پیاوەکانی تر جێی متمانەن (ثقات). ئەلبانیش دەفەرموویت: "سەحیحە" لە (صحيح الجامع)(ژ٢٩٨٧)، وە (السلسلة الصحيحة)(ژ١٧٣٣). دانەر

**عمله)[89] واته: (ئەو کەسەی بەهۆی بینینی خوای گەورەتان بەبیر بهێنێتەوە، وە قسەکردنەکەی زانستان زیاد بکات، وە کردەوەکەشی دوارۆژتان بیر بخاتەوە) .**

**تاوەکوو لە ئیسلامەتیەوە بەرز بێتەوە بۆ ئیمان، وە لە ئیمانیشەوە بۆ دڵنیایی، وە لە دڵنیاییەوەش بۆ مەعریفەت، وە لە مەعریفەتەوە بۆ خۆشەویستی، وە لە خۆشەویستیەوە بۆ خۆشویستراوێتی لای زاتی پاکی، وە لە خۆشویستراوێتی بۆ نزیکی و بینین لەوەوە ـ سبحانە وتعالی، هەر وەکوو خوای گەورە دەفەرمووێت:** ﴿إِنَّ ٱلْمُسْلِمِينَ وَٱلْمُسْلِمَٰتِ وَٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ وَٱلْقَٰنِتِينَ وَٱلْقَٰنِتَٰتِ وَٱلصَّٰدِقِينَ وَٱلصَّٰدِقَٰتِ وَٱلصَّٰبِرِينَ وَٱلصَّٰبِرَٰتِ وَٱلْخَٰشِعِينَ وَٱلْخَٰشِعَٰتِ وَٱلْمُتَصَدِّقِينَ وَٱلْمُتَصَدِّقَٰتِ وَٱلصَّٰٓئِمِينَ وَٱلصَّٰٓئِمَٰتِ وَٱلْحَٰفِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَٱلْحَٰفِظَٰتِ وَٱلذَّٰكِرِينَ ٱللَّهَ كَثِيرًا وَٱلذَّٰكِرَٰتِ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا ﴿٣٥﴾﴾[90] **واته:**

---

[89] ئەبو یەعلا لە (مسند أبی یعلی)(ب٤/ل٣٢٦/ژ٢٤٣٦): هی ئەبو یەعلای ئەحمەدی کوڕی عەلی کوڕی موسەنناى مەوصیڵی تەمیمیە(و٣٠٧هـ)، وە عبد حومەید لە (مسند عبد حمید)(ب١/ل٢١٣/ژ٦٣١): هی ئەبو محمد عەبدی کوڕی حومەیدی کوڕی نەصرە (و٢٤٩هـ) ڕیوایەتیان کردووە. هەیثەمی لە (مجمع الزوائد)، (٢٢٦/١٠) دا دەفەرمووێت: ئەبو یەعلا ڕیوایەتی کردووە، موبارەکی کوڕی حەسسانی تێدایە، متمانەی پێ دراوە (وثق)، وە باقی پیاوەکانی تر سەحیحن. دانەر

[90] سورة الأحزاب .

(بێگومان پیاوە موسڵمانەکان و ئافرەتە موسڵمانەکان، وە پیاوە ئیماندارەکان و ئافرەتە ئیماندارەکان، وە پیاوە خواپەرستەکان و ئافرەتە خواپەرستەکان، وە پیاوە ڕاستگۆیەکان و ئافرەتە ڕاستگۆیەکان، وە پیاوە ئارام گرەکان و ئافرەتە ئارام گرەکان، وە پیاوە لە خواترس و ملکەچەکان و ئافرەتە لە خوا ترس و ملکەچەکان، وە پیاوە خێرکەرەکان و ئافرەتە خێرکەرەکان، وە پیاوە بە ڕۆژوو بووەکان و ئافرەتە بە ڕۆژوو بووەکان، وە ئەو پیاوو ئافرەتانەی کە داوێنی خۆیان ئەپارێزن لە حەڕام، وە ئەو پیاو ئافرەتانەی کە زۆر زیکری خواش دەکەن، ئەوە بۆ ئەمانەی کەباس کرا خوای گەورە لێبوردنی خۆی پێیان ئەبەخشێت و پاداشتێکی مەزنیشی بۆ ئامادەکردوون لە بەهەشتەکانی خۆی)، ﴿إِنَّ ٱلۡمُسۡلِمِينَ وَٱلۡمُسۡلِمَٰتِ﴾ واتە: ئەو موسڵمانانەی لەپیاو و ئافرەتان کەوا بە وتەو کردەوەو حاڵ ملکەچن بۆ حوکمی خوای گەورە، ﴿وَٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ﴾ واتە: ئیماندارە یەکتاپەرستەکان لە هەردوو لا، جا ئیمان و بەڕاست دانان بەدڵ و بە بیرو بڕوا لەگەڵ کردەوە کردن بە ڕووکنەکان، "ئەوەش جێگای کۆکەرەوەی خواپەرستیەکانە". ﴿وَٱلۡقَٰنِتِينَ وَٱلۡقَٰنِتَٰتِ﴾ واتە: خواپەرست و گوێڕا یەڵ و ملکەچ و زەبوونن لە گشت عیبادەت و خواپەرستیەکان، وە لە گشت حاڵەتەکان و بەردەوام بوون

لەسەریان. ﴿وَٱلصَّـٰدِقِينَ وَٱلصَّـٰدِقَـٰتِ﴾ واتە: ڕاستگۆن لە ئیمان و نیەت و وتەو کردەوەکانیاندا، وە لە پەیمان و گرێبەست و ڕەچاو کردنی پاراستنی سنوورەکانیاندا. ﴿وَٱلصَّـٰبِرِينَ وَٱلصَّـٰبِرَٰتِ﴾ واتە: ئەوانەی کە ئارام دەگرن لەسەر خواپەرستی و ئارەزووەکاندا، وە لە بەڵاوناخۆشی و سەختیەکان لە هەموو ئەوشتانەی کە بەسەریان دادێت لە قەزاو قەدەر. ﴿وَٱلْخَـٰشِعِينَ وَٱلْخَـٰشِعَـٰتِ﴾ واتە: ئەوانەی کە ملکەچ و خۆ بەکەم زانن بە دڵ و ئەندامەکانیان لەبەر خوای گەورە ـ عَزَّ وَجَلَّ، هەندێکیان وتویانە: (خشوع): ملکەچی دەرەوەو ژوورەوەیە بۆ خوای گەورە. ﴿وَٱلْمُتَصَدِّقِينَ وَٱلْمُتَصَدِّقَـٰتِ﴾ لەو ماڵ و سامان و گیانەی کە هەیانە ئەبەخشن، جا فەرز بێت یاخود سوننەت، بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو ڕاکردن لە تووڕە بوونەکەی. ﴿وَٱلصَّـٰٓئِمِينَ وَٱلصَّـٰٓئِمَـٰتِ﴾ واتە: ئەو کەسانەی کە لە مانگی ڕەمەزان و غەیری ڕۆژەکانی مانگی ڕەمەزاندا بەڕۆژو دەبن لە پێناو خوای گەورە ـ عَزَّ وَجَلَّ، بەڵکوو دەروون گری خۆیانن بە تەواوی لەو شتانەی کە خوای گەورە پێی ڕازی نیە، ﴿وَٱلْحَـٰفِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَٱلْحَـٰفِظَـٰتِ﴾ واتە: ئەوان دامێنی خۆیان لە قەدەغە کراوەکان و هەموو تاوانەکان ئەپارێزن، وە لە داواکردنی تێپەڕاندن و دەست درێژی کردن بە ئەندازەی پێویست لە حەڵاڵ.

بۆیه وریابه. ﴿وَٱلذَّٰكِرِينَ ٱللَّهَ كَثِيرًا وَٱلذَّٰكِرَٰتِ﴾ واته: ئەوانەی کە زۆر زیکر دەکەن بە زمان و دڵ و ئەندامەکان، وە لە هەموو ئەحواڵەکانیان تێ ئەکۆشن تاوەکوو بێ ئاگا نەبن، وە بە گشتی سڵ ناکەنەوە. ﴿أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا﴾ واته: ئەو کەسانەی کە وەسفکراون بەو سیفەتانە لە هەر دوو لا (لە پیاو و ئافرەت): "جوانی بینینی ئەو" و "ڕێزی دوارۆژ" ـ "لە لێخۆش بوون و بەهەشت و ڕەزامەندیان" بۆ دەستەبەر دەبێت و پێیان ئەبەخشرێت.

عەللامە فخر الدینی ڕازی لە "تەفسیرەکەی خۆیدا" دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱلْمُسْلِمِينَ وَٱلْمُسْلِمَٰتِ وَٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ﴾ بۆ پیاو ئافرەتەکان دە پایە باسکراوە: "یەکەم" ئیسلامەتی و ملکەچی نواندن بۆ فەرمانی خوای گەورە، "دووەم" ئیمان هێنان بەوەی کە فەرمانی خوای گەورەی لەسەرە، لەبەر ئەوەی کەسی داواکراو (مكلف) یەکەم جار هەموو ئەو شتانە دەڵێ کە ئەو ئەیلێ ڕووتێکە ئەوە ئیسلامە، جا ئەگەر خوای شتێکی وت ئەویش ڕاستی قسەکەی وەرگرت و بیرو باوەڕەکەی ڕاستکردەوە ئەوە ئیمانە، ئینجا بیروباوەڕەکەی بانگی ئەکات بۆ کاری جوان و کردەوەی چاك، ئیتر ملکەچ ئەبێت و خواپەرستی ئەکات، وە ئەوە"پایەی سێەمە" کە باسکراوە بە وتەی: ﴿وَٱلْقَٰنِتِينَ وَٱلْقَٰنِتَٰتِ﴾

ئینجا کاتێك کە ئیمان دێنێت و کردەوەی چاك ئەکات کامڵ دەبێت و غەیری خۆشی کامڵ ئەکات، وە فەرمان بە چاکە ئەکات، وە برایەکەی خۆی ئامۆژگاری دەکات، جا لە کاتی ئامۆژگاریدا ڕاستگۆ دەبێت لە قسەکردنەکەی، وە ئەوەش مەبەستە بە وتەی: ﴿وَٱلصَّٰدِقِينَ وَٱلصَّٰدِقَٰتِ﴾ ئینجا کەسێك کە فەرمان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە دەکات ئەوە توشی ئەزیەت و ئازار ئەبێت و ئارام دەگرێت لەسەری، هەر وەکوو خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَٱلصَّٰبِرِينَ وَٱلصَّٰبِرَٰتِ﴾ ئینجا کاتێك کە کامڵ ئەبێت دەکرێت شانازای بە نەفسی خۆیەوە بکات، وە سەرسام بێت بە خواپەرستیەکانی، جا ڕێگری لیٚ دەکات لەو (دەردانە) بە وتەی: ﴿وَٱلۡخَٰشِعِينَ وَٱلۡخَٰشِعَٰتِ﴾ یاخود دەڵێین لە باسکردنی ئەو چاکانەدا ئاماژەی بۆ لای ئەو شتانە کردووە کە ئەبێتە ڕێگر لێیان ئەوەش یان خۆش ویستنی نێوبانگە یاخود خۆش ویستنی ماڵە لە کاروبارە دەرەکیەکان، یاخود ئارەزووبازیە لە کاروبارە ناوەکیەکان، وە تووڕەیی لە ناویاندا دەبێت بۆیەش ئەبێت لەبەر هۆکاری کەمی ناوبانگ یاخود لەناو چوونی ماڵ یاخود ڕێگری کردن لە کارێکی حەز پێککراودا، جا وتەی: ﴿وَٱلۡخَٰشِعِينَ وَٱلۡخَٰشِعَٰتِ﴾ واتە: ئەو خۆ بەکەم زانانەی کە ئارەزووی ناو بانگ

ناکەن لە خواپەرستیدا، پاشان خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَٱلۡمُتَصَدِّقِينَ وَٱلۡمُتَصَدِّقَٰتِ﴾ واتە: ئەو کەسانەی کە ماڵی خۆیان ئەبەخشن و ماڵەکەیان ناکەنە گەنجینەو هەڵیگرن لەبەر زۆر خۆش ویستنیان، ﴿وَٱلصَّٰٓئِمِينَ وَٱلصَّٰٓئِمَٰتِ﴾ ئاماژەیە بۆ ئەو کەسانەی کەوا ئارەزووە ناوەکیەکان ڕێگریان لێ ناکەن لە خواپەرستی، ئینجا خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَٱلۡحَٰفِظِينَ فُرُوجَهُمۡ وَٱلۡحَٰفِظَٰتِ﴾ واتە: ئەو کەسانەی کەوا ئارەزووە دامێنیەکان ڕێگریان لێ ناکەن، ئینجا خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَٱلذَّٰكِرِينَ ٱللَّهَ كَثِيرٗا وَٱلذَّٰكِرَٰتِ﴾ واتە: ئەوانە لە هەموو ئەحواڵەکانیان زیکرو یادی خوا دەکەن، جا ئیسلامەتی و ئیمان و بەندایەتی و ڕاستگۆیی و ئارام گرتن و ترس و بەخشین و ڕۆژوو گرتنیان بە نیەتی ڕاستگۆیانە دەبێت بۆ خوای گەورە، وە بزانە خوای گەورە لە زۆربەی جێگاکان کە باسی زیکری کردبێت ئەوە لێرەدا نزیکی خستۆتەوە بەزۆرینە، وە لە دوای ئەم وتەوە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ ذِكۡرٗا كَثِيرٗا ٤١﴾[٩١] واتە: (ئەو ئەو کەسانەی کە ئیمانتان هێناوە زۆر یادو زیکری خوای گەورە بکەن)، وە لە پێشدا دەفەرموویت: ﴿لِّمَن كَانَ يَرۡجُواْ ٱللَّهَ وَٱلۡيَوۡمَ ٱلۡأٓخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ

---

[٩١] سورة الأحزاب .

كَثِيرًا ﴿٢١﴾[٩٢] واته: (بۆ كەسێكە كەوا ئومێدی بە خواو ڕۆژی دوایی هەیە بە چوونە نێو بەهەشتەوە، وە زیكرو یادی خواش زۆر ئەكات)، لەبەر ئەوەی زیاتركردنی كردارە لاشەییەكان ناكرێت و ناگونجێت یاخود سەخت وگرانە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ خواردن و خواردنەوەو پەیداكردنەكەی ڕێی لێ ئەگرێت لەوەی كەوا بەردەوام سەرقاڵ بێت بە نوێژەكان، بەڵام هیچ ڕێگریەك نیە لەوەی كەوا یادی خوای گەورە بكات و خواردنیش بخوات، وە بشخواتەوەو یادی خوا بكات، یاخود بە ڕۆیشتنەوە، یاخود لە فرۆشتن، یاخود لە كڕین، وە هەر بۆ لای ئەوەش ئاماژەكراوە بەو وتەیەی خوای گەورە: ﴿ٱلَّذِينَ يَذْكُرُونَ ٱللَّهَ قِيَـٰمًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمْ ﴿١٩١﴾[٩٣] واته: (خاوەن ژیرەكان ئەو كەسانەن كەوا زیكرو یادی خوای گەورە دەكەن بە ڕۆیشتن و دانیشتن و لەسەر لاتەنیشت و درێژبوونەوە)، وە لەبەر ئەوەی هەموو كردەوەكان دامەزراوییەكەی پەیوەستە بەزیكری خواوە ئەویش نیەتە، ﴿أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا﴾ لەبەر ئەوەی لێخۆشبوون لابەری ئەو گوناهانەیە كە لە دونیا نەفس خووی پێوە گرتبوو، وە پاداشتی مەزنیش ئاماژەیە بۆ ئەو ژیانەی كە لە دوای بەجێ هێشتنی دونیا لە

---

[٩٢] سورة الأحزاب .

[٩٣] سورة آل عمران .

نەفس جا خوای گەورە کردەوە ناشیرینە ئاژەڵیەکان لێی لا ئەبات و ڕەوشتە چاکە فریشتەییەکانی بەبەرا ئەکات[٩٤] .

ئەی خوێنەری بەڕێز بزانە: کەوا خاوەن شەرعی داناو حەکیم لە دەقەکانی شەریعەتی پیرۆزدا ڕێککەوتن و دەست لەملانێی داناوە لە نێوان ڕۆژوو گرتن و هەڵسان بۆ خواپەرستی لە شەو، ئا ئەوەیە کە باسەکەی لە خوارەوە دێت:-

ئیمامی ئەحمەدو غەیری ئەویش ڕیوایەتیان کردووە، کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (إِنَّ اللَّهَ فَرَضَ صِيَامَ رَمَضَانَ عَلَيْكُمْ، وَسَنَنْتُ لَكُمْ قِيَامَهُ، فَمَنْ صَامَهُ وَقَامَهُ إِيمَانا وَاحْتِسابا خَرَجَ مِنْ ذُنُوبِهِ كَيَوْمِ وَلَدَتْهُ أُمُّهُ)[٩٥] واتە: (خوای گەورە ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانی لەسەر ئێوە فەرز کردووە، وە منیش شەوەکانی ڕەمەزانم وەکوو سوونەتێك بۆ ئێوە داناوە بۆ خواپەرستی کردن لە شەوەکانیدا، جا هەر کەسێك بەڕۆژوو بێت و شەوەکانیش خواپەرستی تیا بکات بە ئیمانەوەش ئەم کارانە بکات وە پاداشتەکەشی هەر لەسەر خوا حیساب و هەژمار بکات، ئەوە لە هەموو تاوانەکانی پاك دەبێتەوەو دەرئەچێت، هەر وەکوو ئەو

[٩٤] (التفسير الكبير)(ب٢٥/ل١٨٢) . دانەر

[٩٥] سەیری لاپەرە (٩) بکە بۆ زانینی تەخریجەکەی . دانەر

ڕۆژەی کە لە دایکی دەبێت)، وە ئیمامی بوخاری و موسلم لە ئەبو هورەیرەوە (رضي الله عنه) ڕیوایەتیان کردووە کەوا پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموویت: (مَنْ صَامَ رَمَضَانَ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ له ما تَقَدَّمَ من ذَنْبِهِ، وَمَنْ قام لَيْلَةَ الْقَدْرِ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ له ما تَقَدَّمَ من ذَنْبِهِ)[96] وتەی: (إِيمَاناً) واتە: هەر کەسێك مانگی ڕەمەزان به چوست وچالاکی و دڵ خۆشیەوە بە ڕۆژوو بێت، ئەگەرچی با ڕۆژەکەشی درێژو گەرم بێت، (وَاحْتِسَاباً) بەو ئومێدەش کەوا لای خوای گەورە وەرگیراو ئەبێت و پاداشت ئەدرێت، یاخود مەبەست بە ڕۆژیەکەی تەنها لەبەر خواو پاداشتەکەی بێت، یاخود (إِيمَاناً) کەوا فەرز کراوە لەسەری، وە (احْتِسَاباً) پاداشتەکەی هەر لای خوای گەورەیە، جا کەسێك بەو جۆرەی کە باسی لێوە کرا ڕۆژووەکەی بگرێت و شەوی قەدری پیرۆزیشی بەو شێوەیە هەڵسێتەوە ئەوە خوای گەورە لە گوناهەکانی پێش و دوایی خۆش ئەبێت) .

لە فەرموودەیەکی درێژدا لە ئیبن و عەباسەوە (رضي الله عنهما) ڕیوایەتکراوە ئەویش لە پێغەمبەرەوەﷺ حەزرەتیش لە خوای گەورەوە نەقڵی کردووە کەوا خوای گەورە دەفەرمووێت:

---

[96] سەیری لاپەرە (٢٥) بکە بۆ زانینی تەخریجەکەی . دانەر

(أُشْهِدُكُمْ يَا مَلائِكَتِي أَنِّي جَعَلْتُ ثَوابَهُمْ مِنْ صِيَامِهِمْ شَهْرُ رَمَضَانَ وَقِيَامِهِمْ" رِضَائِي وَمَغْفِرَتِي)[97] واته: (ئەی فریشتەکانم ئێوه شاهێد بن پاداشتەکەی ئەوانم کە ڕەزامەندی لێخۆش بوونی منه لە ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان و خواپەرستی شەوەکانیانم داناوه)، وه ئیمامی بوخاری و موسلم لە ئەبو هورەیرەوه (رضي الله عنه) ڕیوایەتیان کردووه کەوا پێغەمبەری خوا بۆ خواپەرستی لە شەوەکانی ڕەمەزان هانی خەڵکی ئەدا بێ ئەوەی فەرمانیان پێ بکات بە سووربوون لەسەری دەیفەرموو: (من قام رَمَضَانَ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ له ما تَقَدَّمَ من ذَنْبِهِ)، جا پێغەمبەر ﷺ وەفاتی کرد کارەکە بەو جۆرە مایەوه، پاشان کارەکە هەروا مایەوه تا سەردەمی ئیمامی ئەبو بەکرو هەندێکیش لە خەلافەتی ئیمامی عومەر[98] .

وه لە ڕیوایەتی ئیمامی ئەحمەد لە عوبادەی کوڕی صامیتەوه هاتووه کەوا فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا هەواڵمان بدەرێ دەربارەی (ليلة القدر) شەوی قەدر، ئەویش فەرمووی: (هي في رَمَضَانَ الْتَمِسُوهَا في الْعَشْرِ الأَوَاخِرِ، فَإِنَّهَا وِتْرٌ في إِحْدَى وَعِشْرِينَ، أو ثَلاَثٍ وَعِشْرِينَ، أو خَمْسٍ وَعِشْرِينَ، أو سَبْعٍ وَعِشْرِينَ، أو تِسْعٍ

[97] (تاريخ مدينه دمشق)(ب٥٢/ل٢٩٢): هی ئیبن و عەساکر . دانەر

[98] ئیمامی موسلم لە (صحيح مسلم)(ژ١٧٧٧): كتاب صلاة المسافرين وقصرها ـ باب الترغيب في قيام رمضان، وهو التراويح، ڕیوایەتی کردووه. دانەر

وَعِشْرِينَ، أو في آخِر لَيْلَةٍ" فَمَنْ قَامَهَا إِيمَاناً وَاحْتِسَاباً غُفِرَ له ما تَقَدَّمَ من ذَنْبِهِ وَمَا تَأَخَّرَ)[٩٩] واته: (ئەو شەوە لە ڕەمەزاندایە داوای بکەن و بە هەڵی بزانن لە دە شەوەکانی کۆتاییدا، لەبەر ئەوەی تاکە لە بیست و یەکەمینە، یاخود لە بیست و سێ یەمینە، یاخود لە بیست و پێنجەمینە، یاخود لە بیست و حەوتەمینە، یاخود لە بیست نۆیەمینە، یاخود لە کۆتایی شەوەکەدایە" جا هەر کەسێك شەوەکان بە خواپەرستی زیندوو بکاتەوەو ئیمانیشی بەفەڕزبوونی هەبێت و پاداشتی ڕۆژووەکەی لەسەر خوا هەژمار بکات و چاوەڕێی کەسی ترنەکات بۆ پاداشتدانەوە، ئەوە خوای گەورە لە گوناهەکانی پێش و دواوەی خۆش دەبێت)، وتەی (وَمَا تَأَخَّرَ) جێی گومان بردن و ئومێد بوون بە خوای گەورە ـ عَزَّ وَجَلَّ، جا هەر کەسێك ئەم شەوەی بۆ ڕێککەوت ئەوە کۆتایی و مردنەکەی باش دەبێت، ان شاء الله تعالى، وە چاکەو فەزڵی خوای گەورە فراوانە بۆ ئەم ئوممەتە ڕەحم پێککراوە، خۆی لەتیف و واسع و عەلیمە ـ جَلَّ جَلالُهُ وَعَمَّ فَضْلُهُ وَنَوالُهُ .

---

[٩٩] ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب١٦ /ل٤٠٨/ژ٢٢٦٤٠) ڕیوایەتی کردووە. حەمزە ئەحمەد زین دەفەرمووێت: سەنەدەکەی حەسەنە. دانەر

هەر وەكوو خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةِ ٱلۡقَدۡرِ ۝١﴾[100] جا خوای گەورە هەواڵی داوە كەوا لە شەوی (ليلة القدر) دا قورئانی دابەزاندووە، كە شەوێكی پیرۆزو بەرەكەتدارە كە خوای گەورە دەرحەقی دەفەرموویت: ﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةٖ مُّبَٰرَكَةٍۚ ۝٣﴾[101] قورئانمان دابەزاند لە شەوێكی موبارەك كە شەوی (ليلة القدر) ە كە لە مانگی ڕەمەزاندایە، لەبەر وتەی خوای گەورە ﴿شَهۡرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلۡقُرۡءَانُ ۝١٨٥﴾[102] واتە: (مانگی ڕەمەزان مانگێكە كەوا قورئانی تێدا دابەزێنراوە)، ئیبن عەباس و غەیری ئەویش(رضي الله عنهما) دەفەرموون: خوای گەورە قورئانی بەیەكجاری لە لەوحی مەحفووزەوە دابەزاند بۆ ماڵی عیززەت (بَيْتُ العِزَّة) كە ماڵێكە لە ئاسمانی دونیایە، ئینجا سوڕەت سوڕەت ئایەت ئایەت بەپێی ڕووداو بەسەرهاتەكان و ئەوەی لەبەرژەوەندی موسڵماناندا بووایە ئەهاتە خوارەوە بەسەر پێغەمبەری خوایە ﷺ لە ماوەی بیست و سێ ساڵان .

[100] سورة القدر .

[101] سورة الدخان .

[102] سورة البقرة .

بۆیەش ناونراوە (لیلة القدر) لەبەر گەورەیی ڕێزو پایەکەی، چونکە کتێبێکی خاوەن ڕێزی تێدا هاتووەتە خوارەوە، لە ڕێی فریشتەیەکی خاوەن ڕێز، بۆ سەر پێغەمبەرێکی خاوەن ڕێز، بۆ ئوممەتێکی خاوەن ڕێز، وە خواپەرستیش تیایدا ڕێزێکی مەزن و گەورەی هەیە، وە پاداشتی زۆریشی تێدایە لە خوای بەرزو مەزنەوە، یاخود ئەندازە دانان بۆ کاروباری ساڵ، وە دەرخستنیان بۆ چوار فریشتەکە: کە جبریل و میکائیل و عزرائیل و ئیسرافیلە ـ علیهم السلام، بۆ ئەوەی جێ بەجێیان بکەن لەوەی کە فەرمانیان پێککراوە، وە غەیری ئەمانەش .

﴿وَمَآ أَدۡرَىٰكَ﴾، واتە: فێرت ئەکەم ئەی پێغەمبەری ڕێزدار ﷺ، ﴿مَا﴾ مەزنی پایەی ئەو شەوە، ﴿لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ﴾، پایەی ئەو شەوە سەرسام کەرە، ﴿لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ﴾ گەورەییەکەی، ﴿خَيۡرٞ مِّنۡ أَلۡفِ شَهۡرٖ ۝٣﴾، کردنی خواپەرستی لەم شەوەدا گەورەترە لە عیبادەتی هەشتاو سێ ساڵ و چوار مانگ بە عیبادەتێکی تەواو و تێکۆشان لە پێناو خوای گەورە، ئەمە لە تایبەتمەندیەکانی ئەم ئوممەتە ڕەحم پێککراوەیە ـ لەبەر کورتی تەمەنیان و کەمی کردەوەیان، جا خوای گەورە شەوی (لیلة القدر)ی پێ بەخشیون، لەبەر تکای پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ئوممەتەکەی. ﴿تَنَزَّلُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ﴾ فریشتەکان دائەبەزن،

ئەمە ڕوونکردنەوەیە بۆ ئەو (شەوە) کەوا گەورەکراوە بەسەر هەزار مانگ، وە فریشتەکان دائەبەزنە سەر زەوی و ئاسمانی دونیا، یاخود نزیک ئەبنەوە لە ئیمانداران. ﴿وَٱلرُّوحُ﴾ "ئیامی نەسەفی" دەفەرموویت: واتە: جبریل، یاخود بوونەوەرانێکی ترن لە غەیری فریشتەکان و فریشتەکان نایان بینن تەنها لەم شەوەدا نەبێت، لەبەر وتەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرموویت: (إذا كانَ لَيْلَةُ القَدْرِ نَزَلَ جِبْرِيلُ (عليه السلام) فِي كُبْكُبَةٍ مِنَ المَلائِكَةِ يُصَلُّونَ عَلَى كُلِّ عَبْدٍ قَائِمٍ أَوْ قَاعِدٍ يَذْكُرُ اللهَ ـ عَزَّ وَجَلَّ)[١٠٣] واتە: (کاتێک کە شەوی (لیلة القدر) دەبێت جبریل (علیه السلام) لەگەڵ کۆمەڵێک لە فریشتەکان دائەبەزێت و هەموویان داوای لێخۆشبوون دەکەن بۆ هەر کەسێک کە ڕاوەستاوە یاخود دانیشتووە زیکرو یادی خوای گەورە دەکات) .

﴿فِيهَا﴾ واتە: لەو شەوەدا لە ئاسمانی دونیا بۆ سەر زەوی، "ئیبن و کەثیر" دەفەرموویت: (واتە: فریشتەیەکی زۆر دائەبەزێت لەو شەوەدا لەبەر زۆری بەرەکەتەکەی، وە فریشتەکانیش دائەبەزن لەگەڵ دابەزینی بەرەکەت و ڕەحمەت، هەر وەکوو دائەبەزن لە کاتی خوێندنی قورئانی پیرۆزدا، وە دەوری بازنەی زیکر ئەدەن و

---

[١٠٣] بەیهەقی لە (شعب الإيمان)(ب٣/ل٣٤٣/ژ٣٧١٧) . دانەر

به دەوریانەوە ئەبن، وە باڵەکانیان ڕائەخەن بۆ کەسی قوتابی و داواکاری زانست بە کە بە ڕاستگۆیی داوای دەکات، ئەوەش لەبەر بە مەزن زانینی)[١٠٤]. ﴿بِإِذۡنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمۡرٍ﴾، "ئیمامی نەسەفی" دەفەرموویت: واتە: دائەبەزن لەبەر هەموو فەرمانێك كە خوای گەورە بڕیاری لەسەر داوە بۆ ئەو ساڵە تا ساڵی داهاتوو[١٠٥]. ﴿سَلَٰمٌ هِيَ﴾ "ئیمامی نەسەفی" دەفەرموویت: واتە: لە غەیری سەلامەتی و ئارامی هیچی تر نیە ... واتە: خوای گەورە بڕیار نادات لەو شەوەدا تەنها سەلامەتی و چاكە نەبێت، وە لە غەیری ئەم شەوە بڕیاری بەلاو سەلامەتی ئەدات، یاخود لە غەیری سەلام كردن هیچی تر نیە لەبەر زۆری سەلام كردنیان لە ئیمانداران، گوتراوە: كاتێك كە بە ئیماندارێك دەگەن لەو شەوەدا ئەوە سەلامی لیٚ ئەكەن، جا ئەوانەی كافرو بێباوەڕن بیٚ بەشن لەو سەلام كردنە. ﴿حَتَّىٰ مَطۡلَعِ ٱلۡفَجۡرِ﴾ واتە: سەلامی فریشتەكان لەو شەوەدا لەسەر ئیماندارانە تا ئەو كاتەی كە ڕۆژ هەڵدیٚ، جا بەلای ئیمانداری پیاو ئافرەتدا ناڕۆن مەگەر الاّ سەلامی لیٚ ئەكەن. واللّٰه أعلم[١٠٦].

[١٠٤] (تفسير ابن كثير)(ب٤/ل٥٣٢) . دانەر
[١٠٥] (تفسير النسفي)(ب٤/ل٣٥٠) . دانەر
[١٠٦] (تفسير النسفي)(ب٤/ل٣٥٠) . دانەر

"وە نهێنی شاراوەیی شەوی (ليلة القدر)": ئەوە بۆ زیاتر کردنی خواپەرستیەکانە، لەبەر ئەوەی پلەکانی نزیك بوونەوەیە بۆ لای مەولا ـ عَزَّ وَجَلَّ، جا نزیکی لەوەدا لە دەرگای یەقین و دڵنیاییە لە خواپەرستی، وە کارکردن تیایدا بە تێکۆشانی کات و یەقین و باشترکردن بێت ـ لە ڕووی "سووربوون و نزیکبوونەوە" .

زاناکان ڕاجیاییان هەیە لەسەر دیاری کردنی شەوی (ليلة القدر) ڕاکانیش دەگاتە چل وتە، ئەوەی سەحیح و تەواو بێت لە کۆکردنەوەی هەموو فەرموودەکان و پشتکردنە ئەوەش کەوا پێچەوانەی ئەوەیە: شەوێکە دەگوازرێتەوە لە شەوێکەوە بۆ شەوێکی تر لە کۆتایی دە شەوەکەی هەموو مانگێکی ڕەمەزان، یەکێك لەوانە: وتەی پێغەمبەری خوایەﷺ کە دەفەرمووێت: (تَحَرَّوْا لَيْلَةَ الْقَدْرِ في الْعَشْرِ الأَوَاخِرِ من رَمَضَانَ)[١٠٧] واتە: (لە دە شەوەکەی کۆتایی ڕەمەزان شەوی (ليلة القدر) بدۆزنەوە)، وە لەوانە: وتەی پێغەمبەری خوایەﷺ کە دەفەرمووێت: (تَحَرَّوْا لَيْلَةَ

[١٠٧] ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ٢٠٢٠): كتاب فضل ليلة القدر ـ باب تحري ليلة القدر في الوتر من العشر الأواخر، وە ئیمامی موسلم لە (صحيح مسلم)(ژ٢٧٦٨): كتاب الصيام ـ باب فضل ليلة القدر، والحثّ على طلبها وبيان محلها وأرجى أوقات طلبها. دانەر

الْقَدْرِ فِي الْوِتْرِ مِن الْعَشْرِ الأَوَاخِرِ مِن رَمَضَانَ)[١٠٨] واته: (لە دە شەوە تاکەکەی کۆتایی ڕەمەزان شەوی (لیلة القدر) بدۆزنەوە)، وە فەرموودەی ئەبو سەعیدی خودریە(رضي الله عنه) کە دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا پێی فەرمووم: (من كان اعْتَكَفَ مَعِي، فَلْيَعْتَكِفْ الْعَشْرَ الأَوَاخِرَ، وقد أُرِيتُ هذه اللَّيْلَةَ ثُمَّ أُنْسِيتُهَا، وقد رَأَيْتُنِي أَسْجُدُ فِي مَاءٍ وَطِينٍ من صَبِيحَتِهَا، فَالْتَمِسُوهَا في الْعَشْرِ الأَوَاخِرِ، وَالْتَمِسُوهَا في كل وِتْرٍ، فَمَطَرَتْ السَّمَاءُ تِلْكَ اللَّيْلَةَ، وكان الْمَسْجِدُ على عَرِيشٍ، فَوَكَفَ الْمَسْجِدُ، فَبَصُرَتْ عَيْنَايَ رَسُولَ اللَّهِ ـ ﷺ ، على جَبْهَتِهِ أَثَرُ الْمَاءِ وَالطِّينِ، من صُبْحِ إِحْدَى وَعِشْرِينَ)[١٠٩] واته: (ئەگەر کەسێك ئەیەوێت بمێنێتەوە لە مزگەوت لەگەڵ من با لە دە شەوەکەی کۆتایی لەگەڵم بمێنێتەوە، بەڕاستی ئیمشەو شەوی (لیلة القدر) یان نیشاندام، بۆیە داوای کەن و بە دەستی بهێنن لە هەموو شەوە تاکەکاندا، جا ئەو شەوی باران باری، وە مزگەوتیش سەرەکەی بەکەپر داپۆشرابوو، ئیتر باران لە کەپرەکەوە ئەهاتە نێو مزگەوتەوە، منیش سەیری پێغەمبەری خوام کرد ﷺ ، بینیم لەسەر نێو چاوانی موبارەکی شوێنەواری قوڕ

---

[١٠٨] ئیمامی بوخاری لە (صحیح البخاری)(ژ٢٠١٧): کتاب صلاة التراويح ـ باب تحري ليلة القدر في الوتر من العشر الأواخر. دانەر

[١٠٩] ئیمامی بوخاری لە (صحیح البخاری)(ژ٢٠٢٧): کتاب الاعتكاف ـ باب الاعتكاف في العشر الأواخر . دانەر

هەبوو، ئەمە لە بەیانیەکەی بیست و یەکەمینی ڕەمەزاندا)، وە لەوانە: فەرموودەی عبد الله کوڕی ئونەیسە کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: (أُرِيتُ لَيْلَةَ الْقَدْرِ ثُمَّ أُنْسِيتُهَا، وَأَرَانِي صُبْحَهَا أَسْجُدُ فِي مَاءٍ وَطِينٍ، قال: فَمُطِرْنَا لَيْلَةَ ثَلاثٍ وَعِشْرِينَ، فَصَلَّى بِنَا رسول اللَّهِ ﷺ، فَانْصَرَفَ وَإِنَّ أَثَرَ الْمَاءِ وَالطِّينِ على جَبْهَتِهِ وَأَنْفِهِ، قال: وكان عبد اللَّهِ بن أُنَيْسٍ يقول: ثَلاثٍ وَعِشْرِينَ)[110] واتە: (شەوی (لیلة القدر) م نیشاندرا پاشان لە بیرم کرد، وە بەیانیەکەم بینی کەوا سوجدەم ئەبرد لە ناو ئاو و قوڕا، جا ئەو هاوەڵە بەڕێزە دەفەرمووێت: بارانمان بەسەرا باری لە شەوی بیست و سێیەمینی مانگی ڕەمەزان، جا پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی بە ئێمە کردو ڕۆیشت شوێنەواری ئاو و قوڕ بەسەر لووت و نێوچەوانی موبارەکیەوە بوو، عبد الله کوڕی ئونەیس دەیفەرموو: ئەوە شەوی بیست و سێیەمین بوو)، وە لەوانە: وتەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرمووێت: (لَيْلَةُ الْقَدْرِ لَيْلَةُ أَرْبَعٍ وَعِشْرِينَ)[111]

---

[110] ئیمامی موسلم لە (صحیح مسلم)(ژ٢٧٦٧): كتاب الصيام ـ فضل ليلة القدر ،والحث على طلبها، وبيان محلها، وأرجى أوقات طلبها. دانەر

[111] تەبەڕانی لە (المعجم الكبير)(ب١/ل٣٦٠/ژ١١٠٢): هی سلێمانی کوڕی ئەحمدی تەبەڕانی(و٣٦٠هـ). وە بەززار لە (مسند البزار)(ب٤/ل٢١١/ژ١٣٧٦). وە تەیالێسی لە (مسند الطيالسي)(ب١/ل٢٨٨/ژ٢١٦٧) ڕیوایەتیان کردووە. حەمزە ئەحمد زین دەفەرمووێت: سەنەدەکەی سەحیحە، با سەیری (المسند الإمام أحمد)(ب١٧/ل١٦١وە ١٦٢) بکرێت . دانەر

واتە: (شەوی (ليلة القدر) شەوی بيست و چوارەمينە)، لەبەر وتەی (أنزل الله صحف إبراهيم في أول ليلة من رمضان، وأُنزلت التوراة على موسى لست خلون من رمضان، وأُنزل الزبور على داود في إحدى عشرة ليلة خلت من رمضان، وأُنزل القرآن على محمد ـ ﷺ ـ في أربع وعشرين خلت من رمضان)[١١٢] واتە: (خوای گەورە صوحوفی ئيبراهيمی (عليه السلام) لە يەکەم شەوی ڕەمەزاندا دابەزاند، وە تەوڕات دابەزيە سەر حەزرەتی موسا (عليه السلام) پاش تێپەڕبوونی شەشی ڕەمەزان، وە زەبووريش دابەزيە سەر حەزرەتی داود (عليه السلام) پاش تێپەڕبوونی يانزەی ڕەمەزان، وە

---

[١١٢] ئەبو يەعلا لە (مسند أبی يعلی)(ب٤/ل١٣٦/ژ٢١٩٠) ڕيوايەتی کردووە، لە ڕيوايەتێکی تردا هاتووە: "أنزلت صحف إبراهيم أول ليلة من شهر رمضان، وأنزلت التوراة لست مضين من شهر رمضان، وأنزل الإنجيل لثلاث عشرة مضت من شهر رمضان، وأنزل الزبور لثمان عشرة خلت من شهر رمضان، وأنزل القرآن لأربع وعشرين خلت من شهر رمضان"، سيوتی لە (الجامع الكبير) دەفەرمووێت: ئيمامی ئەحمد (ب٤/ل١٠٧/ژ١٧٠٢٥)، وە تەبەڕانی لە (المعجم الكبير)(ب٢٢/ل٧٥/ژ١٨٥)، وە بەيهەقی لە "شعب الإيمان": (ب٢/ل٤١٤/ژ٢٢٤٨) ڕيوايەتيان کردووە، وە هەروەها تەبەڕانی ڕيوايەتيشی کردووە لە (المعجم الأوسط)(ب٤/ل١١١/ژ٣٧٤٠)، هەيثەمی لە (المجمع الزوائد)(ب١ /ل١٩٧/ژ٩٥٩) دەفەرمووێت: ئيمامی ئەحمد، وە تەبەڕانی لە "الكبير"، و"الأوسط"، وە عيمرانی کوڕی داودی قەتتانی تێدايە يەحيا بە زەعيفی داناوەو ابن حبان بە باوەڕپێککراوی داناوە، ئەحمد دەفەرمووێت: ئومێدم وايە فەرموودەيەکی چاکە، وە باقی پياوەکانيش باوەڕپێککراون . دانەر

قورئانیش دابەزیە سەر حەزرەتی محمد ﷺ پاش تێپەڕبوونی بیست و چواری ڕەمەزان) .

وە لەوانە: فەرموودەی عوبادەی کوڕی سامتە (رضي الله عنه) کە پرساری لە پێغەمبەری خوا کرد ﷺ دەربارەی شەوی (ليلة القدر)، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: (في رَمَضَانَ، فَالْتَمِسُوهَا في الْعَشْرِ الأَوَاخِرِ، فَإِنَّهَا في وِتْرٍ في إِحْدَى وَعِشْرِينَ، أو ثَلاَثٍ وَعِشْرِينَ، أو خَمْسٍ وَعِشْرِينَ، أو سَبْعٍ وَعِشْرِينَ، أو تِسْعٍ وَعِشْرِينَ، أو في آخِرِ لَيْلَةٍ" فَمَنْ قَامَهَا ابْتِغَاءَهَا إِيمَاناً وَاحْتِسَاباً، ثُمَّ وُفِّقَتْ له غُفِرَ له ما تَقَدَّمَ من ذَنْبِهِ وما تَأَخَّرَ)، واتە: (ئەو شەوە لە ڕمەزاندایە، لە دە شەوەکەی کۆتاییدا بە دەستی بهێنن و داوای بکەن، لەبەر ئەوەی لەشەوە تاکەکاندایە لە بیست و یەك، یاخود بیست و سێ، یاخود بیست و پێنج، یاخود بیست و حەوت، یاخود بیست و نۆ، یاخود لە کۆتایی شەوەکەدایە" جا هەر کەسێك بە ئیمانەوە وە داواکردنی پاداشتەکەش هەر لە خوای گەورەی بوێت شەوەکەی زیندوو بکاتەوەو هەڵسێتەوە بۆ خواپەرستی، ئینجا شەوەکەی بۆ ڕێککەوت و بە دەستی هێنا ئەو کاتە خوای گەورە لە گوناهەکانی پێش و پاشینی خۆشبووە)، وە لەوانە: وتەی پێغەمبەری خوایە ﷺ کە دەفەرمووێت: (مَنْ كَانَ

مُتَحَرِّيهَا فَلْيَتَحَرَّهَا لَيْلَةَ سَبْعٍ وَعِشْرِينَ)[113] واته: (ئەگەر کەسێك ئەیەوێت شەوی (لیلة القدر) بە دەست بهێنێ با لە شەوی بیست حەوتەمیندا بە دەستی بهێنێت)، وە لەوانە: وتەی پێغەمبەری خوایە ﷺ کە دەفەرمووێت: (الْتَمِسُوهَا فِي الْعَشْرِ الأَوَاخِرِ مِن تِسْعٍ يَبْقَيْنَ أو سَبْعٍ يَبْقَيْنَ أو خَمْسٍ يَبْقَيْنَ أو ثَلاَثٍ يَبْقَيْنَ أو آخِرِ لَيْلَةٍ)[114] واتە: (ئەو شەوە بە دەست بهێنن لە دە شەوەکەی کۆتایی لەو نۆ شەوەی کە دەمێنیتەوە، یاخود حەوت شەوەکەی کە دەمێنیتەوە، یاخود پێنچ شەوەکەی کە دەمێنیتەوە، یاخود لەو سێ شەوەی کە دەمێنیتەوە، یاخود لە کۆتایی شەوەکەدا)، وە لەبەر وتەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرمووێت: (أُعْطِيَتْ أمتي خَمْسَ خِصَالٍ فِي رَمَضَانَ، لم تعطاها أُمَّةٌ قَبْلَهُمْ: خُلُوفُ فَمِ الصَّائِمِ أَطْيَبُ عِنْدَ اللَّهِ من رِيحِ الْمِسْكِ، وَتَسْتَغْفِرُ لَهُمُ الْمَلاَئِكَةُ حتى يُفْطِرُوا، وُيَزَيِّنُ الله ـ عَزَّ وَجَلَّ، كُلَّ يَوْمٍ جَنَّتَهُ، ثُمَّ يقول: يُوشِكُ عبادي الصَّالِحُونَ أن يُلْقُوا عَنْهُمُ المؤنة وَالأَذَى وَيَصِيرُوا إِلَيْكِ، ويصفد فيه مَرَدَةُ الشَّيَاطِينِ، فَلاَ يَخْلُصُوا إلى ما كَانُوا يَخْلُصُونَ إليه في غَيْرِهِ،

---

[113] ئیمام ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب٤/ل٤٠٨/ژ٤٨٠٨) ڕیوایەتی کردووە: ئەحمد محمد شاکر دەفەرمووێت: سەنەدەکەی سەحیحە، وە هەیثەمیش لە (مجمع الزوائد)(ب٣/ل١٧٦) دەفەرمووێت: ئەحمد ڕیوایەتی کردووە پیاوەکانیشی پیاوانێکی سەحیحن. دانەر

[114] ئیمام ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب١٥/ل٢٠٥/ژ٢٠٢٨٣). وە ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٧٩٤): کتاب الصوم ـ باب ماجاء في ليلة القدر، ڕیوایەتیان کردووە، وە دەفەرمووێت: فەرموودەیەکی حەسەن و سەحیحە . دانەر

وَيُغْفَرُ لهم في آخِرِ لَيْلَةٍ، قِيلَ: يا رَسُولَ اللَّهِ، أهي لَيْلَةُ الْقَدْرِ؟ قال: لاَ، وَلَكِنَّ الْعَامِلَ إنما يُوَفَّى أَجْرَهُ إذا قَضَى عَمَلَهُ)[115] واته: (پێنج سیفەت بە ئوممەتەکەم بەخشراوە لە مانگی ڕەمەزاندا، کە بە هیچ ئومەتێکی پێشووتر نە بەخشراوە، بۆنە پیسەکەی دەمی ڕۆژووەوان لای خوای گەورە خۆشترە لە بۆنی میسك، وە فریشتەکان داوای لێخۆشبوونیان بۆ دەکەن تا ئەوکاتەی فتار ئەکەنەوە، وە خوای گەورە هەموو ڕۆژێکی ڕەمەزان بە هەشتەکەی جوان و ڕازاوە ئەکات، پاشان دەفەرمووێت: "نزیکە بەندە چاکەکانم لەو بارگرانی و ئازارەی سەرشانەکانیان دابنێن و بخرێنە سەری و بەرەو لای تۆ بێن، وە شەیتانەکانیش کۆت و بەند ئەکرێن تاوەکوو دەستیان نەگات بەو شتەی کە پێشتر دەسەڵاتیان بەسەریدا هەبووە لە غەیری مانگی ڕەمەزان، وە خوای گەورە لەکۆتایی شەوی مانگی ڕەمەزانیشدا لێیان خۆش ئەبێت، وە بە پێغەمبەری خوا گوترا: ئایا ئەو شەوە شەوی (ليلة القدر)ە ؟ فەرمووی: نەخێر، بەڵام کاتێك کرێکار کارەکەی خۆی تەواو ئەکات کرێکەی خۆی پێ ئەدرێ)

بۆیە لەم فەرموودانەو غەیری ئەوانەش ئەوە دەردەکەوێت: کەوا شەوی (ليلة القدر) دە شەوەکەی کۆتایی مانگی ڕەمەزاندا

[115] ئیمام ئەحمەد لە (مسند أحمد): (ب٨/ل٣١/ژ٧٩٠٤) . دانەر

دەبێت، جارێکیان ئەکەوێتە شەوی بیست و یەکەمین، وە جارێکی تر ئەکەوێتە شەوی بیست و سێ یەمین، وە جارێکی تر ئەکەوێتە شەوی بیست و چوارەمین، وە جارێکی تر ئەکەوێتە شەوی بیست و پێنجەمین، وە جارێکی تر ئەکەوێتە شەوی بیست و حەوتەمین، وە لە چەند ڕیوایەتێکدا یاخود بە ئاماژە باسکراوە، کەوا جارێکیان لە شەوی بیست و حەوتەمینە، یاخود لە کۆتا شەوە، کە "شەوی سی ڕەمەزانە"، بۆیە لەسەر ئەم لێکدانەوەو تەئویلە هیچ پەلپێك (تعارض) لە فەرموودەکانا نیە. الله أعلم .

وە لای ئەو کەسانەی کە خەریکی کاری ڕووحی ئیسلامین بۆ چوونێکی موبارەکیان هەیە، ئەویش ئەوەیە: ئەو شەوە دەگۆڕێت بە گۆڕانی یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز، وە لەسەر ئەم بۆ چوونەش دوپاتیان کردووەتەوە و وتویانە:

وإن جميعاً إن نصم يوم جمعة

في "تاسع العشرين" خذ ليلة القدر

وإن كان يوم السبت أول صومنا

"فحادي وعشرين" اعتمده بلا عذر

وإن هلّ يوم الصوم في أحد فقلْ

في "سابع العشرين" ما رمت فاستقر

وإن هلّ بالاثنين فاعلم بأنه

يوافيك نيل الوصل في"تاسع العشر"

ويوم الثلاثا إن بدا الشهر فاعتمد

على"خامس العشرين" تحظى بها فادر

في الأربعا إن هلّ يا من يريدها

فدونك فاطلب وصلها "سابع العشر"

ويوم الخميس إن بدا الشهر فاجتهد

توافيك بعد "العشر" في ليلة الوتر

واتە: (گەر هەموومان لە ڕۆژی جومعە بەڕۆژوو بین ئەوە (ليلة القدر) ئەکەوێتە شەوی بیست و حەوتەمین و وەریگرەو بە هەڵی بزانە، وە ئەگەر ڕۆژی شەممە یەکەم ڕۆژی گرتنمان بوو ئەوە شەوی (ليلة القدر) لە بیست یەکەمینەو پشتی پێ ببەستە بەبێ پۆزش هێنانەوە، وە ئەگەر مانگی یەك شەوە لە ڕۆژی یەك شەم بە دیار کەوت بۆ بەڕۆژوو بوون ئەوە بلێ لە بیست و حەوتەمینەو لەو شەوە دەرنەچوەو جێگیرە، وە ئەگەر مانگی یەك شەوە لە ڕۆژی دوو شەم بە دیار کەوت ئەوە بزانەو هیوای گەیشتنت پێت

ئەدات لە شەوی بیست و نۆ، گەر مانگیش لە ڕۆژی سیٚ شەم بە دیار کەوت ئەوە پشت ببەستە بە شەوی بیست و پیٚنجەمین ئەزانی بە بەشی خۆت ئەگەیت،گەر لە ڕۆژی چوار شەم مانگ دەرکەوت ئەوە ئەو کەسەی کە بە دوای ئەم شەوەدا ئەگەڕیٚی با لە شەوی بیست و حەوتەمدا داوای بکات، گەر لە ڕۆژی پیٚنچ شەم مانگ دەرکەوت ئەوە تیٚ کۆشەو لە شەوە تاکەکانی ئەو دە شەوە پیٚی ئەگەی)، بەلاٚم وتەکەیان بۆ شەوی "بیست و حەوتەمین" ئەوە لە ئیمامی عەلی و حەزرەتی ئیبن و مەسعود (رضي الله عنهما) ڕیوایەتکراوە، وە وتەشیان بۆ شەوی "بیست و حەوتەمین" ئەوە ئەبو داود بە (مەرفووعی) لە ئیبن مەسعودەوە (رضي الله عنه) ڕیوایەتی کردووە، وە غەیری ئەبو داودیش بە (مەوقوفی) ڕیوایەتیان کردووە، کەوا ئەو شەوە (شەوی بەدرە)[116] کە شەوی هەینی بوو، وە ئەو ڕۆژەبوو کەوا خوای گەورە دەرحەقی فەرموویەتی: ﴿يَوۡمَ ٱلۡفُرۡقَانِ ﴿٤١﴾﴾[117] واتە: (لە ڕۆژی بەدردا کە ڕۆژیٚك بوو بۆ جیاکردنەوەی حەق لە باتڵ) .

---

[116] ئەو شەوەی کە پیٚغەمبەر ﷺ لەگەڵ هاوەڵە بەڕیٚزەکانی بۆ شەڕی کافرەکان ئامادەی جەنگ بوون بۆ بەیانیەکەی . وەرگیٚڕ

[117] سورة الأنفال .

هەر بۆیەش کار بەو بەڵگەو بۆ چوونە پەسندانە ئەکرێت بۆ دەست پێوەگرتن و دڵنیاترینی بەڵگەکان کە لە پێشینەو پاشینەی ئەم ئوممەتەوە هاتووە ـ بۆ دە شەوەکەی کۆتایی، یاخود بۆ شەوە تاکەکان، ئینجا دەست گرتن بە یاسای "کەسە بە کردەوەکانی رووحی ئیسلامی" هەر وەکوو لە هۆنراوەکە ڕامان بووردو بەجێمان هێشت، جا کۆکردنەوەی بەڵگەکان لە وەدا دڵنیاترو نزیکترە بۆ لای خوای گەورە ـ **جَلَّ جَلالُهُ** ـ بۆیە سەرکەوتن و بەرزبوونەوەتە بۆ بەهەشتی پەروەردگارت و ڕەمەزامەندیەکەی ـ **جَلَّ جَلالُهُ وَعَمَّ فَضْلُهُ وَنَوَالُهُ** .

خۆشەویستەکەم بزانە: کەوا پاداشتی خواپەرستیەکان لە مانگی ڕەمەزاندا زیاد دەبێت، هەر وەکوو سەلمانی فارسی (رضي الله عنه) لە پێغەمبەرەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە: کەوا پیغەمبەری خوا لە کۆتا ڕۆژی مانگی شەعبان وتاری بۆ داین و فەرمووی: (یا أيها الناس قد أظلكم شهر عظيم شهر مبارك، شهر فيه ليلة خير من ألف شهر، جعل الله صيامه فريضة، وقيام ليله تطوّعاً، من تقرب فيه بخصلة من الخير، كان كمن أدى فريضة فيما سواه، ومن أدى فيه فريضة كان كمن أدى سبعين فريضة فيما سواه، وهو شهر الصبر، والصبر ثوابه الجنة، وشهر المواساة، وشهر يزداد فيه رزق المؤمن، من فطَّر فيه صائماً، كان مغفرة لذنوبه وعتق رقبته من

النار، وكان له مثل أجره من غير أن ينتقص من أجره شيء)، قالوا: ليس كلنا نجد ما يفطر الصائم، فقال رسول الله ـ ﷺ: (يعطي الله هذا الثواب من فطر صائماً على تمرة، أو شَرْبة ماء، أو مَذْقَةِ لَبَنٍ، وهو شهر أوله رحمة، وأوسطه مغفرة، وآخره عتق من النار، من خفف عن مملوكه غفر الله له واعتقه من النار، واستكثروا فيه من أربع خصال:- خصلتين ترضون بهما ربكم، وخصلتين لا غنى بكم عنهما، فأما الخصلتان اللتان ترضون بهما ربكم: فشهادة أن لا إله إلا الله، وتستغفرونه، وأما اللتان لا غنى بكم عنهما: فتسألون الله الجنة، وتعوذون به من النار، ومن أشبع فيه صائما سقاه الله من حوضي شربة لا يظمأ حتى يدخل الجنة)[١١٨] واته: (ئەی خەڵكینە وا مانگێكی مەزن و پیرۆز تەشریفی لێتان نزیك بۆتەوە، لەو مانگەدا شەوێكی تێدایە جا پاداشتی خواپەرستی لەم شەوەدا گەورەترە لە پاداشتی خواپەرستی هەزار مانگ، خوای گەورە ڕۆژوو گرتنی تێدا فەرز كردووە، وە خواپەرستی شەوەكانیشی بە سوننەت داناوە، جا كەسێك بە چاكەیەك لەو مانگە لە خوای گەورە نزیك بێتەوە، وەكوو ئەوە وایە كە فەرزێكی لە غەیری ڕەمەزانا جێ بەجێ كردبێ، وە كەسێكیش بە فەرزێك لەو مانگە لە خوای گەورە

[١١٨] ئیبن و خوزەیمە لە (صحيح ابن خزيمة): ڕیوایەتی كردووە، هی ئەبو بەكر محمدی كوڕی إسحاقی كوڕی خوزەیمەی سولەمیە نەیسابوریە:- (و٣١١هـ)، (ب٣/ل١٩١/ژ١٨٨٧)، وە دەفەرموویێت: هەواڵێكی سەحیحە. دانەر

نزيك بێتەوە، ئەوە وەكوو ئەوە وايە حەفتا فەڕزی جێ بەجێ كردبێ لە غەيری ڕەمەزانا، مانگی ئارام گرتنە، وە ئارام گرتنيش پاداشتەكەی بەهەشتە، وە مانگی دڵدانەوەی هەژارانەو هاوبەشی كردنيانە لە خواردن و بەخشينا، وە مانگێكە ڕۆزی ئيماندار تيايدا زياد دەبێت جا هەژار بێت ياخود دەوڵەمەند، جا هەر كەسێك فتار بە ڕۆژووەوانێك بكاتەوەو شتێكی بداتێ تاوەكوو ڕۆژووەكەی پێ بشكێنێ، ئەوە بەهۆی ئەو كردەوە پيرۆزە خوای گەورە لێ ی ئەبووریێ و لە ئاگری دۆزەخيش ڕزگاری ئەكات، وە پاداشتی كەسە ڕۆژووەوانەكەشی بۆ ئەنوسرێت وەكوو ئەو بێ ئەوەی لە پاداشتی ڕۆژووەوانەكە كەم بێتەوە، هاوەڵەكانيش بە پێغەمبەر ﷺ وت: ئەوە بۆ هەموومان ڕێك ناكەوێ تاوەكوو فتار بە ڕۆژووەوان بكەينەوە، پێغەمبەريش ﷺ فەرمووی: خوای گەورە ئەو پاداشتە بەكامڵی ئەداتە ئەو كەسەش كە هەژارو نەدارە كە فتار بە ڕۆژووەوان ئەكاتەوە با بە دەنكە خورمايەك بێت ياخود بە قومە ئاوێك ياخود بە شيرێك كە ئاوی لەگەڵ تێكەڵ كرابێت، وە مانگێكە سەرەتاكەی ڕەحمەتە، وە ناوەندەكەی لێبوردنە، وە كۆتاييەكەشی ڕزگار بوونە لە ئاگری دۆزەخ، جا هەر كەسێك بە بارگرانی بەندەو كەنيزەكانی سووك و ئاسان بكات و يارمەتيان بدات لە كاروبارەكانيان تاوەكوو ئەوانيش بە ئاسانی بە ڕۆژوو بن،

ئەوە خوای گەورە لیَ ی خۆش دەبێت و ڕزگاری دەکات لە ئاگری دۆزەخ، جا چوار سیفەت هەن زۆر لەو مانگەدا داوای بکەن و بیلێنەوە، دوو سیفەت لەوانە پەروەردگاری خۆتان پیَ ڕازی ئەکەن، وە دووسیفەتەکەی تریش پێویستان پیَ ی هەیە بۆ بەدەستهێنانی، جا هەر چی ئەو دوو سیفەتەیە کە بەهۆیەوە پەروەردگارتان پیَ ڕازی ئەکەن ئەوە گوتنی شایەتومانە لا اله الا الله، وە داوای لێخۆش بوونتانە (إستغفار)، وە دوو سیفەتەکەی تر کە پێویستان پیَ ی هەیە بۆ بەدەستهێنانی، ئەوە داوای بەهەشتی لیَ ئەکەن و پەناش ئەگرن پێی لە ئاگری دۆزەخ، جا هەر کەسێك ڕۆژووەوانێك تێرئاو بکات، ئەوە خوای گەورە لەسەر حەوزەکەی من تێرئاوی ئەکات و تینووی نابێت تا ئەچێتە بەهەشتەوە) .

"یەکێك لە خواپەرستیە مەزنەکان لەو مانگە پیرۆزە" ئەویش (قیام رمضان) کە نوێژی تەراویحە" پاداشتێکی زۆر گەورەی هەیە، بەلاَم کەمالَی ئەو پاداشتە مەزنە بە کردنی بیست ڕەکعەت نوێژی تەراویح بە دەست ئەهێنرێت، هەر وەکوو خەلَکی سیَ سەدەکە وتوویانە[119] (رضي الله تعالي عنهم) .

[119] مەبەست پێی (سەلەفی سالَیحە) . وەرگێڕ

زانست خوازان لە نوێژی تەراویحدا ڕاجیان، هەندێکیان وای بۆ چوونە: کەوا چل و یەك ڕەکعەتان ئەکات لەگەڵ نوێژی (وەتر)، ئەوەش وتەی: خەڵکی مەدینەیە، جا کارکردنیش لەسەر ئەم شێوەیە ئەوە لە مەدینەیە لای خۆیان، وە زۆربەی زانست خوازان بۆ ئەوە چوونە: هەر وەکوو ڕیوایەتکراوە لە ئیمامی عومەرو ئیمامی عەلی و غەیری ئەم دووانەش لە هاوەڵەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ کەوا بیست ڕەکعەتە، ئەوەش وتەی (سەوری و ئیبن و موبارەك و شافیعیە) (رضي الله عنهم)، وە ئیمامی شافعی دەفەرموویت: بەو شێوەیە پێی گەیشتووم کەوا لە شاری مەککەدا بیست ڕەکعەت نوێژیان دەکرد، وە ئیمامی ئەحمەد دەفەرموویت: بۆ ئەوە چەندین ڕەنگ واتە: (چەندین جۆر) ڕیوایەتکراوە بڕیار لەسەری بەشتێك (بە حوکمێك) نەدراوە[١٢٠]. ئیسحاقیش دەفەرموویت: بەڵکوو

[١٢٠] زانا بەرێزەکانی مەزهەبی حەنبەلی لە (شرح زاد المستقنع) دا فەرموویانە: تەراویح سوننەتێکی موئەککەدەیەو...بیست ڕەکعەتە، هەروەکوو ئەبو بەکر عبد العزیز لە کتێبی "الشافی"دا لە ئیبن و عەباسەوە ڕیوایەتی کردووە کەوا پێغەمبەر ﷺ لە یەکەمین ڕۆژی مانگی ڕەمەزان لە دوای نوێژی عیشاوە بیست ڕەکعەت نوێژی بە کۆمەڵی ئەکرد لە مزگەوت دوو ڕەکعەت دوو ڕەکعەت لەگەڵ وەتر، وە هەروەکوو لە هەردوو کتێبی (صەحیحەیندا) لە دایکمان عائیشەوە ڕیوایەتکراوە کەوا پێغەمبەر ﷺ چەند شەوانێك نوێژی کرد جا خەڵکانیش نوێژیان لەگەڵ کرد، پاشان دواکەوت و نوێژی لە ماڵی خۆیدا کرد لەو ڕۆژانەی کە مابوویەوە لە مانگەکە، وە فەرمووی: من ترسام نەبادا لەسەرتان فەرز بکرێت و تواناتان نەبێت ئەنجامی بدەن، وە لە ڕیوایەتی بوخاریدا هاتووە: کەوا ئیمامی عومەر(رضي الله عنه) خەڵکەکەی کۆکردەوە تا ئوبەی کوڕی کەعب ئیمامەتیان بۆ بکات

بیست و یەك ڕەكعەت هەڵئەبژێرین هەروەكوو لە ئوبەی كوڕی كەعبەوە ڕیوایەتكراوە، وە ئیبن و موبارەك و ئەحمەد و ئیسحاق ئەوەیان هەڵبژاردووە كەوا نوێژەكە لەگەڵ ئیمام دەبێت لە مانگی ڕەمەزان، شافیعی ئەوەی هەڵبژاردووە كەوا ئەگەر پیاو قوڕئان خوێن بوو ئەوە بە تەنیا بۆ خۆی نوێژ ئەكات، وە لەو (بابەدا) لە عائیشەو نوعمانی كوڕی بەشیرو ئیبن و عەبباسەوە (رضي الله عنهم) ڕیوایەتكراوە. كۆتایی هات[١٢١] .

شێخ ئیبن و تەیمیە (رحمه الله) دەفەرمووێت: خودی نوێژی تەڕاویح پێغەمبەری خوا ﷺ ژمارەیەكی دیاری كراوی دانەناوە، بەڵكوو پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕەمەزان و غەیری ڕەمەزاندا لە سیانزە ڕەكعەتان زیاتری نەدەكرد"، بەڵام ڕەكعەتەكانی درێژ ئەكردەوە، "جا كاتێك ئیمامی عومەر خەڵكەكەی كۆ كردەوە تا ئوبەی كوڕی كەعب ئیمامەتیان بۆ بكات، ئەویش بیست ڕەكعەت نوێژی پێ ئەكردن پاشان بە سێ ڕەكعەت وەتر كۆتایی پێ

---

ئەویش پێش نوێژی بۆ كردن. وە ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی كردووەو ترمذیش بە سەحیحی داناوە: كەوا هەر كەسێك لەگەڵ ئیمام نوێژەكانی بەكۆمەڵ بكات تا لێ ئەبێتەوە لە نوێژەكان ئەوە بۆی بە شەو نوێژ ئەنوسرێت . دانەر

[١٢١] ترمذی ڕیوایەتی كردووە لە (سنن الترمذي)(ذ٨٠٦): كتاب الصوم ـ باب ما جاء في قيام رمضان . دانەر

ئەهێنا"[١٢٢]، وە ڕەكعەتەكانی كورت ئەكردنەوە بە ئەندازەی ژمارەی ڕەكعەتەكان، لەبەرئەوەی ئەو كورت كردنەوەیە سووك و ئاسانترە لەسەر موسڵمانان لە درێژكردنەوەی یەك ڕەكعەتدا، پاشان كۆمەڵێك لە سەلەفی ساڵح چل ڕكعەتیان ئەكرد وە بە سێ ڕەكعەت وەتریش كۆتاییان پێ دەهێنا، وە ئەوانی تر سی و شەش ڕەكعەتیان ئەكردو بە سێ ڕەكعەت وەتریش كۆتاییان پێ دەهێنا، جا هەموو ئەوانە ڕێپێدراوە، بۆیە بە هەر چۆنێك هەڵسا بن بۆ ئەنجام دانی ژمارەی ئەو نوێژانە لە مانگی ڕەمەزان ئەوە بێگومان شتێكی چاكەو (قەدەغە كراو نیە)، وە كامەشیان باشترە ئەوە دەگۆڕێت بە گوێرەی حاڵی نوێژ خوێنەكان، جا ئەگەر توانایان هەبێت بۆ درێژ كردنەوەی نوێژو مانەوە تیایدا ئەوە بە دە ڕەكعەتان نوێژەكە دەكرێ و لەگەڵ سێ ڕەكعەت وەترەكەی دوای تەراویحەكە، هەروەكوو پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ خۆی نوێژی دەكرد لە ڕەمەزان و غەیری ڕەمەزاندا چونكە ئەوە گەورەترە، وە ئەگەر تواناشیان

[١٢٢] منیش لە هەندێك شێخەكانمانەوە ئەگێڕمەوە كەوا فەرموویانە: كۆبوونەوەی هاوەڵە بەڕێزەكان لەسەر بیست و سێ ڕەكعەت ئەوە ئیجتهادو بۆچوونی ئیمامی عومەر بووە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا هەشت ڕەكعەت نوێژی (تەهەجود) و نوێژی وەتری لەسەر فەرز كرا، ئینجا بە هەمان ئەو ژمارەیە دوو ڕۆژان یاخود سێ ڕۆژان نوێژی تەراویحی لە مانگی ڕەمەزان لە مزگەوت كرد، جا نوێژەكانی لەو شەوانەدا بیست ڕەكعەت بوون لەگەڵ وەتر. جا هاوەڵان لەسەر ئەوە كۆبوونەوە، ئەوەش كۆ كردنەوەی ڕیوایەتەكانی نێوان هەشت رەكعەتی و ڕیوایەتەكانی بیست ڕەكعەتیە واللە اعلم . دانەر

نەبوو بەو شێوەیە نوێژ بکەن ئەوە با بیست ڕەکعەت بکەن چونکە ئەوە گەورەترە، هەروەکوو زۆربەی موسڵمانان کاری پێ ئەکەن، چونکە ناوەندە لە نێوان دەو چل دایە، وە ئەگەر چل ڕەکعەت و غەیری چل ڕەکعەتیش بکات دروستە، وە هیچ قەدەغە کردنێك لەسەر ئەو زیاد کردنەش نیە، چونکە دەقی پێشەواکانی وەکوو ئیمام ئەحمەدو غەیری ئەویشی لەسەرە، هەر کەسێك وا گومان ببات کەوا (قیام رمضان) نوێژی تەراویح ژمارەیەکی دیاریکراوە لە لایەن پێغەمبەرەوە نە زیاد ئەکرێ وە نە کەمیش ئەکرێ ئەوە بەڕاستی ئەو کەسە هەڵەی کردووە، جا ئەگەر ئەم فراوانیە لە خودی ژمارەی نوێژەکە بێ، ئەی چۆن گومان ئەبرێ بە زیاد کردنی نوێژەکە لەبەر (پاڕانەوەی قونوت) یاخود واز لێ هێنانی، ئیتر هەموو ئەمانە ڕێپێدراوە، وە بێگومان پیاو هەیە چالاك و گورج و گۆڵە ئەوە بۆ ئەو وا باشترە کەوا پەرستشەکان درێژ بکاتەوە، وە پیاویش هەیە چالاك نیە جا بۆ ئەو واباشترە کەوا کورتی بکاتەوە، نوێژەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێك بوون: ئەگەر بێت و ڕاوەستانەکەی درێژ کردبایەوە ئەوە ڕوکوع و کڕنوشەکانی درێژ ئەکردەوە، وە ئەگەر کورتیشی بکردبایەوە ئەوە ڕوکوع و کڕنوشەکانی کورت ئەکردنەوە، ئا بەم شێوازە ئەی کرد لە نوێژە فەرزەکان و شەو نوێژەکان و نوێژی ڕۆژگیران و غەیری ئەوانەش،

ئیتر مشتومڕ لەسەر سێ وتە کراوە، ئایا کامەیان گەورەترە مانەوە لە ناو نوێژ یاخود زۆر بردنی ڕوکوع و سوجدە یاخود هەر دووکیان یەکسانن؟ ڕاسترینیان هەر دووکیان یەکسانن، لەبەر ئەوەی وەستان لە ناو نوێژدا تایبەتکراوە بە خوێندنەوەی قورئان چونکە گەورەترە لە زیکرو لە پاڕانەوە، وە خودی کڕنووشیش گەورەترە لە وەستان، جا دەکرێ هەر کاتێك وەستانەکەی درێژ کردەوە ئەوە ڕوکوع و کڕنووشەکەی درێژ بکاتەوە، ئا ئەوە درێژی قونوتە کە پێغەمبەری خواﷺ وەلامی لە بارەوە داوە کاتێك پرسیاری لێکراوە کامە نوێژ گەورەترە؟ ئەویش فەرمووی: (طُولُ الْقُنُوتِ)[١٢٣] واتە: (زۆر وەستانە لە ناو نوێژ بۆ خوێندنی قورئان)، لەبەر ئەوەی زۆر وەستان لە ناو نوێژ بەردەوامی پەرستشەکانە جا لە حاڵەتی وەستاندا بێت یاخود ڕوکوع یاخود کڕنووش، هەروەکوو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَمَّنْ هُوَ قَانِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ سَاجِدًا وَقَآئِمًا ﴿٩﴾﴾[١٢٤] واتە: (ئاخۆ ئەو کەسەی لەکاتی

---

[١٢٣] ئیمامی موسلم لە (صحيح مسلم)(ژ١٧٦٦): صلاة المسافرين وقصرها ـ باب أفضل الصلاة طول القنوت، وە ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ژ١٤٢٣٣)، وە ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٣٨٧): كتاب الصلاة ـ ما جاء في طول القيام في الصلاة، وە ئیبن و ماجە لە (سنن ابن ماجة)(ژ١٤٢١): كتاب إقامة الصلاة والسنة فيها ـ باب ما جاء في طول القيام في الصلاة، ڕیوایەتیان کردووە . دانەر

[١٢٤] سورة الزمر .

شەودا خواپەرستی ئەکات و زۆر بە پێیەوە ئەوەستێ بۆ نوێژو زۆر ئەمێنێتەوە لە کڕنووشەکەیدا، وەکوو ئەو کەسەیە کە ئەمانە ناکات؟) وەڵامەکەی جێگیر کردووەو ناوی زۆر مانەوەی لە کاتی کڕنووشی لێناوە، بە هەمان شێوەش ناوی زۆر مانەوەی لە کاتی وەستانی لێناوە[١٢٥].

مامۆستاو شەیخم (شێخ مصطفی کمال الدین هەرشەمی) ـ خوای گەورە ڕوح و یادو خۆڵی پاکترو بۆن خۆشتری بکات ـ دەفەرمووێت: هەروەکوو ئەزانین کەوا قوڕئان هەندێك ئایەتی ڕاڤەی هەندێك ئایەتی تر ئەکات، وە ئەشزانین کەوا هەندێك فەرموودە ڕاڤەی هەندێك فەرموودە ئەکات، بۆیە چاکترین تێگەیشتنێك بۆ فەرموودە ئەوەیە پشتگیری بکرێت بەهۆی فەرموودەیەك یاخود چەند فەرموودەیەك، وە ئەگەر زانیمان کەوا فەرموودە هەندێکیان ڕاڤەی هەندێکی تر ئەکەن، جا ئەگەر بێت و لە دەقی فەرموودەیەکدا لەفزێك هاتبێت و دوو مانای لە خۆدا هەڵگرتبێت وە هەر دووکیشیان لە زمانی عەرەبیدا گشتی بن یاخود یەکێکیان، ئەوی تریش تایبەت بێت لای زاراوەزانان (اصطلاح)، وە لە فەرموودەیەکی تردا دۆزرایەوە کەوا پەسندی

---

١٢٥ (مجموع الفتاوی)(ب٢/ل٤٧٩ـ ٤٨٠): ناوی ئەبو عەباس ئەحمەدی کوڕی عبد الحلیمی کوڕی تەیمیەی حەڕانیە (و٧٢٨ه) . دانەر

مانایەکیانە، ئیتر بۆ تێگەیشتن لەو لەفزەی کە هاتووە ئەکرێ لێی تێبگەی لە ڕێی ئەو فەرموودەیەوە بکرێت بە مانایەکی ڕاڤەکار بۆ فەرموودەکەی تر، "ئەوە قاعیدەیەکە لە حەقیقەتەکانی (أصول الفقه) وە (زانستی فەرموودە)"، جا بەڕاستی لە کۆن و نوێوە بێ ئاگاییەك ڕابوورد بەسەر بێ ئاگاکانا بەگومانی ئەوەی کەوا دژایەتی هەیە لە نێوان فەرمایشتەکانی پێغەمبەر، بەلاٚم لە واقیع و خودی خۆیدا دژایەتی نیە، ئەوە وادەکات کەوا گومانی دژایەتی بوون دروست ببێت.

جا ڕۆیشتن بە پێی ئەو قاعیدەیە ئەوە لای من پەسند ئەکات لەو باسانەی کەوا دژایەتی هەڵگرتن تیایدا نامێنێت، وە نموونەشمان دوو فەرموودەی پیرۆزە، بۆ تێگەیشتن لێیان پرسیاری لێکرا، هەروەکوو لە پێغەمبەری خواوەﷺ ڕیوایەتکراوە، کەوا دەفەرمووێت: (**أَقْرَبُ ما يَكُونُ الْعَبْدُ من رَبِّهِ وهو سَاجِدٌ فَأَكْثِرُوا الدُّعَاءَ**)[126] واتە: (نزیکترین کات کە بەندە لە پەروەردگاری خۆیەوە نزیك بێت ئەوە لە کاتی کڕنوش بردنیدایە)، وە لەوە

[126] ئیمامی موسلم لە (صحيح مسلم)(ژ١٠٨٣): كتاب الصلاة ـ باب ما يقال في الركوع والسجود، وە ئەبو داود لە (سنن أبي داود)(ژ٨٧٥): كتاب الصلاة ـ باب في الدعاء في الركوع والسجود، وە نەسائی لە (سنن النسائي)(ژ١١٣٧): كتاب التطبيق ـ باب أقرب ما يكون العبد من الله عزَّ وجل، وە ئیمام ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ژ٩٤١٥) ڕیوایەتیان کردووە . دانەر

ڕیوایەتکراوە کەوا دەفەرموویت: (أَفْضَلُ الصَّلاةِ طُولُ الْقُنُوتِ)[127] واتە: (گەورەترین نوێژ ئەو نوێژەیە کەوا زۆر بوەستی لە ناویدا بۆ قورئان خوێندن)، جا لێرەدا هیچ دژایەتی کردنەك لە خۆ هەڵناگرێ ئەگەرچی لە (قنوت) وا دەرکی پێ بکرێت بە مانا زمانەوانیەکەی کە "ملکەچی تەواوە" یاخود بە مانا زاراوە شەرعیەکەی کە "پاڕانەوەیە"، وەکوو ئەو کەسەی کە لە نوێژی بەیانی دوای هەستانەوە لە ڕوکوع لە ڕەکعەتی دووەم لای شافیعیەکان، جا بە مانا زاراوەییەکەی فەرموودە پیرۆزەکە پەسندێتی و بە چاك زانینی درێژ کردنەوەی پاڕانەوە (قنوت) دەرئەخات لەو نوێژانەی کەوا (قونوتیان) تیا ئەخوێنرێت، بۆیە لێرەدا بواری گومان دژایەتی بردن نیە لەگەڵ فەرموودەکەی یەکەمدا کە ڕوون و ئاشکرایە دەربارەی گەورەیی کڕنووش لە نوێژەکان لەو کاتەی کە بەندە نزیکرتین کاتی ئەبێت لە پەروەردگاری خۆی .

بەڵام ئەو قاعیدەیەی کە باسکرا مانا زمانەوانیەکە پەسند ئەکات لای ئێمە بۆ لەفزی (قنوت) لە فەرموودەی دووەمدا، بە بەڵگەی ڕێنمایی فەرموودەی یەکەم، لەبەر ئەوەی بنچینەی نوێژ: پەرستش و ملکەچی تەواوە بۆ پەروەردگاری جیهانیان، وە

[127] بۆ زانینی ڕاویەکانی ئەو فەرموودەیە بگەڕێوە بۆ (لاپەڕە۹۳) . وەرگێڕ

بێگومان ملکەچی و کردەوە پێکردنی سێ پلەی هەیە کە نوێژ کۆیان ئەکاتەوە، لە نزمترینیانەوە ئەگوازرێتەوە کە وەستانە لەبەر دەستی خوای گەورە، بۆ ناوەندەکەی کە ڕوکوع بردنە، بۆ بەرزترینیان کە کوڕنووش بردنە، وە هەر کاتێك بەندە ملکەچیەکەی بۆ پەروەردگاری زیادی کرد، وەرگیران و نزیکیەکەیەکەشی لە لای ئەو زیاد ئەبێت، فەرموودەی یەکەم بۆ لەفزی (أقرب) نزیکتر ڕێنماییمان ئەکات، وە (مِنْ) ماددەی نزیکی بە (مِنْ) گەڕێنراوەتەوە بۆ (إلى) جا نزیکیەکە ماددیە، وە ئەگەر گەڕێنراوە بۆ (مِنْ) نزیکیەکە مەعنەویە، وە نزیکی مەعنەویش لێرە ئەوە: ڕازیبوونی پەروەردگار وەرگیرانەکەیەتی، ملکەچی بەندەو پەرستشەکانێتی، جا لە هەر شوێنێك بەندە نزیکتربێت ئەوە لەوێدا ملکەچتر ئەبێت، بۆیە کڕنووش بردن بە دەقی ئەو فەرموودەیە تەواوترینی کردەوەکانی قونوتە، واتە: "ملکەچی نواندن لە نوێژدا"، ئەو ڕێنماییە بەسە کە بگەینە ڕێنمایی ئەوەی (قونوت) لە دەقی دووەمدا: (أَفْضَلُ الصَّلاةِ طُولُ الْقُنُوتِ) مەبەست پێی مانا زمانەوانیەکەیەتی، واتە: "ملکەچی تەواو"، جا گەورەترین نوێژ ئەوەیە کەوا قونوتی تێدابێت لە هەموو کردەوەکانی قونوت، وە ئاستەکانیشی لە نزم ترینیانەوە بۆ بەرز ترینیانە ڕێك لەگەڵ ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ کاری لەسەر کردووە، نەك ئەو نوێژەی

کەوا کەم و کوڕی کردەوەکانی قونوتی تێدا ئەنجام ئەدرێت هەر یەکەیان بە سنووری خۆی، ئەو دوو فەرمایشتە پیرۆزە ئەوەمان تێ ئەگەیێنێ: کەوا باشترین نوێژ ئەو نوێژەیە کە تەواوی ملکەچی و دڵ ئارامی تێدا بنوێنرێت، وە کڕنووشیش لە کردەکانێتی کە بەرز ترین شوێنی قونوتە، ئا بەو جۆرە فەرموودە ڕاڤەی هەندێك فەرموودەی تر ئەکات[128] .

ـ"وە لێکۆڵینەوەی ئەو باسە": کە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزە بە چەندین تایبەتمەندێتی جیا ئەکرێتەوە، لەوانە شەو نوێژەکانی کە تەڕاویحە باسی لێوە کرا، چەند ڕەکعەتێکە کە لە دوای نوێژی عیشاوە ئەنجام ئەدرێت لە شەوەکانی ڕەمەزان، ئوممەت کۆکن لەسەر سوونەت بوونی ئەم نوێژە وە هیچ کەسێك لەوانەی کەوا ڕاکانیان جێگای قەبوڵن ڕاجیاییان لەسەر نیە، بەڵام ڕاجیاییان لەسەر ژمارەی ڕەکعەتەکانە وە ڕاجیاییەکە بەهێز بوو سات لە دوای سات، جا کۆمەڵێك هەشت ڕەکعات ئەکەن وە ئەوانی تر بیست، ئەوانەی هەشت ڕەکعەت ئەکەن ئینکاری ئەوانە ئەکەن کەوا بیست ڕەکعەت ئەکەن لەبەر ئەوەی ئەوەی لە دوای ئەم

---

[128] (النجم الزاهر)(ل٨٩ ـ ٩٠): هی نەکتەل یونس کیشمولە . دانەر

هەشت ڕەکعەتەوە ئەکرێت ئەوە زیادەیەو بیدعەیە هیچ بیناغەیەکی لەشەڕعدا نیە .

ئەی خوێنەری بەڕێز ئەوەش بۆچوونی زانا بەرزەکانە لەگەڵ بەڵگەکانیان دەربارەی ڕەکعەتەکانی تەڕاویح کەوا کامەیان دروستە تا کاری لەسەر بکرێت .

ـ بزانە: کەوا یەکەم کەسێك کە نوێژی تەڕاویحی بە کۆمەڵ ئەنجامدابێت پێشەوای پارێزکاران و شوێنکەوتوی چاکەکاران و بیلبیلەی چاوی نوێژ خوێنان حەزرەتی محمدی پێغەمبەری خوایە ﷺ ، ئیمامی بوخاری لە (سەحیحەکەی) بە سەنەدی خۆی لە عائیشەی دایکی ئیمانداران (رضي الله عنها) ڕیوایەتی کردووە، (أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ـ ﷺ خَرَجَ لَيْلَةً من جَوْفِ اللَّيْلِ، فَصَلَّى في الْمَسْجِدِ، وَصَلَّى رِجَالٌ بِصَلاتِهِ، فَأَصْبَحَ الناس فَتَحَدَّثُوا، فَاجْتَمَعَ أَكْثَرُ منهم فَصَلَّى فَصَلَّوْا معه، فَأَصْبَحَ الناس فَتَحَدَّثُوا، فَكَثُرَ أَهْلُ الْمَسْجِدِ من اللَّيْلَةِ الثَّالِثَةِ، فَخَرَجَ رسول اللَّهِ ـ ﷺ فَصَلَّى فَصَلَّوْا بِصَلاتِهِ، فلما كانت اللَّيْلَةُ الرَّابِعَةُ عَجَزَ الْمَسْجِدُ عن أَهْلِهِ، حتى خَرَجَ لِصَلاةِ الصُّبْحِ، فَلَمَّا قَضَى الْفَجْرَ أَقْبَلَ على الناس، فَتَشَهَّدَ، ثُمَّ قال: "أَمَّا بَعْدُ، فإنه لم يَخْفَ عَلَيَّ مَكَانُكُمْ، وَلَكِنِّي خَشِيتُ أَنْ تفرض عَلَيْكُمْ فَتَعْجِزُوا عنها" فَتُوُفِّيَ رسول اللَّهِ ـ ﷺ ، وَالأَمْرُ

علی ذلك))[١٢٩]. واته: (شەویێکیان پێغەمبەری خواﷺ لە نیوە شەودا لەماڵ دەرچوو لە مزگەوتدا نوێژی کرد، وە کۆمەڵە پیاوێکیش لەگەڵی نوێژیان کرد، جا کە بەیانی داهات خەڵکی باسی ئەو نوێژەیان کرد، ئیتر خەڵکێکی زۆرتر کۆبوونەوە نوێژیان لەگەڵ پێغەمبەری خوادا کردﷺ، دووبارە کە خەڵکی بەیانی کردەوە باسی ئەو نوێژەیان کرد، جا بۆ شەوی سێ یەم خەڵکی زۆر لە مزگەوتەکەی کۆ بوونەوە چاوەڕوانی ئەو نوێژەیان ئەکرد، ئیتر پێغەمبەری خواﷺ دەرچوو بۆ ئەوەی نوێژ بکات لە مزگەوت ئەوانیش نوێژیان لە دوایەوە کرد، جا بۆ شەوی چوارەم لە مزگەوت جێگای خەڵك نەما لەبەر زۆری هاوەڵە بەڕێزەکان، بەلاّم پێغەمبەری خواﷺ دەرنەچوو بۆ نوێژی بەیانی لەماڵ دەرچوو هاتەی مزگەوت ئیتر دوای ئەنجامدانی نوێژی بەیانی هاوەڵە بەڕێزەکان ڕوویان تێ کرد، پێغەمبەری خواشﷺ شایەتی هێناو فەرمووی: أما بعد: ئەو حاڵەی ئێوە لەمن نەشاردراوەتەوە ئاگادارم بە ئێوە بەلاّم ترسام نەوەکا ئەو نوێژی تەراویحەتان لەسەر فەرز بکرێت ئێوەش نەتوانن ئەنجامی بدەن" جا پێغەمبەری خواﷺ

---

[١٢٩] ئیمامی بوخاری لە (صحیح البخاري)(ژ٢٠١٢): کتاب صلاة التراویح ـ باب فضل لیلة القدر، ڕیوایەتی کردووە . دانەر

وەفاتی کرد کارەکە هەر بەو جۆرە مایەوە) واتە: وازی لە نوێژی تەراویحی بەکۆمەڵ هێنا، پاشان کارەکە بەو شێوازە بەردەوام بوو تا خەلافەتی ئیمامی ئەبو بەکر و هەندێکیش لە خەلافەتی ئیمامی عومەر (رضي الله عنهما) .

پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی تەراویحی نەکرد تەنها سێ شەوان نەبێت، ئەویش بیست و سێ و بیست و پێنج و بیست و حەوتی ڕەمەزانە بە گوێرەی ئەو ڕیوایەتانەی کە ڕابوورد وە زۆرێکیش لەو ڕیوایەتانەی غەیری ئەمانە، پێغەمبەری مەزن ﷺ ڕێنموویی ئێمەی کرد بۆ ئەوە کەوا هۆکاری (علة) وازهێنانی لە نوێژی تەراویحی بەکۆمەڵ لەو شەوانەی کە مابوویەوە، ئەوەش لەبەر ترسانی نەوەکا خوای گەورە فەرزی کات لەسەر ئوممەت ئەگەر بێت و بەردەوام بێت، ئیتر لە دوای وەفاتیەوە ئەم هۆکارە (علة) نەماوە هەروەکوو زانراوە لە قاعیدەی ئوسولا: (أن مدار الحكم مع العلة وجوداً وعدماً)[130] واتە: (تەوەری ئەو حوکم و بڕیارە لەگەڵ هۆکارەکەیە لە کاتی بوون و نەبوونیدا)، هەر لەبەر ئەوەش بوو کەوا ئیمامی فاڕوق عومەری کوڕی خەتاب بە سوننەتی دانا (رضي الله عنه)، تاوەکوو نوێژی تەراویح بە کۆمەڵ بکرێت لە هەموو شەوەکانی

[130] ((شرح جمع الجوامع)): (ب٢/ل٢٨٨). دانەر

ڕەمەزان،  ئیتر لەو کاتەوە ئوممەتی ئیسلام لەسەری یەك دەنگن تا سەردەمی ئێمە هەروەکوو ئەیبینین .

لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە: کەوا عبد الرحمن کوڕی عبد القاريء ئەفەرمووێت: (خَرَجْتُ مع عُمَرَ بن الْخَطَّابِ ﷺ لَيْلَةً في رَمَضَانَ إلى الْمَسْجِدِ، فإذا الناس أَوْزَاعٌ مُتَفَرِّقُونَ، يُصَلِّي الرَّجُلُ لِنَفْسِهِ، وَيُصَلِّي الرَّجُلُ فَيُصَلِّي بِصَلَاتِهِ الرَّهْطُ، فقال عُمَرُ: إني أَرَى لو جَمَعْتُ هَؤُلَاءِ على قَارِئٍ وَاحِدٍ لَكَانَ أَمْثَلَ، ثُمَّ عَزَمَ فَجَمَعَهُمْ على أُبَيِّ بن كَعْبٍ، ثُمَّ خَرَجْتُ معه لَيْلَةً أُخْرَى وَالنَّاسُ يُصَلُّونَ بِصَلَاةِ قَارِئِهِمْ، قال عُمَرُ: نِعْمَ الْبِدْعَةُ هذه)[١٣١]. واتە: (شەوێکیان لەمانگی ڕەمەزاندا لەگەڵ عومەری کوڕی خەتاب (رضي الله عنه) دەرچووم بۆ مزگەوت، بينيمان خەڵك پەرت و بڵاو ببونەوە، پیاو هەبوو بۆ خۆی بە جیا نوێژی ئەکرد، پیاویش هەبوو کۆمەڵێك بە دوایەوە نوێژی ئەکرد، جا ئیمامی عومەر فەرمووی: گەر بێت و ئەمانەم کۆکردبایەتەوە لە دوای قورئان خوێنێکەوە نوێژەکەیان بە کۆمەڵ ئەنجام بدایە ئەوە باشتر ئەبوو وە پاداشتەکەشی کامڵ تر ئەبوو، ئینجا پێداگری کرد لەوەی کە ئەیویست، بۆیە هەموویانی

---

[١٣١] ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ٢٠١٠): كتاب صلاة التراويح ـ باب فضل من قام رمضان، ڕیوایەتی کردووە . دانەر

کۆکردەوە تا ئوبەی کوڕی کەعب نوێژیان بۆ بکات، پاشان هەر لەگەڵ ئیمامی عومەر شەوی دواتر چووینە مزگەوت بینیمان خەڵکی نوێژی بەکۆمەڵ ئەکەن لە دوای ئەو هاوەڵە بەڕێزەوە، ئیمامی عومەریش فەرمووی: ئەوە چاکترین بیدعەیە) .

جا بەهۆی ئەو بەڵگە درەوشاوانە بنچینەی تەڕاویح و بە کۆمەڵکردنی ئەو نوێژە سەلمێنرا، ئەوەی لەسەرمان مابێت ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی ئەنجامدانەکەیەتی لە ڕووی ژمارەی ڕەکعەتەکانەوە، بۆیە ئەڵێین: شەرعزانەکان ڕاجیان لە کۆن و نوێوە لە بارەی ژمارەی ڕەکعەتەکانی نوێژی تەڕاویح ئیمامی مالیك لە کتێبەکەی خۆی (الموطأ) لە سائیبی کوڕی یەزیدەوە ڕیوایەتی کردووە کەوا دەفەرموویت: (أَمَرَ عُمَرُ بن الْخَطَّابِ أُبَيَّ بن كَعْبٍ وَتَمِيماً الدَّارِيَّ أَنْ يَقُومَا لِلنَّاسِ بِإِحْدَى عَشْرَةَ رَكْعَةً، قال: وقد كان الْقَارِئُ يَقْرَأُ بِالْمِئِينَ، حتى كنا نَعْتَمِدُ على العصي من طُولِ الْقِيَامِ، وما كنا نَنْصَرِفُ إِلاَّ في فُرُوعِ الْفَجْرِ)[١٣٢]، واتە: (ئیمامی عومەر فەرمانی بە ئوبەی کوڕی کەعب و تەمیمی داری کرد (رضي الله

[١٣٢] ئیمامی مالیك لە (موطأ)(ژ٢٣٢): كتاب النداء للصلاة ـ باب ما جاء في قيام رمضان ڕیوایەتی کردووە، هی ئیمامی ئەبو عبد الله مالیکی کوڕی ئەنەسی ئەصبەحیە: (و١٧٩هـ). دانەر

عنهم) کەوا یانزە ڕەکعەت نوێژی تەڕاویح بۆ خەڵکی بکەن، جا سائیبی کوڕی یەزید (رضي الله عنه) دەفەرمووێت: ئەوانەی کە پێش نوێژیان بۆ ئێمە ئەکرد لەو هاوەڵە بەڕێزانە ئەو سوڕەتانەیان ئەخوێند کە ژمارەی ئایەتەکانیان سەدو لەسەرووی سەد ئایەت ئەبوو، هەتا ئێمە خۆمان ئەخستە سەر دارێك تاوەکوو خۆمانی پێ ڕاگیر بکەین لەبەر درێژی نوێژەکە، وە لە نوێژەکەش نە ئەبووینەوە تا نزیکەی نوێژی بەیانی) جا لەبەر ئەم ڕیوایەتە ئیمامی مالیك یانزە ڕەکعەتی هەڵبژاردووە، هەشت ڕەکعەتیان بۆ تەڕاویح سێ کەی تریش بۆ وەتر، وە لە ڕیوایەتێکی تری ئیمامی مالیکدا کە لە یەزیدی کوڕی ڕومانەوە هاتووە، کەوا فەرموویەتی: (كان الناس يَقُومُونَ فِي زَمَانِ عُمَرَ بن الْخَطَّابِ فِي رَمَضَانَ بِثَلاَثٍ وَعِشْرِينَ رَكْعَةً)[١٣٣]، واتە: (لە زەمانی ئیمامی عومەردا خەڵکان لە مانگی ڕەمەزان بیست و سێ ڕەکعەت نوێژیان ئەکرد)، وە فەرموودەی جابریش کە ئیبن و حیبان ڕیوایەتی کردووەو ئەفەرمووێت: (صَلَّى بِنَا رَسُولُ اللهِ ﷺ فِي شَهْرِ رَمَضَانَ ثَمَانِيَ رَكَعَاتٍ وَأَوْتَرَ)[١٣٤] واتە:

[١٣٣] ئیمامی مالیك لە (موطأ)(ژ٢٣٣): كتاب النداء للصلاة ـ باب ما جاء في قيام رمضان، ڕیوایەتی کردووە . دانەر

[١٣٤] ابن حبان ڕیوایەتی کردووە سەیری (موارد الظمآن إلي زوائد ابن حبان)(ب١/ل٢٣٠/ژ٩٢٠) بکە: هی حافیزی ئەبو حەسەن نور الدين عەلی کوڕی ئەبو

(پێغەمبەری خوا ﷺ لە مانگی ڕەمەزاندا هەشت ڕەکعەت نوێژی تەراویح و پاشان سێ ڕەکعەت نوێژی وەتری بە ئێمە کرد)، وە ئەو فەرموودەیەش کە بوخاری لە ئەبو سەلەمەی کوڕی عبد الرحمن وە ڕیوایەتی کردووە کە پرسیاری لە دایکمان عائیشە کردووە (رضي الله عنها) کەوا نوێژی پێغەمبەری خوا ﷺ لە مانگی ڕەمەزاندا چۆن بووە، ئەویش ئەفەرمووێت: (ما كان يَزِيدُ في رَمَضَانَ ولا في غَيْرِهِ على إِحْدَى عَشْرَةَ رَكْعَةً، يُصَلِّي أَرْبَعًا، فلا تَسَلْ عن حُسْنِهِنَّ وَطُولِهِنَّ، ثُمَّ يُصَلِّي أَرْبَعًا، فلا تَسَلْ عن حُسْنِهِنَّ وَطُولِهِنَّ، ثُمَّ يُصَلِّي ثَلاثاً، فقلت: يا رَسُولَ اللَّهِ، أَتَنَامُ قبل أَنْ تُوتِرَ؟ قال: (يا عَائِشَةُ، إِنَّ عَيْنَيَّ تَنَامَانِ ولا يَنَامُ قَلْبِي)[135]، واتە: (لەمانگی ڕەمەزان و غەیری مانگی ڕەمەزانیشدا لە یانزە ڕەکعەتان زیاتری نە ئەکرد، چوار ڕەکعەتی ئەکرد، جا مەپرسە لە جوانیەکەی و درێژییەکەی، پاشان چوار ڕەکعەتی ئەکرد، جا مەپرسە لە جوانیەکەی و درێژییەکەی، پاشان سێ ڕەکعەتی ئەکرد، منیش وتم ئەی پێغەمبەری

بەکری کوڕی سلێمانی هەیسەمیە کە بە ناوبانگە بە ئیبن و حەجەری هەیثەمی (و٨٠٧ھ)، حوسێن سەلیم دارانی ئەفەرمووێت: سەنەدەکەی حەسەنە . وەرگێڕ

[135] ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ٢٠١٣): كتاب صلاة التراويح ـ باب فضل من قام رمضان، ڕیوایەتی کردووە . دانەر

خوا ئایا ئەخەوی پێش ئەوەی نوێژی وەتر بکەی؟ ئەویش فەرمووی: " ئەی عائیشە چاوەکانم ئەخەون بەلاَم دلّم ناخەویّ ") .

بەلاَم ئەو بەلّگانەی کە سەلمێنراون بۆ بیست ڕەکعەتەکە ئەوە ئەمانەن: ئیمامی ترمذی ئەفەرموویێت: زۆربەی زانستخوازان لەسەر ئەو ڕیوایەتەن کەوا لە ئیمامی عەلی و ئیمامی عومەرو غەیری ئەم دوانە لە هاوەلّە بەڕێزەکانی پێغەمبەر ﷺ ڕیوایەتکراوە کە بیست ڕەکعەتە، ئەوەش وتەی سوفیانی سەوری و ئیبن و موبارەك و شافیعیە، وە ئیمامی شافیعی دەفەرموویێت: لە شارەکەمان کە مەککەیە هەر بەو شێوەیە بیست ڕەکعەتی ئەکەن)[١٣٦] .

وە لە "تحفة الأحوذي" دا هاتووە: ئیمامی بەیهەقی لە سونەنی خۆیدا وە ئیبن و ئەبی شەیبەش لە ئەبو حەسنائەوە ڕیوایەتی کردووە: (أن عَليَّ بْنَ أَبِي طَالِبٍ (رضي الله عنه) أَمَرَ رَجُلاً أَنْ يُصَلِّيَ بالنَّاسِ خَمْسَ تَروْيِحَاتٍ عِشْرِينَ رَكْعَةً)[١٣٧] واتە: (عەلی کوڕی ئەبو تالّیب (رضي الله عنه) فەرمانی بە پیاوێك کرد کەوا بیست ڕەکعەت نوێژی تەڕاویح چوار ڕەکعەت چوار ڕەکعەت بۆ خەلّکی بکات)، وە ئیبن و ئەبی شەیبە لە (مصنف ابن أبي شيبة) دا

---

[١٣٦] بگەڕێوە بۆ لاپەڕە (٩٠) بۆ زانینی تەخریجەکەی . دانەر

[١٣٧] (تحفة الأحوذي): (ب٣/ل٦١٢) . دانەر

له عبد العزیزی کوڕی ڕوفەیعەوە ڕیوایەتی کردووە کە دەفەرموویت: (کان أُبَيّ بن کَعْبٍ: يُصَلِّي بِالنَّاسِ فِي رَمَضَانَ بِالْمَدِينَةِ عِشْرِينَ رَكْعَةً، وَيُوتِرُ بِثَلاثٍ)[138] واته: (ئوبەی کوڕی کەعب (رضي الله عنه) لە مانگی ڕەمەزان لە شاری مەدینەدا بیست ڕەکعەت نوێژی تەراویحی بە خەڵکی ئەکرد، وە سێ ڕەکعەت وەتریشی لە دوایەوە ئەکرد)، وە ئیبن و ئەبی شەیبە و تەبەرانی و بەیهەقی بە سەنەدی خۆیان لە ئیبن عەباسەوە ڕیوایەتیان کردووە (رضي الله عنهم): (أَنَّ النَّبِيَّ كَانَ يُصَلِّي فِي رَمَضَانَ عِشْرِينَ رَكْعَةً سِوَى الْوَتْرِ)[139]، واته: (پێغەمبەری خوا ﷺ لە مانگی ڕەمەزان بیست ڕەکعەت نوێژی تەراویحی ئەکرد بێ لە وەتریش)، وە هەروەکوو بەیهەقی لە سونەنی خۆیدا لە سائیبی کوڕی یەزیدەوە ڕیوایەتی کردووە کە دەفەرموویت: (کانوا یقومون علی عهد عمر بن الخطاب ـ (رضي الله عنه)، في شهر رمضان بعشرین رکعة، قال: وکانوا یقرؤون بالمئین وکانوا یتوکؤن علی عصیهم في عهد عثمان بن عفان ـ (رضي الله عنه)، من شدة

---

[138] ئیبن ئەبی شەیبە لە (مصنف ابن أبي شيبة)(ب٢/ل١٦٣/ژ٧٦٨٤): هی ئەبو بەکر عبد الله کوڕی محمدی کوڕی ئەبی شیبەی کوفیە (و٢٣٥هـ) . دانەر

[139] ئیبن و ئەبی شەیبە (مصنف ابن أبي شيبه)(ب٢/ل١٦٤/ژ٧٦٩٢)، تەبەرانی (المعجم الأوسط): (ب١/ل٢٤٣/ژ٧٩٨) . دانەر

القيام)[140]، ئیمامی نەوەوی لە کتێبی "خلاصة الأحكام" دا دەفەرمووێت: سەنەدەکەی سەحیحە[141]، واتە: (لەسەر دەمی ئیمامی عومەر (رضي الله عنه) لە مانگی ڕەمەزاندا خەڵکی بیست ڕەکعەت نوێژی تەڕاویحیان ئەکرد، وە ئەوانەی کە پێش نوێژیان ئەکرد لەو هاوەڵە بەڕێزانە ئەو سوڕەتانەیان ئەخوێند کە ژمارەی ئایەتەکانیان سەدو لەسەرووی سەد ئایەت ئەبوو، وە لەسەر دەمی ئیمامی عوسمان (رضي الله عنه) خۆیان ئەخستە سەر دارێك تاوەکوو خۆیانی پێ ڕاگیر بکەن لەبەر درێژی نوێژەکە) .

ئیمامی نەوەوی لە کتێبی (أذكار)ەکەیدا ئەفەرمووێت: بزانە کەوا نوێژی تەڕاویح سوننەتە بە یەك دەنگی زانایان، وە بیست ڕەکعەتە لە هەموو دوو ڕەکعەتێکدا سەلام ئەدرێتەوە، وە شێوازی نوێژەکەش وەکوو نوێژەکانی ترە[142] .

لە کتێبی "العناية شرح الهداية" لە کتێبە بڕوا پێکراوەکانی حەنەفیەکانە خاوەنی ئەم کتێبە ئەفەرمووێت: (ڕیوایەتکراوە لە

---

[140] بەیهەقی لە (سنن البيهقي الكبرى)(ب٢/ل٤٩٦/ژ٤٣٩٣) ڕیوایەتی کردووە . دانەر
[141] (خلاصة الأحكام)(ب١/ل٥٧٦/ژ١٩٥٩): هی ئەبو زەکەریا محي الدين یەحیای کوڕی شەڕەفی نەوەوی دیمەشقیە (و٦٧٦هـ) . وەرگێڕ
(١٤٢) (الأذكار)(ل١٦٤): هی ئەبو زەکەریا محي الدين یەحیای کوڕی شەڕەفی نەوەوی دیمەشقیە (و٦٧٦هـ) . دانەر

پێغەمبەرەوە ﷺ ، کەوا شەوێك لە شەوەکانی ڕەمەزان لەماڵ دەرچوو بیست ڕەکعەت نوێژی کرد، جا کاتێك بووە شەوی دووەم خەڵکی کۆبوونەوەو پێغەمبەریش ﷺ لە ماڵ دەرچوو هاتە مزگەوت بیست ڕەکعەت نوێژی پێ کردن، وە کاتێکیش بووە شەوی سێیەم خەڵکی زۆر کۆبوونەوە، وە پێغەمبەریش ﷺ لەماڵ دەرنەچوو، جا پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموون: (ئاگادارم بە کۆبوونەوەی ئێوە بەڵام ترسام نەوەك لەسەرتان فەرز بکرێت)، جا خەڵکی هەر یەکەیان بۆ خۆیان بە تەنیا نوێژیان ئەکرد تا زەمانی ئیمامی عومەر (رضي الله عنه)، ئیمامی عومەریش پێی فەرموون: من وا ئەبینم کەوا ئەم خەڵکانە کۆکەمەوەو ئیمامێك نوێژیان بۆ بکات، بۆیە ئەوانی کۆکردەوەو ئوبەی کوڕی کەعبی بۆ دیاری کردن تا نوێژیان بۆ بکات، ئەویش بیست ڕەکعەت نوێژی تەڕاویحی پێ کردن چوار ڕەکعەت چوار ڕەکعەت)[١٤٣].

بەڵام ئیبن و قودامەی مەقدیسی حەنبەلی لە کیتابە جوان و ڕێکەکەی "المغني"دا ئەفەرمووێت: (ئەوەی لای ئەبو عبد الله هەڵبژێردراوبێت "مەبەستی پێ ئیمامی ئەحمەدە کە خاوەن مەزهەبەو بە ناوبانگە، بۆ ڕەکعەتەکانی نوێژی تەڕاویح ئەوە بیست ڕکعەتە،

---

[١٤٣] (العناية بشرح الهداية)(ب٢/ل٢٣٥): هی محمدی کوڕی محمود بابەڕتیە (و٧٨٦هـ) . دانەر

وه ئیمامی سەوری و ئەبو حەنیفەو شافعی فەرموویانە بیست ڕەکعەتە، ئیمامی مالك دەفەرمووێت: سی و شەش ڕەکعەتە، وای بۆ چووە کەوا کارەکە کۆنە پەیوەستە بە خەڵکی مەدینەوە، لەبەر ئەوەی ساڵیحی بەندەی جمك دەفەرمووێت: گەیشتم بە خەڵکان کەوا چل و یەك ڕەکعەت نوێژی تەڕاویحیان ئەکرد، پێنج ڕەکعەتیان لەوانە بە وەتر کۆتایی پێ ئەهێنا، واتە: (سی و شەش ڕەکعەت تەڕاویح پێنج ڕەکعەتیش وەتر)، وە بۆ ئێمەش (مەبەست پێی مەزهەبی ئیمامی ئەحمەدە) کەوا ئیمامی عومەر (رضي الله عنه)، کاتێك خەڵکی کۆکردەوە تا ئوبەی کوڕی کەعب نوێژیان بۆ بکات، ئەوە بیست ڕەکعەتی بۆ کردن، وە ڕیوایتکراوە لە مالیکی کوڕی یەزیدی کوڕی ڕومانەوە کەوا ئەفەرمووێت: خەڵکی لە زەمانی ئیمامی عومەردا (رضي الله عنه)، لە مانگی ڕەمەزاندا سی و سێ ڕەکعەت نوێژیان ئەکرد، وە لە ئیمامی عەلیەوە ڕیوایەتکراوە کەوا فەرمانی بە پیاوێك کردووە کە بیست ڕەکعەت نوێژ بۆ خەڵکی بکات لە مانگی ڕەمەزان ئەوەش وەك یەکدەنگی زانایان وایە، بەڵام هەرچی ئەوەی ساڵح کە ڕیوایەتی کردووە ئەوە ساڵیح پیاوێکی بێ هێزە لە ڕووی فەرموودەوە، پاشان نازانرێت کەوا کێ لەوەوە ڕیوایەتیان کردوەو هەواڵیان پێداوە؟ ئەکرێ بە کۆمەڵە خەڵکانێك گەیشتبێت کەوا ئەوەندە ڕەکعەتەیان کردبێت

ئەوەش نابێتە بەڵگە، پاشان ئەگەر چەسپا کەوا خەڵکی مەدینە هەموویان ئەوەیان کردبێت ئەوە ئیمامی عومەر ئەیکردو وە هاوەڵەکانیش لەسەری یەك دەنگ ئەبوون، وە شایانتر ئەبو بۆشوێن کەوتن[١٤٤].

شەیخولئیسلام شێخ زەکەریای ئەنساری (رضي الله عنه) دەفەرمووێت: بیست ڕەکعەتە بە دە سەلام دانەوە لە هەموو شەوێکی ڕەمەزاندا، هەروەکوو بەیهەقی غەیری ئەویش بە سەنەدێکی سەحیح ڕیوایەتیان کردووە: واتە: (ئەوان لەسەردەمی ئیمامی عومەردا لە مانگی ڕمەزان بیست ڕەکعەت نوێژی تەراویحیان ئەکرد، وە ئیمام مالیك لە "موطأ" بە سی و سێ ڕەکعەت ڕیوایەتی کردووە، جا بەیهەقی ئەو دوو ڕیوایەتەی کۆکردووەتەوە بەوەی کەوا ئەوان نوێژی وەتریان بەسێ ڕەکعەت ئەکرد)[١٤٥].

"بەڵێ خۆشەویستەکەم" بزانە کەوا سوودەکانی تەراویح و ئەنجامدانی بیست ڕەکعەتەکەی حیکمەت لەوە ئەمانەیە:-

---

[١٤٤] (المغني)(ب١/ل٤٥٦): هی ئەبو محمد عبد الله کوڕی ئەحمەدی کوڕی قودامەی مەقدیسیە (ت٦٢٠هـ) . دانەر

[١٤٥] (أسنى المطالب شرح روض الطالب)(ب١/ل٢٠٠، ٢٠١): هی ئەبو یەحیای زەکەریای ئەنساریە (و٩٢٨هـ) . دانەر

١. لێخۆشبوونی تاوانەکانە" لەبەر وتەی پێغەمبەری خوا (وَمَنْ قام لَيْلَةَ الْقَدْرِ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ له ما تَقَدَّمَ من ذَنْبِهِ)[١٤٦].

٢. کۆبوونەوەی موسڵمان لەگەڵ برای موسڵمانی لە یەك شوێندا کارێکە حەوت مەبەستەکەی شەریعەت هانی لەسەر ئەدات .

٣. بەدەستهێنانی شەو نوێژە لە سەرەتاکەی تا کۆتاییەکەی .

٤. لە بیست ڕەکعەت نوێژا مانای ئەو شەو نوێژەی کە لەو فەرموودەی باسی لێوە کرا بۆ موسڵمان بە دەست دێت، بەڵام کەسێك لە بیست ڕەکعەت کەمتر بکات ئەوە پاداشتە کامڵەکەی لە دەست ئەچێت .

٥. بە ئەدەب بوون لە شوێنکەوتنی جێنیشینە ڕاستەکان بەرامبەر کاروکردەوەکانیان و لەوانەش کە فەرمانیان پێکراوە بە کردنیان لەبەر وتەی پێغەمبەری خوا کە ئەفەرمووێت: (فَعَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ عَضُّوا عليها بِالنَّوَاجِذِ) [١٤٧] واتە: (لەسەرتانە کەوا شوێن سوونەتی من و جێنیشینە ڕاست و ڕێنموویی کراوەکان بکەون، بە ددانەکانتان بیگرن و دەستی پێوە بگرن بەری مەدەن) .

---

[١٤٦] بگەڕێوە بۆ لاپەڕە (٢٤) بۆ زانینی ڕاویەکان و ڕاڤەکردنەکەی . وەرگێڕ

[١٤٧] ئەبو داود لە (سنن أبي داود)(ژ٤٦٠٧): كتاب السنة ـ باب في لزوم السنة، وە ترمذي لە (سنن الترمذي)(ژ٢٦٧٦): كتاب العلم ـ باب ما جاء في الأخذ بالسنة واجتناب البدع، وە دەفەرمووێت: ئەوە فەرموودەیەکی حەسەن و سەحیحە . دانەر

ئیمامی حولەیمی و ئیبن و عەللان و زەینی عێراقی دەفەرموون: سوونەتە بەردەوامەکان لە غەیری مانگی ڕەمەزاندا ژمارەیان دەیە گونجاوە ئەگەر بکرێتە بیست ڕەکعەت وەسێ ڕەکعەتیش وەتری لەگەڵ بێت، ئەمەش لە ڕیوایەتدا هاتووە: (أن الفريضة في رمضان بسبعين فريضة فيما سواه، والنافلة فيه بفريضة)[١٤٨] واتە: (فەرزێك لە مانگی ڕەمەزاندا بەرامبەر حەفتا فەرزە لە غەیری مانگی ڕەمەزان، وە سوونەتێکیش لە مانگی ڕەمەزاندا بەرامبەر فەرزێکە).

﴿رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِي ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٗ وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ حَسَنَةٗ وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ﴾ .

ـ هەروەها یەکێك لە پەرستشە مەزنەکان لە مانگی ڕەمەزاندا: "خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزە": هەروەکوو پێغەمبەری خوا دەفەرموویت: (الصِّيَامُ وَالْقُرْآنُ يَشْفَعَانِ لِلْعَبْدِ يوم الْقِيَامَةِ، يقول الصِّيَامُ: أي رَبِّ، مَنَعْتُهُ الطَّعَامَ وَالشَّهَوَاتِ بِالنَّهَارِ، فشفعني فيه، وَيَقُولُ الْقُرْآنُ: مَنَعْتُهُ النَّوْمَ بِاللَّيْلِ، فشفعني فيه قال: فَيُشَفَّعَانِ)[١٤٩]، واتە: (لە ڕۆژی دواییدا ڕۆژوو قورئان بۆ بەندە

---

[١٤٨] بۆ زانینی ڕاویەکانی بگەڕێوە بۆ لاپەڕە (٨٦) . دانەر

[١٤٩] ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب٦/ل١٨٨/ژ٦٦٢٦)، أحمد محمد شاكر دەفەرموویت: سەنەدەکەی سەحیحە، وە ئیبن و کەسیریش نەقڵی کردووە لە (فضائل القرآن)(ل٩٣)، دەربارەی ئەو بابەتە، وە لە ((مجمع الزوائد)): (ب٣/ل١٨١) هاتووە، ئیبن و حەجەری هەیسەمی دەفەرموێت: أحمد وە تەبەڕانیش لە "الكبير" ڕیوایەتیان کردووە، پیاوەکانی تەبەڕانی پیاوانێکی سەحیحن، وە حاکم لە "المستدرك" (ب١/ل٥٥٤)، لە ڕێی ئیبن و

ئەبنە تکاکار، ڕۆژوو ئەڵێ: پەروەردگارم، خۆراك و ئارەزووەکانت لێ قەدەغە کرد لە کاتی ڕۆژدا، بمکە تکاکار بۆی، وە قورئانیش ئەڵێ: بمکە تکاکار بۆی، هەردووکیان تکای بۆ ئەکەن)، هەروەکوو خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿فَلَا تُطِعِ ٱلْكَـٰفِرِينَ وَجَـٰهِدْهُم بِهِۦ جِهَادًا كَبِيرًا ۝٥٢﴾[150] واتە: (شوێنی پێی کافرەکان مەکەوەو گوێڕاڵیان مەبە، وە بە تێکۆشانێکی گەورە تێبکۆشە لەگەڵیان بەهۆی ئەو قورئانەوە)، ﴿وَجَـٰهِدْهُم بِهِۦ﴾ واتە: بە قورئان و بەڵگەکانی کە گەورەترین زیکرو یادخەرەوەیە، هەروەکوو خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَتْلُونَ كِتَـٰبَ ٱللَّهِ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنفَقُوا۟ مِمَّا رَزَقْنَـٰهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً يَرْجُونَ تِجَـٰرَةً لَّن تَبُورَ ۝٢٩ لِيُوَفِّيَهُمْ أُجُورَهُمْ وَيَزِيدَهُم مِّن فَضْلِهِۦٓ ۚ إِنَّهُۥ غَفُورٌ شَكُورٌ ۝٣٠﴾[151]، واتە: (بێگومان ئەو کەسانەی کە قورئان ئەخوێننەوەو نوێژ ئەکەن و لەو ماڵەی کە پێمان داون ئەیبەخشن بە نهێنی و بە ئاشکرا، ئا ئەوانە بە ئومێدی بازرگانیەکن کە هەرگیز خەسارەت مەند نابن، تاوەکوو خوای گەورەش لەبەرامبەر ئەو کارە چاکانە

وەهبەوە لە حویەی کوڕی عبد الله بەو سەنەدەوە ڕیوایەتی کردووە، وە دەفەرموویت: سەحیحە لەسەر شەرتی موسلیم بەلاَم تەخریجیان نەکردووە . وە زەهەبیش موافقە . دانەر

[150] سورة الفرقان .

[151] سورة فاطر .

کە کردوویانە پاداشتیان بداتەوە وە لە بەهرەو میهرەبانی خۆیشی بۆیان زیاد بکات، بە ڕاستی خوای گەورە زاتێکە لێخۆشبووی گوناهەکانە وە پاداشت دەرەوەی چاکاکەنیشە) .

ئیمامی ئەحمەد لە ئەبو سەعیدی خودریەوە ڕیوایەتی کردووە کەوا فەرموویەتی: پیاوێك هاتە لام و وتی: ئامۆژگاریم بکە، پێشە تۆ پرسیارم دەربارەی ئامۆژگاری لە پێغەمبەری خوا کرد ﷺ هەروەکوو تۆ پرسیارت لە بارەیەوە کرد، فەرمووی: (أوصِيكَ بِتَقْوَي اللّهِ فَإِنَّهُ رَأْسُ كُلِّ شَيْءٍ، وَعَلَيْكَ بِالجِهَادِ فَإِنَّهُ رَهْبَانِيَّةُ الإِسْلامِ، وَعَلَيْكَ بِذِكْرِ اللهِ، وَتِلاوَةِ القُرْآنِ، فَإِنَّهُ رَوْحُكَ فِي السَّمَاءِ، وَذِكْرُكَ فِي الأَرْضِ)[١٥٢]، واتە: (ئامۆژگاریت ئەکەم کە تەقوای خوات هەبێت لەبەر ئەوەی سەری هەموو شتێکە، وە لەسەرتە کەوا تێکۆشان بکەی چونکە ڕەهبانیەتی ئیسلامە، وە لەسەرتە کەوا زیکری خوا بکەیت، وە قورئان بخوێنیتەوە، لەبەر ئەوەی دابەزینی نەسیمی ڕەحمەتە بۆ سەر تۆ لە ئاسمانەوە، وە یادی ناوی تۆشە لەسەر زەوی).

---

[١٥٢] ئیمام ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب١٠/ل٢٥٨/ژ١١٧١٣) ڕیوایەتی کردووە، حەمزە ئەحمەد زین دەفەرمووێت: سەنەدەکەی حەسەنە، هەیثەمیش لە هێناوەیەتی لە (المجمع الزوائد)(ب٤/ل٢١٥/ژ٧١١١) وە دەفەرمووێت: ئەحمەد و ئەبویەعلا ڕیوایەتیان کردووە، وە پیاوەکانی ئەحمەد باوەڕپێککراون . دانەر

ئیمامی ترمذی لە ئیبن و عەباسەوە (رضي الله عنه) ڕیوایەتی کردووەو ئەفەرموویّت: **(قال رَجُلٌ: يا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ، أَيُّ الْعَمَلِ أَحَبُّ إلى اللَّهِ؟ قال: (الْحَالُّ الْمُرْتَحِلُ) قال: وما الْحَالُّ الْمُرْتَحِلُ؟ قال: (الذي يَضْرِبُ من أَوَّلِ الْقُرْآنِ إلى آخِرِهِ كُلَّمَا حَلَّ ارْتَحَلَ)**[153]، واتە: (پیاویّك وتی: ئەی پیّغەمبەری خوا ﷺ، کامە کردەوە بەلای خواوە خۆشەویسترە؟ ئەویش فەرمووی: (حالّیّکی جیّ گۆڕکیّکەر) وتیان: حالّیّکی جیّ گۆڕکیّکەر چیە؟ فەرمووی: ئەو کەسەی کە لە سەرەتای قورئانەوە دەست پیّ ئەکات تا کۆتاییەکەی جا هەر کاتیّك تەواو بوو جیّ گۆڕکیّ ئەکات)، واتە: دەست بە خەتمی قورئان ئەکات تاکۆتایی کە تەواوی کرد خەتمیّکی تر ئەکات، وە قورئان خویّنەکان ئەولیاو خۆشەویستانی خوای گەورەن، لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (رضي الله عنه) ڕیوایەتکراوە کەوا پیّغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویّت: **(إِنَّ لِلَّهِ أَهْلِينَ من الناس) قالوا: يا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ، من هُمْ؟ قال: (هُمْ أَهْلُ الْقُرْآنِ أَهْلُ اللَّهِ**

---

[153] ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٢٩٤٨): كتاب القراءات ـ باب ما جاء أن القرآن أنزل على سبعة أحرف، وە دەفەرموویّت: ئەوە فەرموودەیەکی غەریبە، وە داڕەمی لە (سنن الدارمی)(ژ٣٤٧٦): كتاب فضائل القرآن ـ باب في ختم القرآن، هی ئەبو عبد الله کوڕی عبد الرحمن الدارمی (و٢٥٥هـ) . دانەر

وَخَاصَّتُهُ)[١٥٤]، واته: (خوای گەورە لە ناو خەڵكیدا کەسانێكی تایبەتی هەنە کە لای ئەو زۆر بەرێزن) وتیان: ئەوانە كێن ئەی پێغەمبەری خواﷺ؟ ئەویش فەرمووی: ئەوانە قورئان خوێنەکانن کە کەسانێکی تایبەتن گرینگی پێدراون لای خوای مەزن)، وە لە عبد الله کوڕی عەمری کوڕی عاسەوە (رضي الله عنهما) ڕیوایەتکراوە کەوا پێغەمبەری خواﷺ دەفەرمووێت: (من قام بِعَشْرِ آيَاتٍ لم يُكْتَبْ من الْغَافِلِينَ، وَمَنْ قام بِمِائَةِ آيَةٍ كُتِبَ من الْقَانِتِينَ، وَمَنْ قام بِأَلْفِ آيَةٍ كُتِبَ من الْمُقَنْطِرِينَ)[١٥٥] واته: (هەر کەسێك لە کاتی شەودا دە ئایەتان بخوێنێ ئەوە ناوی لەگەڵ ئەو کەسانە نانوسرێت کە بێ ئاگان لە خوای گەورە، وە هەر کەسێکیش سەد ئایەت بخوێنێ ئەوە ناوی لەگەڵ ئەو کەسانە ئەنوسرێت کە ملکەچ و زۆر خواپەرستی ئەکەن لە ناو نوێژەکانیان زۆر ئەمێننەوە، وە هەر کەسێکیش هەزار ئایەت بخوێنێ ئەوە ناوی لەگەڵ ئەو کەسانە ئەنوسرێت کە پاداشتەکەیان بە ئەندازەی قینتار دەبێت "قینتاریش وەکوو چیای ئوحودە")، ئیمامی بوخاری لە ئەبو

---

[١٥٤] ئیمامی ئه حمەد لە (مسند أحمد)(ب١٠/ل٤٠٩/ژ١٢٢١٩)، وە ئین و ماجە لە (سنن ابن ماجه)(ژ٢١٥): المقدمة ـ باب فضل من تعلم القرآن وعلمه، وە دارەمی لە (سنن الدارمی)(ژ٢٣٢٦):كتاب فضائل القرآن ـ باب فضل قرأ القرآن، حەمزە أحمد زين دەفەرمووێت: سەنەدەکەی سەحیحە، وە حاکم بە سەحیحی داناوە لە (المستدرك)(ب١/ل٥٥٦)، وە زەهەبیش موافقە لەسەری. دانەر

[١٥٥] ئەبو داود لە (سنن أبي داود)(ژ١٣٩٨): كتاب الصلاة ـ باب تحزيب القرآن .

سەعیدی خودریەوە(رضي الله عنه) ڕیوایەتی کردووە کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ بە هاوەڵەکانی فەرموو: (أَيَعْجِزُ أَحَدُكُمْ أَنْ يَقْرَأَ ثُلُثَ الْقُرْآنِ فِي لَيْلَةٍ)، فَشَقَّ ذلك عليهم، وَقَالُوا: أَيُّنَا يُطِيقُ ذلك يا رَسُولَ اللَّهِ، فقال: (الله الْوَاحِدُ الصَّمَدُ ثُلُثُ الْقُرْآنِ)[١٥٦]، واتە: (ئایا کەسێك لە ئێوە ئەتوانێ لە شەوێکدا سێ یەکی قورئان بخوێنێ؟) ئەمەش سەخت بوو لەسەریان کە پێیان نەکرێت، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ کامە لە ئێمە ئەتوانێ، فەرمووی: (الله الواحد الصمد (واتە: سورەتی الإخلاص) ئەوە خوێندنەکەی سێیەکی قورئانە)، وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: (من قرأ قل هو الله أحد ثلاث مرات فكأنما قرأ القرآن كلّه)[١٥٧]، (هەر کەسێك سێ جاران " قل هو الله أحد " بخوێنێت وەکوو ئەوە وایە کە گشت قورئانی خوێندبێت)، وە هەروەها دەفەرمووێت: (من قَرَأَ قُلْ هو الله أَحَدٌ حتى يَخْتِمَهَا عَشْرَ مَرَّاتٍ بنى الله له قَصْراً في الْجَنَّةِ)، فقال عُمَرُ بن الْخَطَّابِ: إِذاً أَسْتَكْثِر يا رَسُولَ اللَّهِ، فقال

[١٥٦] بوخاری لە (صحيح البخاری)(ژ٥٠١٥): فضائل القرآن ـ فضل ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ (الإخلاص :١)﴾ . دانەر

[١٥٧] جەنابی شێخ ئەم فەرموودەیەی بە مانا نەقڵ کردووە لەم فەرموودەوە (من قرأ: قل هو الله أحد فقد قرأ ثلث القرآن) ترمذي لە (سنن الترمذي)(ژ٩٣٩) ڕیوایەتی کردووە، واتە: "هەر کەسێك "قل هو الله أحد" بخوێنێ وەکوو ئەوە وایە سێ یەکی قورئانی خوێند بێت، جا سێ جار خوێندنی ئەو سوورەتە وەکوو ئەوە وایە هەموو قورئانی خوێند بێت . وەرگێڕ

رسول اللّٰهِ ﷺ : (الله أَكْثَرُ وَأَطْيَبُ)[158]. (هەر كەسێك دە جاران "قل هو الله أحد" بخوێنێت ئەوە خوای گەورە كۆشكێكی لە بەهەشت بۆ دروست ئەكات و پێی ئەبەخشێت)، ئیمامی عومەریش فەرمووی: كەواتە ئێمەش زۆری دەخوێنین ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ، پێغەمبەریش فەرمووی: (خوای گەورەش زیاتر پاداشتان ئەداتەوە وە پاك و بێ گەردە لە هەموو كەم و كوڕیەك كە پاداشتیش ئەداتەوە بە پاكترین و كاملترین نە بێ بە بەندەكانی خۆی نادات) .

ئیمامی طیبی (رحمه الله) دەفەرمووێت: واتە خوای گەورە زیاتر وەڵامی پاڕانەوەكانتان ئەداتەوە، وە گوتراوە ماناكەی: بەهرەو فەزڵی خوای گەورە زۆرە" واتە بەهرەو ڕێزە فراوانەكەی خۆی كە ئەیبەخشێت زۆرترە بەرامبەر نزاكانتان كە ئەیڵێن و پێشكەشی ئەكەن بەرامبەر بە خوای مەزن" وە گوتراوە: خوای گەورە پاداشت و بەخشینەكانی زۆر ترە لەوەی كە ئێوە لە دەروونەكانی خۆتان وێنەی بۆ ئەكێشن، بۆیە زۆر خەیاڵی بۆ بكەن و وێنەی بۆ

---

[158] ئیمام ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب١٢/ل٢٤٨/ژ١٥٥٤٧)، وە دارەمی (سنن الدارمی)(ژ٣٤٢٩): كتاب فضائل القرآن ـ باب فضل ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ (الإخلاص :١)﴾ . دانەر

بکێشن بە ئارەزووی خۆتان" لەبەر ئەوەی خوای گەورە بەرامبەر نزاکانتان پاداشتی زۆرترو شایانتری داناوە) [159]. وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (مَنْ قَرَأَ قُلْ هو الله أَحَدٌ عَشْرَ مَرَّاتٍ بُنِيَ له بها قَصْرٌ فِي الْجَنَّةِ، وَمَنْ قَرَأَ عِشْرِينَ مَرَّةً بُنِيَ له بها قَصْرَانِ فِي الْجَنَّةِ، وَمَنْ قَرَأَهَا ثَلاثِينَ مَرَّةً بُنِيَ له بها ثَلاثَةُ قُصُورٍ فِي الْجَنَّةِ»، فقال عُمَرُ بن الْخَطَّابِ: والله يا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ ، إِذَنْ لنكثرن قُصُورَنَا، فقال رسول الله ﷺ : (اللهُ أوسعُ مِنْ ذلِكَ) [160]، واته: (هەر کەسێك دە جاران " قل هو الله أحد " بخوێنێت ئەوە خوای گەورە کۆشکێکی لە بەهەشت بۆ دروست ئەکات و پێی ئەبەخشێت، وە هەر کەسێك بیست جاران بخوێنێت ئەوە دوو کۆشکی لە بەهەشت بۆ دروست ئەکات، وە هەر کەسێکیش سی جاران بخوێنێت ئەوە سێ کۆشکی بۆ دروست ئەکەن)، ئیمامی عومەریش فەرمووی: سوێند بەخوا ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئێمەش کۆشکەکانمان زۆر ئەکەین، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: خوای گەورە زۆر لەوە فراوانترە لەوەی کە ئێوە پاداشتی خوا لە دەروونی خۆتاندا وێنە بکەن و خەیاڵی بۆ بکەن)، لەبەر ئەوەی پاداشتەکانی خوای گەورە

---

[159] (تحفة الأحوذي)(ب١٠/ل١٨) . دانەر

[160] دارەمی لە (سنن الدارمي)(ژ٣٤٢٩): كتاب فضائل القرآن ـ باب فضل ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ (الإخلاص :١)﴾ . دانەر

ناژمێردرێن و سنووردار ناکرێن. "ئەی پەروەردگارم لە گەنجینەی میهرەبانی و ئەوین و سۆزی خۆت بێ بەشەمان مەکە، اللّهم یا الله، ئامین ئامین" .

ترمذی و نەسائی لە پێغەمبەری خواوەﷺ ڕیوایەتیان کردووە کە ئەفەرموویێت: (أُنْزِلَتْ عَلَيَّ آيَاتٌ لم يُرَ مِثْلُهُنَّ قَطٌّ: الْمُعَوِّذَتَيْنِ)[١٦١]، واتە: (ئایەتانێك دابەزێنراوەتە سەرم لەمەو پێش وێنەیان نەبینراوە هەرگیز، ئەویش: (قل أعوذ برب الفلق، وە قل أعوذ برب الناس)ـە .

ئیمامی نەوەوی لە کتێبی" الأذكار " دا دەفەرموویێت: حافیزی ئەبو بەکر ئەبو داود بە سەنەدی خۆی لە ئیمامی عەلیەوە (رضي الله عنه) ڕیوایەتی کردووە: (من هیچ کەسێك نابینم گەر هۆشی هەببێت بخەوێت پێش ئەوەی ئەو سێ ئایەتانەی کۆتایی سورەتی (البقرة) بخوێنێت، واتە: ئەگەر خاوەن عەقڵ بێت ئەوە ئەیانخوێنێت)[١٦٢] سەنەدەکەشی سەحیحە لەسەر شەرتی بوخاری و موسلیم .

---

[١٦١] ئیمامی موسلیم لە (صحیح مسلم)(ژ١٨٨٩): کتاب فضائل القرآن ـ باب فضل قراءة المعوذتين . دانەر

[١٦٢] (الأذكار)(ل٧٧) . دانەر

وه هەروەها لـه ئیمامی عەلیەوە (رضي الله عنه) ڕیوایەتکراوە کە دەفەرموویێت: (نابینم کەوا کەسێك خاوەن هۆش بێت و هاتبێتە نێو ئیسلام بخەوێت هەتا (آية الكرسي) دەخوێنێت)[١٦٣]

وه لـه إبراهیمی نوخەعیەوە ڕیوایەتکراوە کـەوا ئەفـەرموویێت: ئەو کەسانەیان فێری (قل أعـوذ بـرب الفلـق، وة قـل أعـوذ بـرب الناس) ئەکرد کاتێك کە ئەچوونە سەر جێگاکانیان .

وه لـه ڕیوایەتێکیشدا هاتووە: ئەو سێ سوڕەتەیان بـه سـوننەت ئەزانی کەوا لـه هەموو شەوێکدا بخوێنن ئەو سوڕەتانەش (قل هو الله أحد، قل أعوذ برب الفلق، قل أعوذ بـرب النـاس)[١٦٤]سـەنەدەکەی سەحیحە لەسەر شەڕتی موسلیم .

وه بوخاری و ئەبو داود و ترمذی و ئیبن و ماجە لـه عائیشەوە ڕیوایەتیان کردووە: (أَنَّ النبیﷺ، کان إذا أَوَى إلى فِرَاشِهِ كُلَّ لَيْلَةٍ جمَعَ كَفَّيْهِ، ثُمَّ نَفَثَ[١٦٥] فِيهِمَا، فَقَرَأَ فِيهِمَا: ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ و ﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ﴾ و ﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ﴾، ثُمَّ يَمْسَحُ بِهِمَا ما اسْتَطَاعَ من جَسَدِهِ، يَبْدَأُ بِهِمَا على رَأْسِهِ، وَوَجْهِهِ، وما أَقْبَلَ

---

[١٦٣] ئیبن و ئەبی شەیبە لـه (مصنف إبن أبی شیبه)(ب٦/ل٤٠) ڕیوایەتی کردووە . دانەر

[١٦٤] (الأذکار)(ل٧٧) . دانەر

[١٦٥] زمانەوانیەکان ئەفەرموون: النفث: فوویەکی ناسکە و تفی لـەگەڵ نیە . دانەر

من جَسَدِهِ، يَفْعَلُ ذلك ثَلاثَ مَرَّاتٍ[١٦٦]، واته: (پێغەمبەری خوا ﷺ هەموو شەوێك كە ئەچوە سەر جێگاكەی بۆ خەوتن دەستەكانی كۆ ئەكردەوە پاشان فووی پیا دەكردو ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ﴾ وە ﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ﴾ وە ﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ﴾ ئەخوێند، پاشان بە ئەندازەی گەیشتنی دەستەكانی بۆ لاشەی دەستی پیا ئەهێنا، سەرەتا لەسەری موبارەكیەوە ڕا دەستی پێ ئەكرد، ئینجا دەم و چاوی و ئەوەی لە لاشە پیرۆزەكەی دەستی پێ ئەگەیشت، ئەم كارەی سێ جاران دووبارە ئەكردەوە .

ئیمامی ئەحمەد و ترمذی لە ئەبو سەعیدی خودریەوە (رضي الله عنه) ڕیوایەتیان كردووە كەوا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ئەگەر كەسێك چووە سەر جێگاكەی بۆ خەوتن ئەم زیكرە سێ جاران بخوێنێت: "أَسْتَغْفِرُ اللهَ العَظِيمَ الَّذِي لا إِلَهَ إلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ وَأَتُوبُ إِلَيْهِ"، ئەوە خوای گەورە لە تاوانەكانی خۆش ئەبێت ئەگەر چی وەكوو كەفی سەر دەریاش زۆربن، وە ئەگەر چی بە

[١٦٦] ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ٥٠١٧): كتاب فضائل القرآن ـ فضل المعوذات، وە ئەبو داود لە (سنن أبي داود)(ژ٥٠٥٦): كتاب الأدب ـ باب ما يقال عند النوم، وە ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٣٤٠٢): كتاب الدعوات ـ باب ما جاء فيمن يقرأ القرآن عند النوم، وە ئیبن و ماجە لە (سنن ابن ماجه)(ژ٣٨٧٥):- كتاب الدعاء ـ باب ما يدعو به إذا أوى إلى فراشه، ڕیوایەتیان كردووە. . دانەر

ئەندازەی ژمارەی گەڵای دار بێت، وە ئەگەر چی بە ئەندازەی ژمارەی ڕەملی بیابان بێت، وە ئەگەر چی بە ئەندازەی ژمارەی ڕۆژەکانی دونیا بێت)[١٦٧] .

بوخاری و ترمذی لە شەددادی کوڕی ئەوسەوە (رضي الله عنه) ڕیوایەتیان کردووە کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: (گەورەی هەموو داوای لێ خۆشبوونەکان (سید الإستغفار) ئەوەیە کەوا بڵێی: "اللَّهُمَّ أَنْتَ رَبِّي، لا إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ خَلَقْتَنِي، وَأَنَاْ عَبْدُكَ وَأَنَاْ عَلَى عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ مَااسْتَطَعْتُ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا صَنَعْتُ، أَبُوءُ لَكَ بِنِعْمَتِكَ عَلَيَّ، وَأَبُوءُ لَكَ بِذَنْبِي، فَاْغْفِرْ لِي فَإِنَّهُ لا يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ أَنْتَ"، جا هەر کەسێك لەکاتی ڕۆژدا بە دڵنیاییەوە بیخوێنێتەوە ئەگەر مرد پێش ئەوەی ئێوارە دابێت ئەو کەسە بەهەشتیە، وە هەر کەسێکیش لە شەودا بەدڵنیاییەوە بیخوێنێت جا ئەگەر مرد پێش ئەوەی بەیانی دابێت ئەو کەسە بەهەشتیە)[١٦٨] .

---

[١٦٧] ئیمام ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب٣/ل١٠/ژ١١٠٨٩) وە ترمذی لە (سنن الترمذی)(ژ٣٣٩٧): کتاب الدعوات، ڕیوایەتی کردووە، وە دەفەرمووێت: فەرموودەیەکی حەسەنە . دانەر

[١٦٨] ئیمامی بوخاری لە (صحیح البخاري)(ژ٥٩٤٧): کتاب الدعوات ـ فضل الإستغفار، وە ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٣٣٩٣): کتاب الدعوات، ڕیوایەتی کردووە . دانەر

"خۆشەویستەکەم": لەسەرتە کەوا بەردەوام بی لەسەر زیکری خــــوای گـــــەورە، وە خوێنـــــدەوەی قورئـــــانی پـــــیرۆز، وە دووبارەکردنەوەی ئەو زیکـرو تەسـبیحاتانەی کـە لـە پێغەمبـەری خواوە هاتووە لـە گشـت کـات و حاڵەتـەکانت، بـە تایبـەت لـە کاتەکانی شەو و بەیانیدا، وە لە کاتەکانی شـەوو هـەردوو تـەرەفی ڕۆژا، بەڵکوو خوای گەورە پاکت کاتەوە لەو فیتنانەی کە لە شەو و ڕۆژدا پەیدا ئەبن و دروست ئەبن، وە کۆمەکی خوای گـەورەت بەسە بە حەول و هێـزی خـۆی کـەوا بتپـارێزیٚ لـە خراپـەی ئـەو کەسانەی کە بە فێڵ و جادو دوژمنایەتیت ئەکەن .

وە ترمـذی لـە ئـەبو سـەعیدی خودریـەوە (رضـي الله عنـە) ڕیوایەتی کردووە کـەوا پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی کـەوا خوای گەورە دەفەرمووێت: (مَنْ شَغَلَهُ القُرآنَ وَذِكْرِي عَنْ مَسْأَلَتِي أَعْطَيْتُهُ أَفْضَلَ مَا أُعْطِيَ السَّائِلِينَ، وَفَضْلُ كَلامِ اللهِ عَلَى سَائِرِ الكَلامِ كَفَضْلِ اللهِ عَلَى خَلْقِهِ)[١٦٩]

خوای گەورە لەو کەسانەمان بگێڕێت کە بەر میهرەبـانی ئـەو ئەکـەون، وە ئــەو کەســانەش کــە نەســیمی ڕووح و حەوانــەوە هەڵئەمژن بە میننەت و سەخاوەتی خۆی .

---

[١٦٩] ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٢٩٢٦): كتاب فضائل القرآن، ڕیوایەتی کردووە . دانەر

خوایەگیان داوات لێ ئەکەم بە هەموو ئەو ناوانەی کە هی خۆتن وە زاتی خۆتت پێ ناو ناوە، یاخود کەسێکت لە بوونەوەرانی خۆت پێ فێرکردووە، یاخود داتبەزاندووە لە پەرتووکی خۆتدا، یاخود هەڵتگرتووە پێچاوتەوە لای خۆت لەزانستی غەیبتدا، قورئانمان بۆ بکە سەرکردەو ڕێنیشاندەر، وە کوژێنەرەوەی هەڵەو تاوانەکانمان بێت، وە بۆ دڵەکانمان بەهار بێت، وە بۆ گوناهەکانمان تکاکار بێت، وە بۆ ڕوخسارەکانمان سەیرکردن و نوور بێت، وە بۆ چاوەکانمان بیلبیلەو خۆشی بێت، پەروەردگارم زمانمان بەهۆیەوە بخە کارو قسەی پێ بکات، وە یاداشتەکانمان بەهۆیەوە زۆر بکە، چارەنوسمان بەهۆیەوە چاك بکە، وامان لێ بکەی هەڵسین پێی و کاری پێ بکەین وە بەهۆیەوە لێمان ڕازیبە، پەروەردگارم ئەم قورئانە بکە شیفا بۆ غەم و دەردەکانمان، وە بۆ پێویستیەکانمان، وە لە ڕۆژی دواییشدا ببێتە بەرزبوونەوەو مەدح و سەنا، بە سوزو میهرەبانی خۆت ئەی میهرەبانترینی مهرەبانان، اللّهم صلِّ وسلّم وبارك علی حبیب رب العالمین وخاتم الأنبیاء والمرسلین. وعلی آله وأصحابه أجمعین. والحمد لله رب العالمین .

وه یەکێك لـه خواپەرستیه مەزنەکان لـه مانگی ڕەمەزاندا: "نزاو پاڕانەوەیە" که ڕەوشتێکه لـه ڕەوشتەکانی قوڕئانی پیرۆز .

"خۆشەویستەکەم": بزانه کەوا "نزاو پاڕانـەوە" ئارەزووکردنـه بۆ لای خوای گەورە لـەوەی ئەوشـتانەی کـه لایـەتی لـه چـاکەو لالأنەوه لـەبەردەمیا بـەهۆی داواکـردن و بـانگ کردنەیـەوه لـەو کاتەی که داوای لیّ ئەکەی وه لـەو کاتـەش کـه داوای کۆمـەکی لیّ ئەکەی.

وه "نزاو پاڕانەوە": پەرستش و کۆمەکی کردنـه، وه نیشـانەی ئیمانه که بەڵگەیه لـەسەر ملکەچی و لالأنەوه بۆ لای پەروەردگار، وه تکا کردنه لیّی ـ جلَّ وعلا، وه گومان باشیه بەو، وه چاوەڕوان کردنی چاکەیه لـه بەهرەو فەزڵی ئەوەوه به دڵنیاییەوە، بـەو مانایـه ئەوە: ڕەوشتێکه لـه ڕەوشتەکانی قوڕئانی پیرۆز، وه بەهرەیەکـه لـه بەهرەکانی ئیسلامی مەزن، وه لایەنێکـه لـه ڕێوشـوێنی پێغەمبـەری ڕێزدار، ئەمەش لـه گرینگترین پلـەکانی بەندایەتیه .

وه بەڵگەیه لـەسەر مـەزنی مەقامەکـەی، پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەفەرمووێت: (الدُّعَاءُ مُخُّ الْعِبَادَةِ)[١٧٠]، (پاڕانەوه کاکڵەو ڕووحی

[١٧٠] ترمذی له (سنن الترمذي)(ژ٣٣٧١): کتاب الدعوات ـ باب منه، ڕیوایەتی کردووە، وه دەفەرمووێت: فەرموودەیەکی غەریبه . دانەر

خواپەرستیە) وە دەفـەرموویت: (لَـيْسَ شَـيْءٌ أَكْـرَمَ عَلَـى اللَّـهِ مِـنَ الدُّعَـاءِ)[١٧١]، (هیچ شتێك بەلای خوای گەورە ئەوەندە ڕێـزدار تـر نیە لـە پاڕانەوە)، وە دەفەرموویت: (مَنْ فُتِحَ له مِنْكُمْ بَـابُ الـدُّعَاءِ فُتِحَتْ له أَبْوَابُ الرَّحْمَةِ، وما سُئِلَ الله شيئاً يعنى أَحَبَّ إليه مـن أَنْ يُسْأَلَ الْعَافِيَةَ)[١٧٢]، (کەسێك لـە ئێـوە ئەگـەر دەرگـای پاڕانـەوەی بەسەردا کرایەوە ئەوە دەرگای میهرەبانی بەســەردا کراوەتـەوە، وە شتێکیش لـە خوای گەورە داوا نەکراوە واتە خۆشەویستر بێت لــە داوا کردنی عافیەت و بێ بەلایی)، وە دەفـەرموویت: (إِنَّ الـدُّعَاءَ يَنْفَـعُ مِمَّـا نَـزَلَ، وَمِمَّـا لم يَنْـزِلْ، فَعَلَـيْكُمْ عِبَـادَ اللَّـهِ بِالـدُّعَاءِ)[١٧٣]،(بێگومان پاڕانەوە سوودی دەبێت کاتێك کە دابەزی، وە لەو کاتانەش کە دانابەزی، بۆیە لەسەرتانە ئەی بەنـدەکانی خـوا کـەوا دەست بە پاڕانەوە بگرن و نرخی بزانن)، وە دەفەرموویت: (لا يَرُدُّ الْقَضَاءَ إلا الدُّعَاءُ، ولا يَزِيدُ في الْعُمْرِ إلا الْبِرُّ)[١٧٤]، (قـەزاو قـەدەر

---

[١٧١] ئیمام ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب٨/ل٤٠٨/ژ٨٧٣٣)، ڕیوایەتی کردووە، أحمد محمد شاكر دەفەرموویت: سەنەدەکەی سەحیحە . دانەر

[١٧٢] ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٣٥٤٨): كتاب الدعوات ـ باب في دعاء النبي، ڕیوایەتی کردووە، وە دەفەرموویت: فەرموودەیەکی غەریبە . وەرگێڕ

[١٧٣] ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٣٥٤٨): كتاب الدعوات . باب في دعاء النبي ﷺ، ڕیوایەتی کردووە، وە دەفەرموویت: فەرموودەیەکی غەریبە . دانەر

[١٧٤] ترمذی لە (سنن الترمذي)(ذ٢١٣٩): كتاب القدر ـ ما جاء: لا يرد القدر إلا الدعاء، ڕیوایەتی کردووە، وە دەفەرموویت: فەرموودەیەکی حەسەن و غەریبە . دانەر

ناگیڕدرێتەوە تەنها بە پاڕانەوە نەبێت، وە هیچ شتێك تەمەن درێـژو زیاد ناکات تەنها چاکە نـەبێت)، وە خـوای گـەورە (جَـلَّ جَلالُـهُ) دەفەرمووێت: (ادْعُوا اللَّهَ وَأَنْتُمْ مُوقِنُونَ بِالإِجَابَةِ، وَاعْلَمُـوا أَنَّ اللَّـهَ لا يَسْـتَجِيبُ دُعَـاءً مِـن قَلْبٍ غَافِـلٍ لاهٍ)[١٧٥]، (لـە خـوای گـەورە بپاڕێنەوەو داوابکەن، وە یەقینیشتان هەبێت لـە پاڕانەوەکانـدا کـە خوای گەورە قەبوولّی دەکات و وەلاّمتان ئەداتەوە، وە ئاگاداربن! خوای گەورە وەلاّمی پاڕانـەوەی دلّێـك ناداتـەوە کـە بـیّ ئاگـاو سەرقالّ بێت)، وقال: (من لم يسأل الله يغضب عليه)[١٧٦]، (کەسێك لە خوای گەورە نەپاڕێتەوە ئەوە خوای گەورە لێی تـووڕە ئـەبێت) وە دەفەرمووێت: (سَلُوا اللَّهَ من فَضْلِهِ فإن اللَّـهَ ـ عَـزَّ وَجَـلَّ، يُحِـبُّ أَنْ يُسْـأَلَ، وَأَفْضَـلُ الْعِبَـادَةِ انْتِظَـارُ الْفَـرَجِ)[١٧٧]،(داوای بەخشـش و بەهرەی خوای گەورە بکەن لەبەر ئەوە خوای گەورە پێـی خۆشـە

---

[١٧٥] ئەبو داود لە (سنن أبي داود)(ذ١٤٩٦): كتاب الصلاة ـ باب الدعاء، وة ترمذی لە (سنن الترمذي)(ذ٣٤٧٩): كتاب الدعوات ـ باب ما جاء في جامع الدعوات عن النبي ـ ﷺ، وە ئیبن و ماجە لە (سنن ابن ماجه)(ژ٣٨٥٥): كتاب الدعاء ـ باب اسم الله الأعظم . دانەر

[١٧٦] ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٣٣٧٣): كتاب الدعوات. وە ئیبن و ماجە لە (سنن ابن ماجه)(ژ٣٨٢٧): كتاب الدعاء ـ باب فضل الدعاء، ڕیوایەتیان کردووە. وە ئیمام ئەحمد لە (مسند أحمد): (ب٩/ل٢٩٢/ژ٩٦٨٠)، بە لەفزی: (مَنْ لَمْ يَدْعُ اللَّهَ سُبْحَانَهُ غَضِبَ عَلَيْهِ) ڕیوایەتی کردووە، حەمزە أحمد زین دەفەرمووێت: سنەدەکەی سەحیحە . دانەر

[١٧٧] ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٣٥٧١): كتاب الدعوات ـ في انتظار الفرج وغير ذلك، ڕیوایەتی کردووە . دانەر

لێی داوا بکرێت، وە باشترین خواپەرستیەك چاوەڕوان کردنی دەور لیَ کردنەوەو دەرچوونە لە ناخۆشی)، وە ڕیوایەتکراوە (سمع النبِي ﷺ ، رجلاً يدعو في صلاته فلم يصلِّ على النبِي ﷺ ، فقال النبِي ﷺ : (عَجَّلَ هذا) ، ثم دعاه وقال له أو لغيره: (إذا صلى أحدكم فَلْيَبْدَأْ بِحَمْدِ اللَّهِ وَالثَّنَاءِ عليه وَيُصَلِّي على النبِيّ ﷺ ثُمَّ لْيَدْعُ بِمَا شَاءَ)[178]، وە لە فوزالّەی کوڕی عوبەیدەوە (رضي الله عنه) ڕیوایەتکراوە کەوا پێغەمبەر ﷺ گوێی لە کەسێك بوو کە پاڕایەوە بەڵام سەڵەواتی لەسەر پێغەمبەر ﷺ لیَ نەدا، پێغەمبەریش فەرمووی: "ئەوە پەلەی کرد" پاشان بانگی کرد بەو یان بە غەیری ئەوی فەرموو: ئەگەر کەسێك لە ئێوە لە خوا پاڕایەوە با سەرەتا

---

[178] ئیمام ئەحمد لە (مسند أحمد): (ب١٧/ل١٧٧/ذ٢٣٨٢١). ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٣٤٧٧): كتاب الدعوات - باب ما جاء في "جوامع الدعوات، وە دەفەرمووێت: فەرموودەیەکی حەسەن و سەحیحە، ئیبن و حەجەری عەسقلانی (الدراية في تخريج أحاديث الهداية)(ب١/ل١٥٧) دەفەرمووێت: خاوەن سیَ سونەنەکە ڕیوایەتیان کردووە، وە ترمذی و ئیبن و خوزەیمە و ئیبن و حبان و حاکم بە سەحیحیان داناوە: محمدی کوڕی عبد الله حاکیمی نەیسابوری (و ٤٠٥هـ)، لە (المستدرك)(ب١/ل٣٥٤) دەفەرمووێت: ئەوە فەرموودەیەکی سەحیحە لەسەر شەرتی موسلیم بەڵام ڕیوایەتی نەکردووە، وە هەروەها لە (المستدرك)(ب١/ل٤٠١) دەفەرمووێت: ئەوە فەرموودەیەکی سەحیحە لەسەر شەرتی شەیخەین، وە نازانرێت کەوا عیللەتی هەبێت، بەڵام ڕیوایەتیان نەکردووە، وە شاهێدی هەیە لەسەر شەرتی هەر دووکیان . دانەر

**سوپاس و ستایشی خوای گەورە بکات وە سەڵەوات لەسەر پێغەمبەر لێ بدات پاشان چۆن ئارەزووی لێ بوو با بپاڕێتەوە) .**

**خۆشەویستەکەم بزانە: کەوا پلەکانی ئەم دینە پیرۆزە سێنە: خواپەرستیەکان، نزیکخەرەوەکان، خۆشویستراوەکان" وە بێگومان نزاو پاڕانەوەش لە نزیکخەرەوەکانە بۆ لای خوای گەورە .**

**وە "نزاو پاڕانەوە" لە قورئانی پیرۆزدا لەدوای ڕۆژووگرتن و زیکرکردن باسکراوە، هەروەکوو خوای گەورە دەفەرموویێت:** ﴿شَهْرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلْقُرْءَانُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَٰتٍ مِّنَ ٱلْهُدَىٰ وَٱلْفُرْقَانِ ۚ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ ٱلشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ ۖ وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ۗ يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلْعُسْرَ وَلِتُكْمِلُوا۟ ٱلْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُوا۟ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَىٰكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿١٨٥﴾ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِى عَنِّى فَإِنِّى قَرِيبٌ ۖ أُجِيبُ دَعْوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِ ۖ فَلْيَسْتَجِيبُوا۟ لِى وَلْيُؤْمِنُوا۟ بِى لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ ﴿١٨٦﴾﴾[١٧٩]**، واتە: (مانگی ڕەمەزان ئەو مانگەیە کەوا قورئانی تێدا دابەزێنرا، وە ڕێنیشاندەرە بۆ خەڵکی، وە چەندین بەڵگەی ڕۆشنی تێدایە بۆ شارەزابوونی ڕێگای حەق، وە جیاکردنەوەی حەق و**

---

[١٧٩] سورة البقرة.

ناحەق، جا ئەگەر کەسێك لە ئێوە کەوتە نێو مانگی ڕەمەزانەوە با بەڕۆژوو بێت، وە ئەگەر کەسێکیش لە ئێوە نەخۆش بوو یاخود لەسەفەردا بوو ئەتوانیٚ ڕۆژووەکەی بشکێنێت لە ڕۆژانێکی تردا ڕۆژووەکە قەزا بکاتەوە، خوای گەورە خۆشی و کار ئاسانی بۆ ئێوە دەوێت نایەوێت بارتان گرانکات و تووشی سەختی و نارەحەتی بن، وە ئەیەوێت ڕۆژووی ئەو مانگە بە ئاسانی تەواو بکەن، وە بۆ ئەوەی خوای گەورە بە گەورە بزانن لەسەر ئەوەی کە هیدایەتی دان و یارمەتی دان لەسەر بەرۆژوو بوون، وە پێویستیشە کەوا شوکرانە بژێری ئەو بکەن و بەدنمەك نەبن بەرامبەری، ئەی محمد هەر کاتێك بەندەکانم پرسیاریان لیٚ کردی دەربارەی من ئایا نزیکم یان دوورم لێیانەوە دەبیٚ بزانن کەوا من نزیکم لێیانەوە، وەڵامی پاڕانەوەو لالانەوەی ئەو کەسە ئەدەمەوە کە لێم ئەپاڕێتەوە، دەبا ئەوانیش وەڵامی بانگەوازی دینەکەی من بدەنەوەو ئیمانی پیٚ بهێنن و گوێڕایەڵم بن، بەڵکوو ڕێگای ڕاست بۆ خۆ بگرنە بەر) .

﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِی عَنِّی فَإِنِّی قَرِیبٌ﴾ نزیکە لە بەندەو موناجات لەگەڵ کەرەکانی ـ بەهۆی بینین و وەڵامدانەوەو تەوفیقدانی .

جا پەیوەندی ئەم ئایەتە بەوەی پێشە خۆیەوە" خوای گەورە لە دوای فەرز بوونی ڕۆژوو و ڕوونکردنەوەی ئەحکامەکانیدا فەرموویەتی: ﴿وَلِتُكَبِّرُواْ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَىٰكُمۡ وَلَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ﴾، بۆیە فەرمانی بە بەندە کردووە بە تەکبیر لێدان (ألله أكبر) کە زیکرو شوکرانە بژێرییە، وە بە لوتف و میهرەبانی خۆی ڕوونی کردووەتەوە، کەوا نزیکە لە بەندە، ئاگادارە بە زیکرو شوکرانە بژێرییەکەی، جا گوێی لە هاوارەکانی ئەبێت، وە وەڵامی پاڕانەوەکانی ئەداتەوە، وە نائومێدی ناکات لە تکاو ڕەجاکانیدا .

ئیبن وکەسیر (رحمه الله) دەفەرمووێت: هۆکاری باس کردنی ئەو ئایەتە و تێکەڵاویەکەی لەگەڵ ئەحکامەکانی ڕۆووگرتنا، ئەوە ڕینمایی کردنە بۆ تێکۆشان لە "نزاو پاڕانەوە" لە کاتی تەواوکردنی وادەی دیاری کراو، بەڵکوو لە کاتی هەموو فتارکردنەوەیەکدا، هەروەکوو ئیمامی ئەبو داود لە عبد الله کوڕی عومەرەوە ڕیوایەتی کردووە کە دەفەرمووێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو ﷺ کە ئەیفەرموو: (للصائم عند إفطاره دعوة مستجابة) واتە: (بۆ کەسی ڕۆژووەوان لە کاتی فتاریدا پاڕانەوەیەکی وەڵام دراوەی هەیە)، جا عبد الله کوڕی عومەر (رضي الله عنهما) کاتێك کە ڕۆژووی ئەشکاندو فتاری ئەکردەوە بانگی ماڵ و منداڵەکانی ئەکرد وە

ئەپاڕایەوە)[١٨٠]. وە ئیبن و ماجە لە سونەنەکەی خۆیدا لـە عبـد الله کـوڕی عومـەرەوە (رضـي الله عنهمـا) ڕیوایـەتی کـردووە، کـەوا پێغەمبـەر ﷺ دەفـەرمووێت: (إِنَّ لِلصَّـائِمِ عِنْـدَ فِطْـرِهِ لَـدَعْوَةٌ مَـا تُرَدُّ)[١٨١]، واتـە: (بێگومـان پاڕانەوەیـەکی ڕەت نـەکراوە هەیـە بـۆ کەسی ڕۆژووەوان لە کاتی فتارکردنەوەیدا)، عبید الله کوڕی ئەبی مولەیکە دەفەرمووێت: گویم لە عبـد الله کـوڕی عومـەر بـوو لـە کاتی فتارکردنەوەیدا ئەیفەرموو: (اللّهم إِنِّي أسـأَلُكَ بِرَحْمَتِـكَ الَّتِـي وَسِعْتَ كُلَّ شَيْءٍ أَنْ تَغْفِرَ لِـي)[١٨٢]، واتە: (پەروەردگارم داوات لـێ ئەکەم بەمیهرەبانی خۆت کە هەموو شتێك بەهۆیەوە فراون کردووە لێم ببورە)، وە ئیمامی ئەحمـەدو ترمـذی و ئـیبن و ماجـە لـە ئـەبو هوڕەیرەوە (رضي الله عنه) ڕیوایـەتیان کـردووە کـەوا پێغەمبـەری خوا ﷺ دەفـەرمووێت: (ثَلاثَـةٌ لا تُـرَدُّ دَعْـوَتُهُمْ: الإِمَـامُ الْعَـادِلُ، وَالصَّائِمُ حتى يُفْطِـرَ، وَدَعْـوَةُ الْمَظْلُـومِ يَرْفَعُهَـا الله دُونَ الْغَمَـامِ يـوم الْقِيَامَةِ، وَتُفْتَحُ لها أَبْوَابُ السَّمَاءِ، وَيَقُولُ: بِعِزَّتِي لأَنْصُرَنَّكِ وَلَوْ بَعْـدَ حِينٍ). اهـ(١٨٣). واتە: (سێ جۆرە کەس هەن کەوا نزاکانیـان ڕەت

[١٨٠] ئیمامی تەیالیسی لە (مسند الطيالسي)(ژ٢٢٦٢) . دانەر

[١٨١](سنن ابن ماجه)(ذ١٧٥٣): كتاب الصيام ـ باب في الصائم لا ترد دعوته . دانەر

(١٨٢) (تفسير ابن كثير)(ب١/ل٢٢٠) . دانەر

(١٨٣) ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد): (ب٩/ل٢٩٨/ژ٩٧٠٤). وە ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٣٥٩٨): كتاب الدعوات ـ باب في العفو والعافية، وە دەفەرمووێت: ئەوە

ناکرێتەوە: ئیمامێکی دادپەروەر، ڕۆژوو گرێك تا فتار ئەکاتەوە لـە کاتی بەربانگا، وە نزای کەسێکی ستەم لێکراو کە خـوای گـەورە لـە ڕۆژی دواییـدا بـەبێ هـەور[184] نزاکـەی بـەرز ئەکاتـەوە، وە دەرگاکانی ئاسمانی بۆ ئەکرێتەوە، وە دەفەرمووێت: سوێند بـەهێزو دەسەڵاتی خۆم بە دڵنیاییەوە سەرت ئەخـەم ئەگـەر چـی لـە دوای ئیستاکەوەش بێ) . کۆتایی هات

تەبـەڕانی لــە ئیمـامی عەلیـەوە (کـرم الله وجهـە) ڕیوایـەتی کردووە، کـەوا پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەفـەرمووێت: (کُـلُّ دُعَـاءٍ

---

فەرموودەیەکی حەسەنە . وە ئیبن و ماجە لە (سنن ابن ماجه)(ژ١٧٥٢): کتاب الصيام ـ باب في الصائم لا ترد دعوته، ڕیوایەتیان کردووە . دانەر

[184] بەبێ هەور: مەبەست پێی وتەی خوای گەورەیە ﴿وَيَوۡمَ تَشَقَّقُ ٱلسَّمَآءُ بِٱلۡغَمَٰمِ ﴿٢٥﴾﴾ سورة الفرقان، واتە: (بەهۆی دەرکەوتنی نووری ئەو هەورەوە لەو ڕۆژەداد ئاسمان شەق شەق ئەبێت)، وە لە ئایەتێکی تردا هاتووە: ﴿هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن يَأۡتِيَهُمُ ٱللَّهُ فِي ظُلَلٖ مِّنَ ٱلۡغَمَامِ ﴿٢١٠﴾﴾ سورة البقرة، واتە: (ئایا ئەوانەی کە ڕێبازی ئیسلامیان ناوێت چاوەڕێی چی ئەکەن مەگەر ئەوە نەبێت لە ڕۆژی دواییدا فەرمانی خوای گەورە دائەبەزێت لە نێو سێبەرێکی پەڵە هەوریدا لێ پێچینەوەیان لەگەڵ ئەکات)، باسەیری (سنن إبن ماجة بشرح محمد فؤاد عبد الباقي)(ب١/ل٥٥٧/ژ١٧٥٢) بکرێت. واتای فەرموودەکەی سەرەوە بەو شێوەیە: واتە لە ڕۆژی دوایی ئەم هەورە بەدیار دەکەوێت فەرمانی خوای گەورەی لەگەڵایە بۆ لێ پێچینەوەی بەندەکانی، جا کەسە ستەم لێکراوەکە لەبەر ئەوەی ستەمەکەی زۆر گەورەیە لای خوا لە ڕۆژی دواییدا پێویست بەدەرکەوتنی ئەم هەورە ناکات یەکسەر ئاسمانەکانی بۆ دەکرێتەوە وەڵامی ئەدرێتەوە، والله أعلم . وەرگێڕ

مَحْجُوبٌ حَتَّى يُصَلِّيَ عَلَى مُحَمَّدٍ وآلِ مُحَمَّدٍ)[185] واتـه: (هـەموو پاڕانەوەیـەك ڕاگـیراوە هـەتاوەكوو سـەڵەوات لەسـەر پێغەمبـەرو ئالەكەی لیێ ئەدرێت "صلي الله عليه وآله وسلم") .

وە تەبەڕانی لە گەورەمان حەسەنی كـوڕی عـەلی ئـەویش لـە ئیمامی عەلیەوە (عليهم السلام والرضوان) ڕیوایـەتی كـردووە كـە دەفەرمووێت: (مَا مِنْ دُعَاءٍ الاَّ بَيْنَهُ وَبَـيْنَ السَّـمَاءِ وَالأَرْضِ حِجَابٌ حَتَّى يُصَلِّيَ عَلَى مُحَمَّدٍ فَـإِذَا صُلَّيَ عَلَـى النَّبِـيِّ إِنْخَـرَقَ الحِجَـابُ، أُسْتُجِيبَ الدُّعَاءُ، وَإِذَا لَمْ يُصَلِّ عَلَى النَّبِيِّ لَمْ يُسْتَجِبِ الـدُّعَاءُ)[186] ، واتە: (هەر نزاو پاڕانەوەیەك هەبێت مەگەر الا پەردە لە نێـوان ئـەو ئاسمان و زەویدا هەیە تاوەكوو سەڵەوات لەسەر پێغەمبەر ﷺ لـێ ئەدرێت، جا ئەگەر لێـدرا پەردەكـەش نامێنێـت و وەڵامـی نزاكـە ئەدرێتـەوە، ئەگـەر بێـت و سـەڵەوات لەسـەر پێغەمبـەر ﷺ لـێ نەدرێت ئەوە وەڵامی نزاكە نادرێتەوە) .

[185] تەبەڕانی لە (المعجم الأوسط)(ب١/ل٢٢٠/ژ٧٢١) هەیثەمی دەفەرمووێت: تەبەڕانی ڕیوایەتی كردووە پیاوەكانیشی باوەڕپێكراون (المجمع الزوائد)(ب١٠/ل١٦٠/ژ١٧٢٧٨). ئەلبانیش بە حەسەنی داناوە لە (صحيح الجامع)(ژ٤٥٢٣) . دانەر

[186] بویەیبی هەرثەمی و إسماعیل ئەصبەهانی لە حەسەنی كوڕی عەرفەوە ڕیوایەتیان كردووە، با سەیری (أنيس الساري في تخريج أحاديث فتح الباري)(ل٤ ١٣١) بكرێت. وەرگێڕ

ئیمامی ئەحمەد لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (رضي الله عنه) ڕیوایەتی کردووە کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: (مَنْ صَلَّى عَلَيَّ صَلاةً وَاحِدَةً صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ عَشْرَ صَلَوَاتٍ وَحَطَّ عَنْهُ عَشْرَ خَطِيئَاتٍ)[١٨٧]، واتە: (هەر کەسێك سەڵەواتێکم لەسەر لێبدات ئەوە خوای گەورە دە ڕەحمەتی بەسەرا ئەبارێنێ وە دە گوناهیشی لەسەر لائەبات و ئەیسڕێتەوە) .

ترمذی و ئیبن و حیبان لە عبد الله کوڕی مەسعودەوە (رضي الله عنه) ڕیوایەتیان کردووە کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: (إنَّ أَوْلَى النَّاسِ بِي يَوْمَ القِيَامَةِ أَكْثَرُهُمْ عَلَيَّ صَلاةً)[١٨٨]، واتە: (شایانترین کەس لە ڕۆژی دوایی کە بەر شەفاعەتی من بکەوێت و لەمنەوە نزیك بێت ئەوە ئەو کەسەتانە کە زۆر سەڵەواتم لەسەر لێئەدات) .

وە حافیزی ئیبن و عەساکیر لە ئەبو موساوە رضي الله عنه) ڕیوایەتی کردووە کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: (مَنْ

---

[١٨٧] ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد): (ب١١/ل٢٦٤/ژ١١٩٣٧ ـ ١٣٦٨٩) ڕیوایەتی کردووە، حەمزە ئەحمەد زین دەفەرمووێت: سەنەدەکەی سەحیحە . دانەر

[١٨٨] ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٤٨٤). وە ابن حبان لە (صحيح ابن حبان)(ب٣/ل١٩٢/ژ٩١١) ڕیوایەتیان کردووە، ترمذی دەفەرمووێت: فەرموودەیەکی حەسەن و غەریبە . دانەر

كَانَتْ لَهُ إِلَى اللهِ حَاجَةً فَلْيَدْعُ بِهَا دُبُرَ كُلِّ صَلاةٍ مَفْرُوضَةٍ)[189]، واته: (هەر کەسێك پێویستیەکی بە خوای گەورە هەیە با لە دوای هەموو نوێژێکەوە نزاو پاڕانەوە بکات) .

هەروەها دەفەرمووێت: (دُعَاءُ المَرْءِ المُسْلِمِ مُسْتَجَابَةٌ لِأَخِيهِ بِظَهْرِ الغَيْبِ، عِنْدَ رَأْسِهِ مَلَكٌ مُوَكِّلٌ بِهِ كُلَّمَا دَعَا لِأَخِيهِ بِخَيْرٍ قَالَ المَلَكُ: آمِينَ وَلَكَ مِثْلَ ذَلِكَ)[190]، واتە: (نزاو پاڕانەوەی مرۆڤی موسڵمان بۆ برای موسڵمانی بە نهێنی وەڵام دراوەیەو وەرگیراوە، لەبەر ئەوەی لە لای سەریەوە فریشتەیەکی سەرپەرشتی کار هەیە جا هەر کاتێك بە نزای چاکە بۆ براکەی پاڕایەوە ئەوە فریشتەکە پێی دەفەرمووێت: ئامین ئەوەندەی تریش بۆ تۆ لە نزاکە، واتە: "چ نزایەك بکەی بۆی بە هەمان شێوە بۆ خۆشتە ئەو نزایە") .

"بەڕێزەکەم": بەڵێنی خوای گەورە ڕاستە، وە خوای گەورەش پێچەوانەی بەڵێنی خۆی ناکات و بەڵێن ناشکێنێ، بەڵام ئەوەندە هەیە وەڵامدانەوەی نزا ئەوە ناگەیێنێ کەوا پێویستە کارەکە جێ بەجێ بکرێت، لە کاتی وەڵامدانەوەی نزا بەندە دەڵێ: ئەی پەروەردگارم، خوای گەورەش دەفەرمووێت: لە خزمەتت دام

[189] ئیبن عەساکیر لە (تأريخ دمشق)(ب٥/ل٤١٥) ڕیوایەتی کردووە . دانەر

[190] عەبدی کوڕی حومەید لە (مسند عبد بن حميد)(ب١/ل٩٨/ژ٢٠١) ڕیوایەتی کردووە . دانەر

بەندەکەم (لبيك يا عبدى). ئەمە فەرمانێکی بەڵێن پێدراوەو لـە بـۆ گشت ئیمانداریێکیشە، وە جێ بەجێ کردنـی پێداویسـتیە: پێـدانی ئەوەی کە مەبەستە" جا دەکرێ ئێستاکە ئـەو مەبەسـتە بێتـە جـێ، یاخود دوای ماوەیەك، یاخود لە دوارۆژ، جاری وا هەیە چاکە لـە غەیری ئەو مەبەستەدایە کە داوا کـراوە، هـەر وەکـوو پێغەمبـەری خوا ﷺ دەفەرموویت: (ما من مُسْلِمٍ يَدْعُو بِدَعْوَةٍ لـيس فيهـا أثـم وَلاَ قَطِيعَةُ رَحِمٍ، إلا أَعْطَاهُ الله بها إِحْدَى ثَـلاَثٍ: إمـا أَنْ تُعَجَّـلَ لـه دَعْوَتُهُ، وإما أَنْ يَدَّخِرَهَا لـه فِي الآخِـرَةِ، وإمـا أَنْ يَصْـرِفَ عنـه مِـنَ السُّوءِ مِثْلَهَا) قالوا: إِذاً نُكْثِرُ. قـال: (الله أَكْثَـرُ)[١٩١]، واتـە: (هـەر موسڵمانێك بپاڕێتەوە بە پاڕانەوەیەك ئەگەر بێت و گوناهو پچـڕانی سیلەی ڕەحمی تێدا نەبێت، ئەوە الا خوای گەورە یەکێك لەو سـێ شتانەی پێ دەبەخشێت: یان پەلەی بۆ ئەکات بۆ جێ بەجێ کردنی داواکەی، یاخود بۆی هەڵدەگرێ لـە ڕۆژی دوایـی پاداشـتەکەی ئەداتەوە، وە یـاخود خراپەیـەك لـە بـری داواکارییەکـە لەسـەری لادەبات و لە قەدەردا ئەیگرێتەوە، وتیان: دەکەواتە ئێمەش پاڕانەوە

[١٩١] ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب١٠/ل٥٩/ژ١١١٣٣)، حەمزە أحمد زین دەفەرموویت: سەنەدەکەی حەسەنە. وە ترمذی لە(سنن الترمذي)(ب٥/ل٥٦٦/ژ٣٥٧٣): في الدعوات، ڕیوایەتیان کردووە، وە دەفەرموویت: حەسەن و سەحیح و غەریبە لە عوبادەب کوڕی صامیتەوە، وە حاکمیش بە سەحیحی داناوە لە "المستدرك" (ب١/ل٤٩٣/ژ١٨١٦)، زەهەبیش موافیقە لەسەری . دانەر

زۆر دەکەین، خۆشەویستیش فەرمووی: خوای گـەورەش زیاترتـان پێ ئەبەخشێت و زیاتر وەڵامـی نزاکانتـان ئەداتـەوەو میهرەبانیتـان لەگەڵ ئەکات) .

وە لـە ڕیوایەتی تردا هاتوو: (لا يَزَالُ يُسْتَجَابُ لِلْعَبْدِ ما لم يَدْعُ بِإِثْمٍ أو قَطِيعَةِ رَحِمٍ، ما لم يَسْتَعْجِلْ)، قِيلَ: يا رَسُـولَ اللّـهِ ﷺ ، مـا الاسْتِعْجَالُ؟ قال: (يَقُولُ: قد دَعَوْتُ، وقد دَعَوْتُ، فلم أَرَ يَسْتَجِيبُ لي، فَيَسْتَحْسِرُ عِنْـدَ ذلـك، وَيَـدَعُ الـدُّعَاءَ)[192]، واتـە: (بـەردەوام خوای گەورە وەڵامی بەندەکەی خـۆی ئەداتـەوە، مـادەم دوعـای خراپ و پچڕانی سیلـەی ڕەحم و پەلـە کردن ناکات، گوترا: ئـەی پێغەمبەری خوا ﷺ ، پەلـە کردن چیە؟ ئـەویش فـەرمووی: دوعـام کردو، دوعام کرد، کەچی وا نابینم وەڵامم بدرێتەوە، ئینجـا لــەو کاتەدا دەست بە ئاهو حەسرەت کێشان دەکات، وە واز لە دوعاو پاڕانەوە دەهێنێت)، وشەی: (فَيَسْتَحْسِـرُ) واتـە: پشـت لـە دوعـا بکات و خۆی بە گەورە بزانێ، وە سەرچاوەی وشەکە لــە (حَسْـرُ الطَّرْفِ، گرتنی لایەك)ەوە هـاتووە، کـە کاتێـك مانـدوو بـێ هێـز

[192] ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ٦٣٤٠): كتاب الدعوات ـ باب يستجاب للعبد ما لم يعجل. ئیمامی موسلیم لە (صحيح مسلم)(ژ٦٨٧١): كتاب الذكر والدعاء والتوبة والاستغفار ـ باب بيان أنه يستجاب للداعي ما لم يعجل فيقول: دعوت فلم يستجب لي، ڕیوایەتیان کردووە . دانەر

دەبێت، پەند وەرگرتنیش لە موناجات، ئەوە خواپەرستیە، وە وەڵامدانەوەش هەر لەگەڵێدایە، جا مەبەست بە قەدەری خوای کارزاناش ئەوەیە پێی خۆشە گوێی لە دەنگی دۆستەکانی بێت،

وە بەززار لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە ڕیوایەتی کردووە کەوا پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت: (قَالَ اللَّهُ تَبارَكَ وَتَعَالَى لابْنِ آدَمَ: يَا ابْنَ آدَمَ ثَلاثٌ: وَاحِدَةٌ لِي، وَاحِدَةٌ لَكَ، وَوَاحِدَةٌ بَيْنِي وَبَيْنَكَ، أَمَّا الَّتِي لِي، فَتَعْبُدُنِي لاَ تُشْرِكُ بِي شَيْئًا، وَأَمَّا الَّتِي لَكَ، فَمَا عَمِلْتَ مِنْ عَمَلٍ جَزَيْتُكَ بِهِ، فَإِنْ أَغْفِرْ فَأَنَا الْغَفُورُ الرَّحِيمُ، وَأَمَّا الَّتِي بَيْنِي وَبَيْنَكَ، فَمِنْكَ الدُّعَاءُ وَالْمَسْأَلَةُ وَعَلَيَّ الاسْتِجَابَةُ وَالْعَطَاءُ)[193]، واتە: (خوای گەورە سێ جاران بەنەوەی ئادەم دەفەرمووێت: ئەی نەوەی ئادەم: یەکێك بۆ منە یەکێکیش بۆ تۆیە، وە یەکێك لە نێوان من و تۆیە، هەرچی ئەوەی بۆ منە، ئەوە بمپەرستی و هاوبەشم بۆ پەیدانەکەی، وە ئەوەی بۆ تۆشە، هەر کارو کردەوەیەکی چاکە کە دەیکەی پاداشتەکەت ئەدەمەوە، من ئەبوورم و هەر خۆشم لێبوردەو میهرەبانم، بەڵام ئەوەی لە نێوان من و تۆیە، ئەوە پاڕانەوەو داواکردنی لای تۆیە وە لەسەر منیش وەڵامدانەوەو پێدان و بەخشینە) .

---

[193] بەززار لە (مسند البزار)(ب١/ل٣٩٠/ژ٢٥٢٣) . دانەر

وە ئەفەرمووێت: (إِنَّ رَبَّكُمْ حَيِيٌّ كَرِيمٌ يَسْتَحْيِي مِنْ عَبْدِهِ إِذَا رَفَعَ يَدَيْهِ إِلَيْهِ أَنْ يَرُدَّهُمَا صِفْرًا)[194]، واتە: (بەڕاستی خوای گەورە خاوەن ڕێزەو مامەڵە کردنەکەشی وەکوو کەسێکی بەشەرم وایە، شەرم لەو بەندەی دەکات کە کاتێك دەستەکانی بەرز کردووەتەوە بۆ لای و لێی ئەپاڕێتەوە ئەویش بە دەست بەتاڵی بیگەڕێنێتەوە)، (الصفر، واتە: خاڵی و هیچ) .

"بزانە ئەی خۆشەویستەکەم": قورئانی پیرۆز باسی ماددەی "يسألونك" "پرسیارت لیێ ئەکەن" لە چەندین شوێن ئەکات، وە لە دوای مەبەستی ئەو ماددەیەوە، داوا لە پێغەمبەری خوا ئەکات ﷺ بەو سروش و وەحیانەی کە بۆی ئەکرد بەرپەرچی پرسیارەکەیان بداتەوە، بۆ نموونە قورئان دەفەرموویت: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْأَهِلَّةِ ۖ قُلْ هِىَ مَوَٰقِيتُ لِلنَّاسِ وَٱلْحَجِّ ۗ ﴿١٨٩﴾﴾[195]، واتە (ئەی پێغەمبەر ﷺ پرسیارت لیێ ئەکەن دەربارەی مانگەکان، تۆش پێیان بڵیێ: ئەوانە کۆمەڵە مانگێکن بۆ دیاریکردنی کاتەکان بۆ خەڵکی و بۆ زانینی کاتی حەجە)، وە دەفەرموویت: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ ۖ قُلْ

[194] ئەبو داود لە (سنن أبي داود)(ژ١٤٨٨): كتاب الصلاة ـ باب الدعاء. وە ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٣٥٥٦): كتاب الدعوات ـ باب في دعاء النبي ـ صلى الله عليه وسلم، وە دەفەرمووێت: حەسەن و غەریبە . دانەر

[195] سورة البقرة .

﴿فِيهِمَآ إِثۡمٞ كَبِيرٞ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَإِثۡمُهُمَآ أَكۡبَرُ مِن نَّفۡعِهِمَاۗ وَيَسۡـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَۖ قُلِ ٱلۡعَفۡوَۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّكُمۡ تَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١٩﴾﴾[١٩٦]، واته: (ئەی پێغەمبەرﷺ پرسیارت لی ئەکەن دەربارەی عەرەق و قومار، تۆش پێیان بڵێ: لەو شتە گوناهو تاوانی گەورە هەیە، هەر چەندە چەند سوودێکی دونیایی هەیە بۆ خەڵکانێك لەوەی کە بازرگانی پێ ئەکەن و ماڵی خەڵکی پێ قۆرخ ئەکەن، بێگومان گوناهەکەیان گەورەترە لە سوودەکەیان کە بەدەستی ئەهێنن، وە پرسیارت لێ ئەکەن کەوا چی ببەخشن؟ تۆش پێیان بڵێ هەرچیتان لێ زیادە لە ماڵتان ئێوە لە پێناو خوای گەورە ببەخشن، ئەی خەڵکینە ئاگاداربن ئا بەو شێوەیە خوای گەورە بەڵگەو ئایەتەکانی خۆی بۆ خەڵکی ڕوون ئەکاتەوە بەو ئومێدەی کەوا پەندی لێ وەربگرن و بیری لێ بکەنەوە) .

- ﴿وَيَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡمَحِيضِۖ قُلۡ هُوَ أَذٗى ﴿٢٢٢﴾﴾[١٩٧]، واتە (ئەی پێغەمبەرﷺ پرسیارت لێ ئەکەن دەربارەی "خوێنی مانگانەی ئافرەتان" تۆش پێیان بڵێ: کەوا ئەو خوێنە بە ئازارو زەرەرە) .

[١٩٦] سورة البقرة .

[١٩٧] سورة البقرة .

- ﴿يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡأَنفَالِۖ قُلِ ٱلۡأَنفَالُ لِلَّهِ وَٱلرَّسُولِۖ ۝١﴾[198]،

واتە: (ئەی پێغەمبەرﷺ پرسیارت لیٚ ئەکەن دەربارەی دەستکەوت و غەنیمەکان، تۆش پێیان بلیٚ: کەوا ئەو دەستکەوتانە بۆ خواو پێغەمبەرەﷺ "هەر ئەوان بۆیان هەیە کە بڕیار بدەن کە چۆنی دابەش بکەن") .

بە هەمان شێوە لە ئایەتی تریش، بەلاّم کاتێك پرسیار هات لە وتەی خوای گەورە ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌۖ أُجِيبُ دَعۡوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِۖ﴾[199]، واتە: (ئەی پێغەمبەرﷺ ئەگەر بەندەکانم پرسیاریان دەربارەی من لیٚ کردی ئەوە من نزیکم لێیانەوە، وەلاّمی نزاو پاڕانەوەی ئەو کەسانە ئەدەمەوە کە لێم ئەپاڕێنەوە)، خوای گەورە داوای لە پێغەمبەرەکەی نەکردووە کەوا وەلاّمی پرسیارەکەیان بداتەوە هەروەکوو بینیمان لە شوێنەکانی تردا، بەلّکوو خودی خۆی وەلاّمەکەی لە ئەستۆ گرتووە بۆ پاڕانەوەی بەندەکان، لەبەر ئەوەی ئاگادارە بە خیانەتی چاوەکان و ئەوەی وا لەسینگەکانا شاردراوەتەوە، هەر لەبەر ئەوە دەفەرمووێت: ﴿فَإِنِّي قَرِيبٌۖ أُجِيبُ دَعۡوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِ﴾، واتە:

---

[198] سورة الأنفال .

[199] سورة البقرة .

بەهۆی زانست و میهرەبانی پاراستن و ڕێکخستنی کاروبارو وەرگرتنمەوە لێیانەوە نزیکم، بیرکەوە .

ـ ئەو زاتەیە کەوا گوێبیستی زیکرەکانمانە بە نهێنی و بە ئاشکرا، وە پێغەمبەر دەفەرمووێت: (أَنا جَلِيسُ مَنْ ذَكَرَنِي)[٢٠٠]، واتە: (من ئەو دانیشتنەم بۆ ئەو کەسەی وا یادم ئەکات)، وە دەفەرمووێت: (من ذكرني في نَفْسِهِ، ذَكَرْتُهُ في نفسي، وَمَنْ ذكرني في ملأ مِنَ الناس، ذَكَرْتُهُ في ملأ أَكْثَرَ منهم وَأَطْيَبَ)[٢٠١]، واتە: (هەر کەسێك لە دەروونی خۆیدا یادم بکات، ئەوە منیش بە نهێنی میهرەبانی خۆمی بەسەردا ئەبارێنم، وە هەر کەسێك لەلای کۆمەڵێك یادم بکات، ئەوە منیش لە لای کۆمەڵێکی زۆرترو پاکتر یادی ئەکەم کە فریشتە بەڕێزەکانە)، وە گوێبیستی قسەکانمانە، وە گوێبیستی نزاکانمانە کاتێك لێی ئەپاڕێینەوە، وە کاتێك تاوان ئەکەین پاشان تەوبەمان کرد ئەوە تەوبەکەمان لێ وەرئەگرێ،

---

[٢٠٠] ئیبن و ئەبی شەیبە لە (مصنف ابن أبي شيبة)(ب١/ل١٠٨/ژ١٢٢٤) ڕیوایەتی کردووە . دانەر

[٢٠١] ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاری)(ژ٧٤٠٥): كتاب التوحيد ـ باب قول الله تعالى: ﴿وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ نَفْسَهُۥ﴾. وە ئیمامی موسلیم لە (صحيح مسلم)(ذ٢٦٧٥): كتاب الذكر والدعاء والتوبة والاستغفار ـ باب الحث على ذكر الله تعالى. وە ئیمام ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب٩/ل١٥٣/ژ٩٢٢٦) ڕیوایەتیان کردووە . دانەر

نزيكه: لێبوردنه‌كه‌ی ئه‌مان ببوورێ، وه‌ ته‌وبه‌ی ئێمه‌ش وه‌ربگرێ، جلَّ جلاله، ولا إله غيره .

خوای گه‌وره‌ ده‌فه‌رمووێت: ﴿فَلۡيَسۡتَجِيبُواْ لِي﴾: هه‌روه‌كوو چۆن من وه‌ڵامی پێداویستیه‌كانیان ئه‌ده‌مه‌وه‌ كه‌ كاتێك لێم ئه‌پاڕێنه‌وه‌، با ئه‌وانیش وه‌ڵامی بانگه‌وازی من بده‌نه‌وه‌ كاتێك بانگیان ئه‌كه‌م بۆ ئیمان هێنان و خواپه‌رستی .

وه‌ ده‌فه‌رمووێت: ﴿وَلۡيُؤۡمِنُواْ بِي﴾، با ئیمان به‌ هه‌بوونی من و ناوه‌ پیرۆزه‌كان و سیفاته‌ به‌رزه‌كان و نزیكی و وه‌ڵامدانه‌وه‌م بهێنن.[٢٠٢]

وه‌ ده‌فه‌رمووێت: ﴿لَعَلَّهُمۡ يَرۡشُدُونَ﴾ واته‌: ئه‌گه‌ر ئه‌وان وه‌ڵامی منیان دایه‌وه‌، وه‌ ئیمانیان پێ هێنام، ئه‌وه‌ ڕێنمووكراون بۆ كاروباره‌ دینی و دونیاییه‌كانیان، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی كه‌سی ڕه‌شید و فام و ژیر كاروباره‌كه‌ی ئا به‌و شێوه‌یه‌، ده‌گوترێت: فلان كه‌س ڕه‌شیده‌، خوای گه‌وره‌ ده‌فه‌رمووێت: ﴿فَإِنۡ ءَانَسۡتُم مِّنۡهُمۡ رُشۡدٗا ﴿٦﴾﴾[٢٠٣]، واته‌: (ئه‌گه‌ر بینیتان فام و ژیرن چاكه‌ و خراپه‌ له‌ یه‌كتر

[٢٠٢] (الأساس في التفسير)(ب١/ل٤١٦ ـ ٤١٧): هی شێخ سه‌عید حه‌وا، رحمه الله . دانه‌ر

[٢٠٣] سورة الحجرات.

جیادەکەنەوە)، ﴿أُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلرَّٰشِدُونَ ۝٧﴾[204]، واتە: ئا ئەوانە بۆ خۆیان ڕێگەی ژیری و سەرفرازیان گرتۆتەبەر .

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرووێت: (أَقْرَبُ ما يَكُونُ الرَّبُّ من الْعَبْدِ في جَوْفِ اللَّيْلِ الآخِرِ فَإِنْ اسْتَطَعْتَ أَنْ تَكُونَ مِمَّنْ يَذْكُرُ اللَّهَ في تِلْكَ السَّاعَةِ فَكُنْ)[205]، واتە: (نزیکترین کات کە بەندە لە پەروەردگاری خۆیەوە نزیك بێت ئەوە لەکاتی کڕنووش بردندایە، جا ئەگەر توانیت یەکێك بیت لەو کەسانەی کە لەو کاتەدا زیکرو یادی خوا دەکەن ئەوە بە) .

﴿وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا ۝١٨٠﴾[206]، واتە: (هەر بۆ خوایە هەموو ناوە جوان و پیرۆزەکان، جا ئەی ئیماندار بەو ناوە بەرزو پیرۆزانە لە خوای گەورە بپاڕێوە) .

---

[204] سورة النساء.

[205] ئەبو داود لە (سنن أبي داود)(ژ١٢٧٧): كتاب الصلاة ـ باب من رخص فيهما إذا كانت الشمس مرتفعة، وە ترمذي لە (سنن الترمذي)(ژ٣٥٧٩): كتاب الدعوات ـ باب في دعاء الضيف، وە دەفەرمووێت: فەرموودەیەکی حەسەن و سەحیح و غەریبە، وە نەسائی لە (سنن النسائي)(ژ١٤٧ـ ٥٧٢): كتاب الطهارة ـ باب ثواب من توضأ لما أمر، وكتاب المواقيت ـ باب النهي عن الصلاة بعد العصر . دانەر

[206] سورة الأعراف.

وه خواى گەورە دەفەرموویت: ﴿قُلِ ٱدۡعُواْ ٱللَّهَ أَوِ ٱدۡعُواْ ٱلرَّحۡمَٰنَۖ أَيّٗا مَّا تَدۡعُواْ فَلَهُ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰۚ ﴿١١٠﴾﴾[٢٠٧]، واته: (ئەی پێغەمبەر پێیان بلێ: با هاوار بۆ ناوی زاتی پاکی خوای گەورە ببەن کە الله یە لەو بپاڕێنەوە، یاخود بە سیفەتی بەرزی کە الرحمن لێ بپاڕێنەوە، جا بە هەر کامێك لەو ناو سیفەتە بەرز و پیرۆزانە لە خوا بپاڕێنەوە ئەوە هەموو ئەو ناو سیفەتە جوانانە هەر بۆ خوایەو هەر شایەنی ئەوە) .

لە ئەو هوڕیڕەوە(رضي الله عنه) ڕیوایەتکراوە کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت: (إِنَّ لِلَّهِ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ اسْمًا، مِائَةً إلا وَاحِدًا، من أَحْصَاهَا[٢٠٨] دخل الْجَنَّةَ، إنه وِتْرٌ، يُحِبُّ الْوِتْرَ)[٢٠٩]. واتە: (خوای گەورە نەوەدو نۆ ناوی بەرزو پیرۆزی هەیە، لە سەد تەنها یەك دانە نەبێت، جا هەر کەسێك لەبەریان کات یاخود ئیمانی پێیان هەبێت ئەوە ئەچێتە بەهەشتەوە، خوای گەورە زاتێکی تاکە، هەر بۆیەش تاکی پێ خۆشە) .

---

[٢٠٧]

[٢٠٨] أحصاها: لەبەریان کات، وە گوتراوە ماناکەی: کەسێك ماناکەی بزانێت وە ئیمانی پێ هەبێت، وە گوتراوە: کەسێك بە ڕێك و پێکی گرێنگیەوە بیانخوێنێت، وە خۆی جوان بکات بەکارکردن بەو ناوە جوانانە بەو ئەندازەیەی کە بۆی ئەنگونجێ . دانەر

[٢٠٩] ئیمامي بوخاري لە (صحيح البخاري)(ژ٦٤١٠): كتاب الدعوات ـ باب لله مائة اسم غيرَ واحدٍ، وە ئیمامی موسلیم لە (صحيح مسلم)(ژ٦٧٥١): كتاب الذكر والدعاء والتوبة والاستغفار ـ باب في أسماء الله تعالى، وفضل من أحصاها . دانەر

وە هەر لە ئەبو هورەیرەوە(رضي الله عنه) ڕایەتكراوە كەوا پێغەمبەر دەفەرمووێت: (خوای گەورە نەوەدو نۆ ناوی بەرزو پیرۆزی هەیە، جا هەر كەسێك لەبەریان كات یاخود ئیمانی پێیان هەبێت ئەوە ئەچێتە بەهەشتەوە، هو الله الذي لا إله إلا هو الرحمن . الرحيم الملك. القدوس . السلام . المؤمن . المهيمن . العزيز . الجبار . المتكبر الخالق . البارئ . المصور . الغفار . القهار . الوهاب . الرزاق . الفتاح العليم . القابض . الباسط . الخافض . الرافع . المعز . المذل . السميع البصير . الحكم . العدل . اللطيف . الخبير . الحليم . العظيم . الغفور الشكور . العلي . الكبير . الحفيظ . المقيت . الحسيب . الجليل الكريم . الرقيب . المجيب . الواسع . الحكيم . الودود . المجيد الباعث . الشهيد . الحق . الوكيل . القوي . المتين . الولي . الحميد المحصي . المبدئ . المعيد . المحيي . المميت . الحي . القيوم . الواجد الماجد . الواحد . الصمد . القادر . المقتدر . المقدم . المؤخر . الأول الآخر . الظاهر . الباطن . الوالي . المتعالي . البر . التواب . المنتقم العفو . الرءوف . مالك الملك . ذو الجلال والإكرام . المقسط . الجامع الغني . المغني . المانع . الضار . النافع . النور . الهادي . البديع الباقي . الوارث . الرشيد . الصبور)[٢١٠]

---

[٢١٠] ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٣٥٠٧): كتاب جامع الدعوات، ڕیوایەتی كردووە. دانەر

ـ پەروەردگارە زمانمان بخە كار بە هۆی زیكرتەوە، وە دڵمان لە غەیری تۆ پاككەرەوە، وە ڕووحەكانمان بحەسێنەوە بەهۆی نەسیمی نزیكیت، وە نهێنیەكانمان پڕ كە لە خۆشەویستیت، وە ویژدانەكانمان بە نیەتی چاكە بپێچەوە بۆ بەندەكان، وە دەروونەكانمان ڕابێنە بە زانستی خۆت، وە سینگمان پڕكە لە بە گەورە زانینی خۆت، وە شوێنەكانمان بەگشتی هەر بۆلای تۆ بێت، وە نهێنیەكانمان چاك بكە لەگەڵ خۆت، لەو كەسانە بین كە باش و هەڵبژاردەكان ئەبەن و لێڵەكانیش واز لێ ئەهێنن، وە ڕێزی بێ بەلآیی ئەزانن وە شوكرانەبژێریشی لەسەر ئەكەن، وە ڕازین بەوەی كە تۆ كەفیلیان بی، وە سەركەوتومان بكە بۆ بەگەورە زانینی تۆ، وە لەزەت و تامی سەیركردنی زاتی پاكی خۆتمان پێ ببەخشە ـ تباركت وتعاليت يا ذا الجلال والإكرام، لا إله إلا أنت. وصلى الله على النبي محمد، وعلى آله وصحبه وسلم .

﴿سُبْحَٰنَ رَبِّكَ رَبِّ ٱلْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿١٨٠﴾ وَسَلَٰمٌ عَلَى ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٨١﴾ وَٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٨٢﴾﴾ .

ـ وە یەكێك لەو كردەوە مەزنانەی كە نزیكخەرەوەیە بۆ لای خوای گەورە لە مانگی ڕەمەزان“ ئەویش "بەخشینە": هەروەكوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: (أَفْضَلُ الصَّدَقَةِ صَدَقَةٌ في

رَمَضَانَ)[٢١١]، واته: (باشترین بەخشینێك ئەو بەخشینەیە کە لە مانگی ڕەمەزاندا ببەخشرێت)، لەبەر ئەوەی وەرزی چاکەکان و مانگی پەرستشەکانە، وتەی ـ (أَفْضَلُ الصَّدَقَةِ)، واتە: (ئەو بەخشینانەی کە ئەکەونە نێو "ڕەمەزان": لەبەر ئەوەی (سەخاوەت) و فراوانی کردن تیادا خۆشەویستە بۆ کەسانی هەژار خاوەن پێویستانی خوای گەورە، وە لەبەر هەندێش پێغەمبەری خوا کە زۆر دەست ڕۆیشتوو سەخاوەتمەندبوو لە ڕمەزاندا، ئا بەوشێوەیە لەبەر ئەوە ڕەمەزانی داناوە بۆ باراندنی زیاتر میهرەبانی خۆی بەسەر بەندەکانی لە چاو غەیری ڕەمەزاندا، بۆیە بەخشینیش تیایدا پاداشتەکەی گەورەترە لە چاو غەیری ڕەمەزاندا، وە سونەتە کەزۆر بەخشینی تیا بکرێت لەو مانگەدا، وە زیادکردنی بەخشین بەسەر خاوەن پێویستیان، وە زیاد کردنی دەست کراوەیی و سەخاوەتمەندی بەسەر ماڵ و خزم و خۆشەویستانی لەو مانگە پیرۆزەدا)[٢١٢]، لەبەر وتەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرموویت: (من فَطَّرَ صَائِمًا كان له مِثْلُ أَجْرِهِ غير أَنَّهُ لا يَنْقُصُ من أَجْرِ الصَّائِمِ شيئاً)[٢١٣]، واتە: (هەر کەسێك فتار بەڕۆژووەوانێك بکاتەوە ئەوە

---

[٢١١] ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٦٦٣): كتاب الزكاة ـ ما جاء في فضل الصدقة . دانەر

[٢١٢] (فيض القدير)(ب٢/ل٥٥) . دانەر

[٢١٣] ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٨٠٧): كتاب الصوم ـ ما جاء في فضل من فطر صائما، وە دەفەرمووێت: فەرموودەیەکی حەسەن و سەحیحە. وە ئیبن و ماجە لە (سنن ابن

وەکوو ئەو پاداشتی ڕۆژووەکەی بۆ دەبێت بیٚ ئەوەی لە پاداشتی ڕۆژووەوانەکە کەم بێتەوە)، وە لەبەر ئەو فەرموودەیەش کە دەفەرموویٚت: (مَنْ فَطَّرَ صَائِمًا على طَعَامٍ وَشَرَابٍ من حَلالٍ صَلَّتْ عليه الْمَلائِكَةُ في سَاعَاتِ شَهْرِ رَمَضَانَ وَصَلَّى عليه جِبْرِيلُ عليه السَّلامُ في لَيْلَةِ الْقَدْرِ)[٢١٤]، واتە: (هەر کەسێك بە خواردن و خواردنەوەیەکی حەلاڵ فتار بەڕۆژووەوانێك بکاتەوە ئەوە فریشتەکان نزای خێری بۆ ئەکەن لە کاتەکانی مانگی ڕەمەزان، وە جوبڕائیل نزای خێری بۆ ئەکات لەشەوی (ليلة القدر) دا) .

ئیمامی مونذیری دەفەرموویٚت: تەبەڕانی لە "الكبير" وە ئـەبو شێخ ئیبن و حبان لـە کتێبی "الثواب" ڕیوایەتیان کردووە، تەنها ئەوە نەبێت کە فەرموویەتی: (وصافحه جبرائيل ليلة القدر)، واتـە: (لـە شەوی (ليلة القـدر) دا جوبرائيـل تەوقـەی لەگـەڵی ئـەکات)، وە زیادیشی کردووە: (ومن صافحه جبرائيل (عليه السلام) يرق قلبـه وتكثر دموعه)، قال: فقلت: يا رسول الله ﷺ ، أفرأيت من لم يكـن

ماجه)(ژ١٧٤٦): كتاب الصيام ـ باب في ثواب من فطر صائماً، ڕیوایەتیان کردووە، حەمزە أحمد زين دەفەرموویٚت: سەنەدەکەی سەحیحە، پیاوەکانیشی باوەڕپێککراو بەناوبانگن: با سەیری ((مسند أحمد)(ب١٣/ل٢٤٨/ژ١٦٩٨١)، وە ئیبن و ئەبی شەیبە لە (مصنف ابن أبي شيبة)(ب٣/ل١٢٢/ژ١٩٥٥٥) بکرێت . دانەر

٢١٤ تەبەڕانی لە (معجم الكبير)(ژ٦١٦٢). وە بەیهەقی لە (شعب الإيمان)(ژ٣٦٦٩) ڕیوایەتیان کردووە . وەرگێڕ

عنده قال: (فقبصة[215] من طعـام)، قلـت: أفرأيـت إن لم يكـن عنـده قال: (فشربة من ماء)[216]، واته(هـەر کەسـێك جوبرِائیـل تەوقـەی لەگەڵ بکات دڵی نەرم ئەبێت و فرمێسکی زۆر ئەبێت)، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر بینیت ئەو کەسـە خـواردنی لا نـەبێت، فەرمووی: (با ئەندازەی خواردنێکی کەمی ناو لـەپە دەستیش بێت)، وتم: ئەی ئەگەر بینیت ئەوەشی لا نەبوو، فـەرمووی: (بـا بـە قومـە ئاوێك بێت)، بۆیە هەروەکوو لە ڕیوایەتدا هاتووە: (کان رسول اللَّهِ ـ ﷺ ، أَجْوَدَ الناس وكان أَجْـوَدُ مـا يَكُـونُ في رَمَضَـانَ حـين يَلْقَـاهُ جِبْرِيلُ، وكان يَلْقَاهُ في كل لَيْلَةٍ من رَمَضَانَ فَيُدَارِسُهُ الْقُرْآنَ، فَلَرَسُولُ اللَّهِ ﷺ ، أَجْوَدُ بِالْخَيْرِ من الرِّيحِ الْمُرْسَلَةِ)[217]، واتـە: (پێغەمبـەری خوا ﷺ سەخاوەندمەندترین کەس بووە، وە لە مـانگی ڕەمەزانـدا سەخاوەتیەکەی زیاتر ئەبوو ئەو کاتەی کە جوبرِائیـل ئـەهات لای، چونکە لە هەموو شـەوێکی ڕەمەزانـدا ئەهاتـە لای و قورئـانی بـە

---

[215] "القبصة" بە صادی موهمەل گرتنی خواردنە بە سێ پەنجەکانی دەست بۆ خواردن. دانەر

[216] (الترغيب والترهيب): هي عبد العظيم کوڕي عبد القوي مونذيريه: (و٦٥٦هـ)، (ب٢/ل٩٢/ژ١٦٣٨). دانەر

[217] ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ٦): كتاب بدء الوحي ـ باب بدء الوحي، ئیمامی موسلیم لە (صحيح مسلم)(ژ٥٩٦٤): كتاب الفضائل ـ باب كان النبي صلى الله عليه وسلم، أجود الناس بالخير من الريح المرسلة، ڕیوایەتی کردووە . دانەر

پێغەمبـــەری خـــوا ئەخوێنـــدەوە، پێغەمبـــەری خـــوا نموونـــەی سەخاوەتیەکەی بۆ خێرو چاکە لە بایەکی ڕەوانەکراو خێراتر بووە).

وتەی: (أَجْوَدُ ما يَكُونُ)، (جُودْ): دەستکراوەیی و چاوتێری ڕەوان و کاریگەرترە لە سەخاوەتمەندێتی، هەر بۆیەش ئەگوترێ: (إن الله سبحانه جَوَادٌ ولا يُقال سَخيٌ)[218]، واتە: (خوای گەورە بەخشندەو دەستکراوەیە، وە پێی ناگوترێ: سەخیە) وە ترمذیش لە سەعیدەوە ڕیوایەتی کردووەو بەرزی کردووەتەوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ: (إِنَّ اللَّهَ طَيِّبٌ يُحِبُّ الطَّيِّبَ نَظِيفٌ يُحِبُّ النَّظَافَةَ كَرِيمٌ يُحِبُّ الْكَرَمَ جَوَادٌ يُحِبُّ الْجُودَ)[219]، واتە: (بێگومان خوای گەورە پاکەو پاکیشی خۆش ئەوێت، وە خاوێنەو حەزیشی لە خاوێنیە، بەخشندەیەو بەخشندەیشی خۆش ئەوێت، دەستکراوەیەو دەستکراوەیشی خۆش ئەوێت) وە لە ڕیوایەتی بوخاریدا لە "الكبير" هاتووە: (إِنَّ اللَّهَ كَرِيمٌ يُحِبُّ الْكَرَمَ)[220]، واتە: (خوای گەورە بەخشندەیەو بەخشندەیشی خۆش ئەوێت) وتەی: (أَجْوَدَ الناس) واتە: بەخشندەترین کەس بووە لە ناو خەڵکیدا، وە

[218] (فيض الباري شرح صحيح البخاري): هی عەللامەی شێخ محمد أنور کوشمەیریە:(و ١٣٥٢هـ)(ب١/ل١٢٦) . دانەر

[219] (سنن الترمذي)(ژ٢٧٩٩): كتاب الأدب ـ باب ما جاء في النظافة . دانەر

[220] (التاريخ الكبير)(ب٤/ل٣٤٧) . دانەر

جوديش: بەخشندەییە" لە ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە (رضي الله عنه):(كان رسول الله ﷺ ، أَحْسَنَ الناس، وكان أَجْوَدَ الناس، وكان أَشْجَعَ الناس[221])[222]، واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ بەخشندەترین و جوامێرو چاونەترسێنترین کەس بووە لە نێو خەڵکیدا) وە جوديش" لە شەرعدا پێدانی ئەو شتەی کە پێویستە بۆ کەسی خاوەن پێویست، ئەوەش گشتگیرترە لە سەدەقە" وە هەروەها ڕەمەزان وەرزی چاکەکاریە، لەبەر ئەوەی بەخشش و نیعمەتەکانی خوای گەورە تیایدا زیاترە لە چاو مانگەکانی تردا، جا پێغەمبەری خوا

---

[221] ئەبو فەزڵ ئەحمەدی کوڕی علی کوڕی حەجەری عەسقەلانی (و٨٥٢هـ) لە (فتح الباري)(ب١٠/ل٤٥٧) دەفەرمووێت: کورت کردنەوەی ئەو سێ سیفەتە لە لایەن ئەنەسەوە ئەوە یەکێکە لە (جوامع الكلم) (واتە: کۆکردنەوەی چەندین مانا لەوشەیەکدا)، لەبەر ئەوەی دایکی هەموو ڕەوشتەکانە، لەبەر ئەوەی لە هەموو مرۆڤێکدا سێ هێز هەیە: یەکەمینیان تووڕەییە، وە کەماڵەکەی جوامێراتیە، وە دووەمەکەی ئارەزووبازییە، وە کەماڵەکەی بەخشندەییە، وە سێ هەمیان ژیرییە، وە کەماڵەکەی قسەکردنە بەحیکمەت و دانایی، ئەوە ئەنەس ئاماژەی بەوە کردووە بە وتەی: (أحسن الناس)" واتە: (چاکترینی خەڵك)، لەبەر ئەوەی چاکی وتەو کردەوە لە خۆدەگرێت. وە ئەکرێ مەبەست بە چاکترینی خەڵك چاکی تەبیعەت و سروشتەکەی بێت، ئەوەش وای کردووە شوێنی خوو ئارەزووە ڕێکەکەی بکەوێت کە سەفای دەروون شوێنی ئەو خووە ئەکەوێت کە مەلەکەی هەر لەمەوە سەرچاوەی گرتووە وهو تابع لاعتدال المزاج الذي يتبع صفاء النفس الذي منه جودة القريحة التي تنشأ عنها الحكمة.

[222] ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاری)(ژ٢٨٢٠): كتاب الجهاد والسير ـ باب الشجاعة في الحرب والجبن، وە ئیمامی موسلیم لە (صحيح مسلم)(ژ٥٩٦١): كتاب الفضائل ـ في شجاعة النبي ـ صلى الله عليه وسلم، وتقدمه للحرب، ڕیوایەتی کردووە. دانەر

كاريگەر ئەبو بە شوێنکەوتنی سوننەتی خوای گەورە لە نێو بەندەکانیدا، (فَلَرَسُولُ اللَّهِ ﷺ ، أَجْوَدُ بِالْخَيْرِ من الرِّيحِ الْمُرْسَلَةِ)، (پێغەمبەری خوا ﷺ نموونەی بەخشندەیی و دەستکراوەییەکەی بۆ خێرو چاکە لە بایەکی ڕوانەکراو خێراتر بووە) المرسلة، واتە: بەڕەهایی واتە ئەو لەبەخشیندا خێراتر بووە لە بایەکی هەناردەکراو، وە بەهەناردە ماناکراوە ئەوە ئاماژەیە بە بەردەوامی دابەزینی ڕەحمەت، وە بۆ سوودی گشتی ئەو بەخشینەی هەروەکوو بای هەناردەکراو کە چۆن دائەبەزێتە گشت شوێنەکان. وە لای ئیمامی ئەحمەد ئەو لەفزەش لە کۆتایی فەرموودەکە هاتووە: (لا يسأل شيئاً إلا أعطاه)، واتە: (هەر شتێك داوا بکات ئەوە پێی ئەدرێت)، وە ئەو زیادەیەش دامەزراوە لە سەحیحدا لە فەرموودەی جابر: (ما سئل رسول الله ﷺ ، شيئاً فقال لا)، واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ شتێکی لێ داوانەکراوە ئەویش گوتوبێتی نەخێر، واتە هەرشتەکی لێ داواکراوە ئەو بەخشیویەتی) .

ئیمامی نەوەوی دەفەرموێت: (لەو فەرموودەدا کۆمەڵێك سوود هەیە: لەوانە پێداگری کردن لە بەخشین و دەستکراوەیی لە هەموو کاتێکدا. وە لەوانە زیاتر بەخشین لە مانگی ڕمەزان. وە لە کاتی کۆبوونەوە لەگەڵ کەسە چاکەخوازەکان. وە سەردانی

کردنی چاکەخوازەکان و کەسە باشەکانی تێدایە، وە دووبارە کردنەوەی ئەو سەردانیە ئەگەر کەسەکە پێی ناخۆش نیە، وە سوننەتە زۆر قورئان خوێندن لە ڕەمەزاندا، وە قورئان خوێندن بۆ خۆی لەناو زیکرەکاندا گەورەترینیانە، جا ئەگەر گوترا مەبەست بەوە جوانی لەبەرکردنەکەیەتی، ئێمەش دەڵێین ئەوە لەبەرکردنەکە بەدەست هات وە زیادکردنیش تیایدا بەهۆی هەندێك مەجلیسەوە بەدەست دێت، وە دروستە بگوترێت ڕەمەزانە بەبێ زیادکردن وە غەیری ئەوەش دەرئەکەوێت بەهۆی بیرکردنەوە[٢٢٣].

"خۆشەویستەکەم" بزانە کەوا بەخشین: لە کردەوە نزیکخەرەوەکانە یاخود پلەکانە لای خوای گەورە هەروەکو خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا ۝١٠٣﴾[٢٢٤]، واتە: (لە هەندێ ماڵ سامانی ئەو ئیمانداران زەکات و خێر وەربگرە، چونکە بەهۆیەوە ئەبێتە پاککەرەوە لە گوناهو تاوانەکانیان، ﴿وَتُزَكِّيهِم بِهَا﴾، وە بەرزیان ئەکاتەوە بۆ پلەکانی کەسە موخلیس و نیەت پاکەکان). خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ لَا يُتْبِعُونَ

[٢٢٣] (فتح الباري)(ب١/ل٣١) . دانەر

(٢٢٤) سورة التوبة.

مَآ أَنفَقُواْ مَنًّا وَلَآ أَذًى لَّهُمۡ أَجۡرُهُمۡ عِندَ رَبِّهِمۡ وَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ﴿٢٦٢﴾﴾[225]، (ئەو کەسانەی کەوا ماڵەکانی خۆیان ئەبەخشن لە پێناو خوای گەورە، پاشان هیچ جۆرە منەت و ئازارێك ناگەیێن بەو کەسانەی کە ماڵەکانیان پێ بەخشیون، ﴿لَّهُمۡ أَجۡرُهُمۡ﴾ ئەمانە پاداشتی نەبڕاوەیان بۆ ئەبێت لەبەر نیەت پاکی لە بەخشینەکانیاندا، ﴿عِندَ رَبِّهِمۡ﴾ خوای گەورە لە دوارۆژدا لە گەنجینە فراوانەکەی خۆیدا پاداشتیان ئەداتەوە، ﴿وَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ﴾ ئەوانە هیچ ترسێکیان لەسەر نیە لە دونیا، ﴿وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ﴾ وە غەمگینیش نابن لە دوارۆژدا، وَسُبحانَهُ اللّطيفُ الواسِعُ العَليمُ ـ جَلَّ جَلالُهُ وَعَمَّ فَضْلُهُ وَنوالُهُ .

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویێت: (وَالدَّرَجَاتُ: إِفْشَاءُ السَّلَامِ، وَإِطْعَامُ الطَّعَامِ، وَالصَّلاةُ بِاللَّيْلِ وَالنَّاسُ نِيَامٌ)[226]، واتە: (ئەوشتانەی کە پلەی ئیماندار بەرز ئەکاتەوە لە دوارۆژ ئەوانەن: سەلام لە یەکترکردن، وە نان دان بەخەڵك، شەو نوێژ کردن لەوکاتەی کە خەڵك نوستوون). هەروەها دەفەرموویێت: (لا حَسَدَ إلا في اثْنَتَيْنِ: رَجُلٌ آتَاهُ اللهُ الْقُرآنَ فَهُوَ يَقُومُ بِهِ آناءَ اللَّيْلِ وَآناءَ

---

[225] (٢٢٥) سورة البقرة.

[226] ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٣٢٣٣): كتاب تفسير القرآن ـ باب ومن سورة ص، ڕیوایەتی کردووە . دانەر

النَّهَارِ، وَرَجُلٌ آتَاهُ اللهُ مَالاً فَهُوَ يُنْفِقُهُ آنَاءَ اللَّيْلِ وَآنَاءَ النَّهَارِ)[٢٢٧]، واته: (حەسادەت دروست نیەو نابێت تەنها لە دوو حاڵەتدا نەبێت: پیاوێکە خوای گەورە فێری قورئان خوێندی کردووە ئەویش هەڵئەستێ بەخوێندنەوەی لە کاتی شەو ڕۆژدا، وە پیاوێکە خوای گەورە سەروەت و ماڵی پێداوەو ئەویش شەوو ڕۆژ ئەیبەخشێت).

وە دەفەرموویت: (ثَلاثٌ مَنْ كُنَّ فيهِ أظَلَّهُ ـ عَزَّ وَجَلَّ ـ تَحتَ عَرشِهِ يومَ لا ظِلَّ إلاّ ظِلُّهُ: الوُضوءُ في المَكَارِهِ، والْمَشيُ إلى المساجدِ في الظُّلَمِ، وإطْعامُ الجائعِ)[٢٢٨]، واته: (سێ سیفەت هەن هەر کەسێك ئەم سیفەتانەی تیادا هەبێت ئەوە خوای گەورە لە بن سێبەری عەرشی خۆی سێبەریان بۆ ئەکات کە ڕۆژێکی هێندە سەختە لە غەیری سێبەری خوا هیچ سێبەرێکی تر نیە: دەست نوێژ شوشتن لە کاتی هەبوونی ئازارو ماندوو بووندا، وە ڕۆیشتن بۆ مزگەوت لە کاتی تاریکی شەودا، وە ناندانی کەسی برسی) .

---

[٢٢٧] ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ٥٠٢٥/ژ٧٥٢٩): كتاب فضائل القرآن ـ باب اغتباط صاحب القرآن، وكتاب التوحيد ـ باب قول النبي ـ صلى الله عليه وسلم: (رجل آتاه الله القرآن). وە ئیمامی موسلیم لە (صحيح مسلم)(ژ١٨٩١): كتاب فضائل القرآن ـ باب فضل من يقوم بالقرآن ويعلمه وفضل من تعلم حكمة، من فقه أو غيره فعمل بها وعلمها، ڕیوایەتیان کردووە . دانەر

[٢٢٨] ئەبو شێخ لە "الثواب" وە ئەصبەهانی لە "الترغيب" لە جابرەوە ڕیوایەتیان کردووە، هەروەکوو لە (كنز العمال)(ب١٥/ل٣٤٢) هاتووە . دانەر

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویێت: (كُلُّ امْرِئٍ فِي ظِلِّ صَدَقَتِهِ حَتَّى يُقْضَى بَيْنَ النَّاسِ) أو قال: (يُحْكَمَ بين النّاس)[229]، واته: (هەموو كەسێك لە ژێر سێبەری بەخشینەكەیەتی هەتاوەكوو لە ناو خەڵك نامێنێت و ئەمرێت) یاخود (بڕیاری بۆ دەرئەچێت لە نێو خەڵكان ئەمرێت) .

وە ڕیوایەتكراوە (لەسەرتە كەوا ببەخشی لەبەر ئەوەی شەش سیفەتی تێدایە: سێیان لە دونیا، وە سێی تریش لە دوارۆژ، جا هەرچی ئەوەی هی دونیایە ڕۆزی زیاد ئەكات، وە ماڵ زۆر ئەكات، وە ماڵ ئاوەدان ئەكات. وە ئەوانەی دوارۆژ داپۆشینی كەم و كوڕییەكانە، وە سێبەرێك لەسەر سەری ئەبێت، وە ئەبێتە پەردە بۆی لە نێوان خۆی ئاگری دۆزەخ) .

مەكحولی تابیعی (رضي الله عنه) دەفەرموویێت: كاتێك ئیماندار شتێك ئەبەخشێت دۆزەخ سوجدەیەكی شوكر بۆ خوا

[229] ئیبن و حبان لە (صحيح ابن حبان)(ب٨/ل١٠٤/ژ٣٣١٠)، وە ئیبن و خوزەیمە لە (صحيح ابن خزيمه)(ب٤/ل٩٤/ژ٢٤٣١)، ڕیوایەتیان كردووە، حەمزە ئەحمد زین دەفەرموویێت: سەنەدەكەی صەحیحە، وە پیاوەكانی باوەڕپێكراون پێشكەوتوون، وە ئیبن و موبارەك لە "الزهد" (ل٢٢٧/ژ٦٤٥)،ڕیوایەتی كردووە، وە حاكیمیش بە سەحیحی داناوە لە (المستدرك)(ب١/ل٤١٦/ژ١٥١٧)، وە زەهەبیش موافیقە لەسەری. وە ئەبو نوعەیم لە "الحلية" (ب٨/ل١٨١)، ڕیوایەتی كردووە، با سەیری (المسند الإمام احمد)(ب١٣/ل٣٤٣/ژ١٧٢٦٦) بكرێت . دانەر

ئەبات لەبەر ئەوەی کەسێکی ئوممەتی پێغەمبەری خوا ڕزگاری بوو لە سزاکەی .

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: (اتَّقُوا النَّارَ وَلَوْ بِشِقِّ تَمْرَةٍ، فَمَنْ لم يَجِدْ شِقَّ تَمْرَةٍ، فَبِكَلِمَةٍ طَيِّبَةٍ)[230]، واتە: (خۆتان لە ئاگری دۆزەخ بپارێزن ئەگەر چی با بە پارچە خورمایەکیش بێت، جا ئەگەر کەسێك ئەو پارچە خورمایەی دەست نەکەوت با بە وشەیەکی چاك و باش خۆی لە دۆزەخ بپارێزێ) .

وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: (إِنَّ الصَّدَقَةَ لَتُطْفِئُ غَضَبَ الرَّبِّ، وَتَدْفَعُ عن مِيتَةِ السُّوءِ)[231]، واتە: (بێگومان بەخشین تووڕەیی پەروەردگار ئەکوژێنێتەوە، وە مردنی خراپیش ڕەت ئەکاتەوە بۆ ئەوەی تووشی خاوەنەکەی نەبێت) .

وە ئیبن و عەباس (رضي الله عنهما) دەفەرمووێت: کاتێك ئەو وتەیەی خوای گەورە دابەزی ﴿مَّن ذَا ٱلَّذِي يُقۡرِضُ ٱللَّهَ قَرۡضًا

---

[230] ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ١٤١٣): كتاب الزكاة ـ باب الصدقة قبل الرد. وە ئیمامی موسلیم لە (صحيح مسلم)(ژ٢٣٤٦): كتاب الزكاة ـ باب الحث على الصدقة ولو بشق تمرة أو كلمة طيبة، وأنها حجاب من النار، ڕیوایەتیان کردووە . دانەر

[231] ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٦٦٤): كتاب الزكاة ـ باب ما جاء في فضل الصدقة، وە دەفەرمووێت: حەسەن و غەریبە . دانەر

حَسَنًا فَيُضَٰعِفَهُۥ لَهُۥٓ أَضۡعَافًا كَثِيرَةًۚ ﴿٢٤٥﴾[٢٣٢]، واتـه: (كـێ قـەرز ئەدات بەخوا بە قەرزێكی چاك و پاك وە بە نیەتێكی پاك، تـاوەكوو خـوای گـەورەش لەبەرامبـەر ئـەو قـەرزەدا پاداشـتەكەی بـۆ دوو هێنـدەتر بكـات)، ئـەبو دەحـداحی ئەنسـارِی فـەرمووی: ئـەی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئایا خوای گـەورە قـەرزی لـە ئێمـە ئـەوێ؟ ئەویش فەرمووی: بەڵێ ئەی ئەبو دەحداح، فەرمووی: دەستی خۆتم نیشاندە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەویش دەستی لەناو دەسـتی نـا فەرمووی: ئەوە باغ و بێستانەكەم بە قـەرز دا پـەروەردگارم، ئـەبو دەحداح بێستانەكی هەبوو "شەش سەد" دارخورمـای تێـدابوو، وە دایكی دەحداح و ماڵ و منداڵەكەی لە ناو بێسـتانەكە بـوون، جـا ئـەبو دەحـداح هـات و بـانگی خێزانەكـەی كـرد: ئـەی دایكـی دەحداح، فەرمووی: لـە خزمەتتدام، ئەویش فەرمووی: دەربچە لـە نێو بێستانەكە لەبەر ئەوەی بە قـەرز داومەتـە پـەروەردگارم ــ عَزَّ وَجَلَّ، وە لـە ڕیوایەتێكی تردا هـاتووە، خێزانەكـەی پێـی فـەرموو: مامەڵەكەت قـازانجی كـرد ئـەی ئـەبو دەحـداح، جـا شـتومەك و منداڵـەكانی لـە نێـو هێنایـە دەرەوە، وە پێغەمبـەری خـواش ﷺ فـەرمووی: (زۆر هێشـووی پـڕ لـە بەهەشـتدا بـۆ ئـەبو دەحـداح

---

[٢٣٢] سورة البقرة.

ئەبێت)، وە لە فزێکی تردا هاتووە: (لەوانەیە دارخورمایەکی بازن، کە ڕەگەکەی لە دوڕڕو یاقوت بێت، بدرێتە ئەبو دەحداح)

ئیمامی جونەیدی کوڕی محمد (قدس سره) دەفەرمووێت: چوار شت بەندە بۆ پلە بەرزەکان ئەکاتەوە، ئەگەر چی با کردەوەو زانیستیشی کەم بێت: نەرمی، خۆ بەکەم زانین، سەخاوەت، ڕەوشت جوانی .

ئیمامی عبد القادر گەیلانی (قدس سره) دەفەرمووێت: گەیشتم بەخوای گەورە بە هۆی بەخشین و خۆ بەکەم زانین و سەلامەتی سینگ .

ئیمامی ئەحمەدی ریفاعی (قدس سره) لەسەر وتەکانی شێخ عبد القادر دەفەرمووێت: قسەی جەنابی شێخ بەڵگەیە کەوا بەخشین بنچینەیە، وە خۆ بەکەم زانینیش بۆ ئەو کەسەی کە ڕێگای خوای گرتووەتەبەر بەهۆیەوە ئەبێتە نەمام و ڕووەك. جا ئەگەر ئەم دوانەی بۆ تەواو بوو ئەوە سینگیشی سەلامەت دەبێت لەو شتانەی کە پەیوەندی بەمرۆڤەوە هەیە لە دونیاو ئەوەی لە ناویدا هەیە، وە هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەش لا ئەچێت کە لەسەر ڕێگاکەیەتی. هەر بۆیەش لە فەرموودەدا هاتووە: (إنَّ في الجنةِ لَغُرَفاً يُرى ظاهرُها من باطنِها، وباطنُها من ظاهرِها، أعدها اللهُ تعالى

لمنْ ألان الكلامَ، وأطعمَ الطعامَ، وتابعَ الصيامَ، وصلّى بالليلِ والناسُ نيامٌ)[٢٣٣]، واتـه: (لـه بەهشـتدا چـەندين ژوور هەيـه لـه ژوورەوه دەرەوەی دیارە، وە لە دەرەوەش ژوورەوەی دیارە، خوای گـەورە ئامادەی کردووه بـۆ ئـەو کەسـەی کـەوا قسـەی نەرمـه، وە نـان ئەبەخشێت، وە شوێن ڕۆژوو ئەکەوێت و بەڕۆژوو ئەبێت، وە شەو نوێژ بکات لەو کاتەی کە خەڵکی نوستوون) .

"وە ئامۆژگاری خوشك و براپانم" ئەکەم بەوەی کەوا دەسـت بە دین و خۆشەویستی و بانگەواز لە پێناو خوای گەورەوە بگرن و هەوڵی بۆ بدەن، وە تکای دەست پێوە گرتن ئەکەین، ئەوە دروشمی زانـا بـەکردەوەکان و ئـەولیا خواناسـەکانە" ئـەو دروشمانـەش ئەوانەن:-

زانسـت، کـردەوە، ئـەدەب، سـەلامەتی سـینگ، خزمـەت و بـەزەیی نوانـدن بـۆ ئـەم ئوممەتـە ڕەحـم پێککـراوە ـ لـە ڕووی ئامۆژگاری، پاڕانەوە، یارمەتی و کۆمەکی کردنـی موسـڵمانان بـە ئەندازەی توانا، یاخود خۆنەویستن و هەڵبژاردنی سوودی بەرامبـەر بەسەر خۆدا، وە داوا لە هەموومان ئەکەم کە نزامان بۆ بکەن .

---

[٢٣٣] بەیهەقی لە (سنن البیهقی الکبری)(ب٤/ل٣٠٠/ژ٨٢٦٢)، با سەیری (البرهان المؤید)(ل٢١٢) بکرێت . دانەر

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: (الطَّاعِمُ الشَّاكِرُ، كَالصَّائِمِ الصَّابِرِ)[٢٣٤]، واتە: (ئەو کەسەی کەوا نان ئەخوات و توانایەکەی لە خواپەرستیدا بەکاردێنێ و شوکرانە بژێریشی لەسەر ئەکات، ئەوە وەکوو کەسێکی ڕۆژووگر وایە کە ئارامی ئەگرێت لەسەر بەڕۆژووبوونەکەی) لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (الطَّاعِمُ الشَّاكِرُ، بِمَنْزِلَةِ الصَّائِمِ الصَّابِرِ)[٢٣٥]. واتە: (ئەو کەسەی کەوا نان ئەخوات و توانایەکەی لە خواپەرستیدا بەکاردێنێ و شوکرانە بژێریشی لەسەر ئەکات، ئەوە وەکوو پلەی کەسێکی ڕۆژووگر وایە کە ئارام ئەگرێت لەسەر بەڕۆژووبوونەکەی) .

اللّهمَّ يا حنّانُ يا منّانُ ويا دَيّان ويا سلطان ويا مستعان يا الله، نسأَلُكَ اللهم الأمانَ الأمان، من زوال الإيمان، والعفو عما مضى منا وكان، من الذنوبِ والزلل والخطأ والتقصيرِ والعِصيان، ونسأَلُكَ اللّهم أن تجعَلنا ووالدينا وجميعَ المسلمين بمنِّك وفضلِكَ من عتقاء شهرِ رَمضان أو من عتقاءِ هذه الليلة بحرمة القرآن. عافنا اللّهم وعفُ عنا وعلى طاعتِك وفّقنا وأعّنا وإلى غيرك لا تكلنا ومن شر

[٢٣٤] بەیهەقی لە (سنن البيهقى الكبرى)(ب٤/ل٣٠٦/ژ٨٣٠١)، ڕیوایەتی کردووە، ئەحمد محمد شاکر دەفەرمووێت: سەنەدەکەی سەحیحە، با سەیری: (المسند الإمام أحمد)(ب٧/ل٤٨٥/ژ٧٧٩٣) بکرێت . دانەر

[٢٣٥] ترمذي لە (سنن الترمذي)(ژ٢٤٨٦): كتاب صفة القيامة والرقائق والورع، ڕیوایەتی کردووە، وە دەفەرمووێت: حەسەن وغەریبە. دانەر

جميع خلقك أجرنا وسلمنا.وعلى الإسلام والإيمان الكاملين جمعاً توفّنا،نرجو لقائك وأنت راضٍ عنا غير غضبان برحمتك يا رحيم ويا عليم ويا علاّم. اللّهم إنكَ تعلم أن قلوبنا قد اجْتَمَعت على مَحَبَّتِكَ والتَقَتْ على طاعتكَ، وتوَحَّدَت على دَعْوتِكَ، وَتَعاهدْت على نصْرَةِ شِريعَتكَ، فَوَثِّقْ اللّهم رابطتها، وأدم وُدَّها، واهدِها سُبُلَها، وأمْلأها بِنُورِكَ الذي لا يخْبو، واشرَحْ صُدُورها بِفيّض الإيمان بك، وجميلِ التَوكُّل عليك، وأَحْيها بمعْرفَتك، وامتْنا على كمال الحبِّ والإيمان، إنك نْعِمَ المولى ونعم النصير، يا الله ـ تبارك وتعالى ربنا وتقدس. آمين.

اللّهم صلِّ على سيدنا محمد صلاةً تُنجينا بها من جميع الأهوال والآفات، وتقضي لنا بها جميع الحاجات، وتُطهرنا بها من جميع السيئات، وترفعنا بها عندك أعلى الدرجات، وتبلغنا بها أقصى الغايات من جميع الخيرات في الحياة وبعد الممات[٢٣٦].

خزمەتکاری دین و ئوممەت

شێخ عەباس فازڵ حەسەنی

---

[٢٣٦] لە وەرگێڕانی ئەم کتێبە پیرۆزە بوومەوە لە بەرواری (٢٠١٧/٤/٢٢زاینی) کە دەکاتە (٢٥/٧ڕەجەبی/١٤٣٨کۆچی) شەوی شەممە . وەرگێڕ

# ناوەڕۆك


| بابـەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەكی وەرگێر ........................................ | ٣ |
| پێشەكی دانەر ........................................ | ٧ |
| ڕۆژووگرتن لـە گەورەترین ڕوكنەكانی دینە .................. | ٧ |
| ڕۆژووگرتن لـە ڕووی زمانەوانی و شەرعدا .................. | ٨ |
| بۆچی ناونراوە ڕەمەزان ........................................ | ١٠ |
| بەڵگەكانی فەرزبوونی ڕۆژوو لـە قورئان و سوننەت و یەك دەنگی زانایان ........................................ | ١٢ |
| گەورەیی پاداشتی ڕۆژوو لای خوای گەورە .................. | ٢٣ |
| نوستنی ڕۆژووەوان خواپەرستیە ........................................ | ٢٨ |
| گەورەیی ڕۆژوو و هەڵسانەوە بۆ خواپەرستی لـە شەوەكانیدا. | ٣٠ |
| ڕۆژووگر سیفەتدارە بە سیفاتی صەمەدانیەتی خوای گەورە .. | ٣١ |
| پایەكانی ڕۆژووگرتن ........................................ | ٣٣ |

**وتەیەکی بەهێزی ئیبن و قەیم لە بارەی ترسەوە ............... ٣٨**

**ئیمامی شاتیبی چیرۆکێکی خۆش ئەیگێڕێتەوە ............... ٣٩**

**تەفسیری ئایەتی** ﴿كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ﴾ ............................ **٤٥**

**پایەکانی تەقوا ........................................ ٤٩**

**داواکردنی زانست ........................................ ٥١**

**وتەیەکی جوانی ئیمامی حوسەین ........................................ ٥٨**

**تەفسیری ئایەتی** ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ﴾ ............... **٦٠**

**کاتێك ئەولیاکانی خوای گەورە ئەبینرێن یادی خوای گەورە ئەکرێت ........................................ ٦٤**

**تەفسیری ئایەتی** ﴿إِنَّ ٱلۡمُسۡلِمِينَ وَٱلۡمُسۡلِمَٰتِ﴾ ............... **٦٦**

**دەست لە ملانێی نێوان ڕۆژوو و خواپەرستی لە شەوەکانی ڕەمەزان........................................ ٧٣**

**شەوی (ليلة القدر) ........................................ ٧٥**

**نهێنی شاراوەیی شەوی (ليلة القدر) ............................ ٨١**

پاداشتی خواپەرستیەکان لە ڕەمەزاندا زیاد ئەبێت ............ ٩١

نوێژی تەراویح ........................................ ٩٤

وتەیەکی وردی شێخ ئیبن و تەیمیە ........................ ٩٦

وتەیەکی وردی شێخمان کمال الدین ـ خوای گەورە ڕوح و یادو
خۆڵی پاکترو بۆن خۆشتری بکات .......................... ١٠٠

لێکۆڵینەوە لە ڕەکعەتەکانی تەراویح ......................... ١٠٤

ڕاجیایی شەرعناسەکان لە بارەی ژمارەی ڕەکعەتەکانی تەراویح....
.................................................... ١٠٩

سوودەکانی نوێژی تەراویح ................................ ١١٧

خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز لە مانگی ڕەمەزاندا ............ ١١٩

گەورەیی ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ ................................ ١٢٣

وتەیەکی جوانی ئیمامی تیبی (رحمه الله) .................... ١٢٥

وتەیەکی جوانی ئیمامی نەوەوی (رحمه الله) ................. ١٢٧

هەندێك زیکری پێش خەوتن .............................. ١٢٨

نزاو پاڕانەوە .................................................... ١٣٣

وتەیەکی بەنرخی ئیبن و کەسیر ............................... ١٣٩

قورئانی پیرۆز باسی ماددەی "یسألونك لە چەندین شوێن ئەکات........................................................... ١٤٨

وە یەکێك لەو کردەوە مەزنانەی کە نزیکخەرەوەیە بۆ لای خوای گەورە لە مانگی ڕەمەزان" ئەویش "بەخشینە" ............... ١٥٦

وتەیەکی بەنرخی مەکحولی تابیعی (رضي الله عنه) ......... ١٦٦

وتەیەکی بەنرخی ئیمامی عبد القادر گەیلانی (قدس سره) وە تێبینی سەید ئەحمەدی ریفاعی (قدس سره) لەسەر وتەکانی ئەو ..... ١٦٩

وەسیەتی دانەر بۆ دۆستانی خوای گەورە .................... ١٧٠

ناوەڕۆك ........................................................ ١٧٣